WARVIN.ORG




خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر. لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر. تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین. بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

سکرتێری نووسین. ئەرسەلان رەحمان arsalan.rahman@yahoo.com

راوێژکاری یاسایی. فەوزیە فەقێ رەشید

راوێژکاری دەروونی. د. توانا عەبدولڕەحمان

ئامەد: دیلار سەولەدار قامیشلۆ: لاڤە خالید

بەغدا: حەلا ناسر دوبەی: سەنا کوردی

بەڕێوەبەری کارگێڕی

ڕێباز عەبدوڵڵا

07504624506

ناونیشان: هەولێر – شاری خەونەکان

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:


mob: 07504624506

Normal: 0662647813

محەمەد عەبدوڵڵا: 07507460824

warvin.press@yahoo.com

# ئافرەت و بەشداری سیاسی



عەدالەت عومەر*

## بەشی یەکەم

دەتوانین بڵێین پێکهاتەی کۆنی کۆمەڵگا لەسەربنەمای دابونەریتی ماوەبەسەرچوو لەناخ و مۆخی بیروڕای مرۆڤەکان ڕێگرێکی جیدییە بۆبەدەستهێنانی مافەکانی ئافرەت. ناکرێت ئەم چوارچێوە گشتییە باوە لەبەرچاونەگرین، کە ئەو ژنانەی لەئاستی خوارووی کۆمەڵگادا دەژین ناتوانن بەراشکاوی داواکارییەکانیان بخەنەڕوو، بەڵام دەبێ بەبەدەستهێنانی زانیاری لەهەوڵی بەردەوامدابن تا مافەکانیان داوا بکەن، چونکە ئەگەر گۆڕانکاری ریشەیی لەکاملکردنی خۆیان دروستنەکەن، هیچکات ناتوانن لەگەشەکردن و پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵ بەشداربن.

ئەگەر بەشداری لەکاروباری سیاسی بەمانای بەئاگابوون لەبواری سیاسی و بەشداربوون لەبەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا بێت، بەشداری سیاسی گەورەترین چالاکی کۆمەڵایەتییەو بەبناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی دێتە هەژماردن، ئاساییە ئەگەر بڵێین بەشداری سیاسی مافی هەموو کەسێکەو بەشداری سیاسی ئافرەتان پڕبایەخە لەبەرئەوەی ناعەدالەتی و نایەکسانی کەمدەکاتەوەو ڕێڕەوێکی گونجاو بۆ پێشکەوتن و ئاشتی بەردەوام دروستدەکات.

دەرچوون لەبازنە داخراوەکان و لابردنی هەموو ئەو بەربەستانەی کە وەک دیوارێکی بەرز لەبەرامبەریان ڕێگای گەیشتن بەئامانجەکانیان دەستەبەردەکات، بێتوانابوونی ئافرەت لەناوەندە زانستییەکان ڕەتکراوەتەوەو لەبەرژەوەندی کۆمەڵگەدا نییە، چونکە ئیفلیجکردنی نیوەی کۆمەڵ ڕێگای گەیشتن بەپێشکەوتن گەلێک دژوار دەکات، ئەمڕۆ جیهان وەک گوندێکی بچووکی لێهاتووە، گرفتەکانی ئافرەت چارەسەرێکی گشتگیری دەوێت. ئاشکرایە نیوەی دانیشتوانی زەوی مێینەن. ئەگەر داڕێژەرانی سیاسەت نەتوانن پێگەی ژن لەبنیاتنانی ستراتیژی بەشێوەیەکی ستاندارد ڕێکبخەن، هیچکات ناتوانن ڕێگای پێشکەوتنی هەمەلایەنەوبەردەوام بەدەستبێنن.

بەشداری ئافرەت لەسیاسەتدا یەکێک لەپێناسەکانی گشتی پێشکەوتنە، هەروەک سکرتێری گشتی نەتەوەیەگرتووکان لەگوتەی ساڵانەیدا گوتی **«دەزانین ئاشتی بەبێ پێشکەوتن نایەتەدی، هەروەها پێشکەوتنیش بێبەشداری ئافرەت نایەتەدی»**.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین سەرەکیترین ڕێگرەکانی بەردەم بەشداری سیاسی ئافرەتان لەچەندین فاکتەری سەرەکی وەک نادادپەروەری و هەژارو بچووککردنەوەی کەسایەتی ئافرەت و بوونی بیروڕاو باوەڕی دژ بەیەکی کۆمەڵگاو نەبوونی سیستەم و ستاندارد ببینینەوە.

ئافرەت لەکۆمەڵگادا بەشێوەی تەندروست لەڕێڕەوی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی نوێدا نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین بەجیهانیبوون و پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە هۆکاری هۆشیاربوونی ئافرەتەو دیارە ڕۆژبەڕۆژیش داواکارییەکانیان ئاستێکی دیکە بەخۆیەوە دەبینێت. بۆیەش نایەکسانی ڕەگەزی لەسەر بنەمای باوەڕەکانی دەمارگرژی لەدژیان وەک پەروەردە، فێرکاری، تەندروستی، بایەخدان بەکارو مافی تاک و گشتی و ڕەگداکوتینی جیاکاری ڕەگەزی لەشوێنە جیاجیاکان لەکێشەو گرفتەکانی دیکەی کۆمەڵی ئافرەتانە.

بەمێینەبوونی هەژاری لەجیهان یەکێک لەگەورەترین کێشەکانی سەردەمە، بەهۆی کەمبوونی ئاستی بەشداری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەتانەوە لەجیهاندا زیاتر لە ٣/١ میلیارد مرۆڤ لەهەژاری تەواودا دەژین کە ٧٠٪ ئافرەتانن. بۆیە دەبێ یەکسانی ڕەگەزی لەقۆناغەکانی لەناوبردنی هەژاری زیاتر بایەخی پێبدرێت. ئەمڕۆ لەهەرێم ئافرەتان بەهۆکاری جۆراوجۆر بەتایبەتی ئەنفال و کیمیاباران و کارەساتە یەک لەدوای یەکەکان، دووچاری بێسەرپەرشتیاری خێزان بوونەتەوە. بۆیە زۆربەیان شانبەشانی پیاوان بۆ بەڕێوەبردنی ژیان کار دەکەن. ئافرەتان توانیویانە لەئاستی وەزیر، ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و فەرمانبەر لەدامودەزگاکا حکوومی و ناحکوومییەکاندا ڕۆڵیان هەبێت، بەڵام ڕۆڵێکی سیاسی کارایان لەداڕشتنی ستراتیژی وڵاتدا نییە. چونکە لەکۆمەڵگای ئێمە گەورەترین دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن بەدەست پیاوانەوەیە، تائێستا یاساکانی مەدەنی بەشێوازی پیاوسالارانە دەنووسرێن، بەهۆی کاریگەری پەروەردەی پیاوسالاری زاڵبوو بەسەر بیرو هزری کۆمەڵگەدا ئافرەتان لەسەرۆکایەتی حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێم پلەو پایەو پێگەی بەبایەخیان نییە لەبواری سیاسیش ئافرەتان لەدەستەی سەرکردایەتی حزبەکان کەمن، یان ئەگەر هەبێت، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لەبڕیارەکان یان بەشداریکردن لەکۆبوونەوەی نێوان حزبەکان یان سەرکردایەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، ئەگەر بمانەوێت بەشێوازی دیکە ئەم باسە بخەینەڕوو دەبێ بڵێین ئافرەتانی ئێمە دەتوانن پاڵپشت بەتواناکانی خۆیان تاپلەی ناوەند برۆن، بەڵام گەورەتر بوون بۆ پلە بەرزەکانی سەرکردایەتی پشت بە خێڵ، عەشیرەت، بنەماڵە، پلەوپایەی پێشووی کەسووکاریان دەبەستێت نەک بە لێهاتوویی، شارەزایی و ماندووبوون.

بەشداری ئافرەتان لەکاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی نیشاندەری پێگەیشتنی بیروهزریانە بۆ ئەمکارەش دەبێ ئافرەتان خۆیان ئامادەیی تەوایان هەبێت، لەماوەی ساڵانی ڕابردوو ئافرەتان بەرێگای خۆدەوڵەمەندکردن بەزانست، تەکنیک و تاکتیک گۆڕانکاری زۆریان لەبواری جۆراجۆر بەدەستهێناوە کە ناکرێت چیتر لەبواری سیاسی پەراوێزبخرێن. بەگوێرەی پرۆگرامی پێشکەوتنی مرۆیی ئاوەدانکردنەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠٠١ بەدواوە پێشکەوتنێکی زۆر لەبواری کارو بایەخدان بەئافرەتان ڕەخساوە، بەڵام نەتوانراوە تائێستا لەبواری سیاسی ئاستێکی باوەڕپێکراو بەخۆیەوە ببینێت.

---

* پسپۆڕی بواری ئەنفال و بێسەروشوێنەکان

www.pnetewe.com

# مەلا بەختیار بۆ وارڤین:

# هەندێ سەرکردەی کورد لەسەر خۆشەویستی کچ و کوڕی کوشتووە



فۆتۆ: رەفیق شوکری

**وارڤین – تایبەت:**

بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەلا بەختیار، جگە لەکاری سیاسی خاوەن کۆمەڵێک بابەت و کتێبی فیکری و رۆشنبیرییە. هەمیشە وەک سیاسییەک لەپرس و بابەتەکاندا رای تایبەتی خۆی هەبووە. لەدیمانەیەکی تایبەتی وارڤیندا ئاماژەی بەهۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان کرد و بەشێک لەمانەوەی ئەو کەلتوورەی بۆ کەمتەرخەمی حکوومەت و خودی ژنانیش گەڕاندەوە.

**وارڤین: سەرچاوەو هۆکارەکانی توندوتیژی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا چین؟**

– **مەلا بەختیار:** یەکێک لەهۆیە سەرەکییەکانی توندوتیژی ئەوەیە کە وڵاتەکەمان، تەنانەت ناوچەکەشمان، شۆڕشی پیشەسازی و قۆناغی رۆشنگەری و ئایینسازی بەخۆیەوە نەدیوە. کاتێک بەسەر گواستنەوەی پیشەسازی و سەرمایەداری کەوتووین و ئاشنابووین بەفکرو سیستەمی دیموکراسی، پێشینەیەکی بەیارمان لەعەقڵانیەت، فکر، فەلسەفەو پیشەسازیدا هەبووە، ئەوانە بێگومان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێکهاتەو بیرکردنەوەی کۆمەڵ دەبێت. بەپێچەوانەوە، هەموو ئەو وڵاتانەی کە قۆناغەکانی گەشەکردنی پیشەسازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، فکری، سیاسی و سیستەمی ئیدارییان تەواوکردووە. ئەو ژیانە پێشکەوتووە، پەیوەندی ژنو پیاوی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرێتی و سەربەستی ژن گۆڕیوە. بۆیە، توندوتیژی بەمانای هەڵاوێردنی رەگەزی لەو وڵاتانە نەماوە. ئەوەش هۆکاری یەکەم و سەرەکییە. هۆکاری دووهەم، کاریگەری ئایین، مەزهەب، عەقیدەکان و خراپ مامەڵەکردنە لەگەڵیان، لەچۆنیەتی تێڕوانینیان بۆ ژن، ژن و مێردایەتی. لەرۆژئاوادا، کۆمەڵ فەلسەفەی دانراو رێکیخستووە. لای ئێمە فەلسەفەی میتافیزیکی کۆمەڵایەتی سەپێنراوی چوارچێوەی کەلتوورو نەریتەکەی داکوتاوە. ئەمیش یەکێک لەهۆکارە گرنگەکانە. لای ئێمە مرۆڤی دواکەوتوو، لەروانگەی ئایینەوە تەسکبینانە پرسی رەوشت، ژن و مێینە لێکدەداتەوە. پرسی شەرەف کراوەتە سەربەرزی مرۆڤ یان بەپێچەوانەوە. شەرەفیش لە٩٥٪ی وابەستەی ژن کراوە. گەر لەبنەماڵەیەکدا (١٠) نێرینەی بێڕەوشت هەبێ، بنەماڵەکە سەرشۆڕ نابێت، بەڵام کچەکەیان دڵداری بکات خۆیان بەسەرشۆڕ دەزانن. ئەوەش پێوەرێک لای پیاوی دواکەوتوو دروستدەکات کە هەموو جۆرە لادانێک لەو پێوەرەی کە خۆی هەیەتی، وەڵامدانەوەکەی توندترین سزایە. هەر بۆنمونە: ئێستاش ئەو ناوچانەی لەرۆژئاواو رۆژهەڵاتدا، لەسەدەکانی ناوەراست خەلافەتەکان حوکمی کردوون، ئێستاش ئاسەواری دواکەوتوویان تێدایە. ژن وەک ناوچەکانیتری رۆژئاوا سەربەست نییە. وەک: ئەندەلوس، هەندێ ناوچەی هەنگاریا، بولگاریا، یۆنان، قوبرس..تاد. هۆکاری سێهەم، ئەوەیە کە ئەحزابی سیاسی و تێکڕای رێکخراوە مەدەنی و روناکبیرانی هەرێمی کوردستان، نەپێش راپەڕین و نەدوای راپەڕین، وەک پێویست لەپەروەردەکردنی خەڵکدا نەیانتوانیوە گۆڕانکارییەکی گەورە لەزیهنیەتی خەڵکدا بکەن. چەندین سەرکردەی مارکسی هەن لەناو شۆڕشدا لەسەر دڵداری، خۆشەویستی و ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر کچ و کوڕیان کوشتووە.

www.netewe.com



ئێمە ئەگەر بمانتوانیایە تەنیا کادرو ئەندامەکانی خۆمان لەو عەقڵیەتە دووربخەینەوە ڕەنگە ئێستا ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو توندوتیژییە نەمابا. لەبەرئەوە ئەگەر شۆڕشگێڕێتی لەزۆر شتدا باوی نەمابێت، لەدژایەتیکردنی توندوتیژیدا بەرامبەر ژن، ڕەوایەتی خۆی ماوە. حزبە سیاسییەکان هەتا ئەوانەی کە لەمێژووی خۆیاندا شۆڕشگێڕیش نەبوون، ئێستا لەو بابەتەدا پێویستە شۆڕشگێڕبن. بیریشمان نەچێ کەوا توندوتیژی دژ بەژنان، چەندە پەیوەندی بەپیاو و بەمێژوو و سیستەمەوە هەیە. بەشێکی گرنگیشی پەیوەندی بەخودی ژنەوە هەیە. لەکوردستاندا ژن مافی یەکسانی و دیموکراسی وەک پێویست نییە. مافی کۆمەڵایەتی نییەو سیستەمی باوکسالاری حوکمرانە. باوکسالاری کۆمەڵایەتی، خێزان، ئایین، مەزهەب، حزب. جگە لەوەی کە جیاوازییەکی زۆر لەمافە ئابوورییەکانی ژن و پیاودا هەیە. هەموو ئەوانە تائێستا بزووتنەوەیەکی فیمینیزمی کۆمەڵایەتی دیموکراسی لەکوردستان دروستنەبووە.

**وارڤین: پێتوانییە کاریگەری سیستەمی سیاسی دەسەڵاتی وڵات نییە، کە تائێستا ئەو بزووتنەوە بەرفراوانە دروستنەبووە؟**

– **مەلا بەختیار:** ئەسڵەن بزووتنەوە فیمینستە دیموکراسیخوازەکان، لەبەرامبەر سیستەم و کۆمەڵدا رادەبن. بۆچی لەسەر سیستەم وەستاوە؟ تاسیستەم خراپتربێت، دەبێ بزووتنەوەی فیمینیزمی دیموکراسی بەهێزتربێت. ئەگەر سیستەم مافەکانی بدات، بزووتنەوەی فیمینیزمی پاساوی چییە بۆ دروستبوون؟

**وارڤین: ئاخر زۆرینەی ڕێکخراوەکانی ژنانیش وابەستەی حیزبێکی ساسین؟**

– **مەلا بەختیار:** سیستەمی ئیداری و حزبی بەشێک لەو ئۆباڵەیان لەسەرشانە. بەڵام ئەو دوو سیستەمە هەریەک بەقەد خۆی، تاخراپترین دەبێ بزووتنەوەی فیمینستی دیموکراسی بەهێزتر بێ، نەک لاواز. ئەگەر رەخنەم لەژنانی کورد هەیە، ئەوەیە کە بۆ بەرامبەر بەو خراپییە، وەک پێویست هۆشیارنین و کاردانەوەیان نییەو خەبات ناکەن؟

**وارڤین: پەیوەندی ئیسلامی سیاسی لەبرەودان بەتوندوتیژی، بەتایبەت پرسی ئازادی ئافرەت چۆن شرۆڤە دەکەی. بۆ نموونە، هەندێک لەو مەلایانەی کەلە مزگەوتەکان وتار دەدەن، ڕێگەیان پێدەدرێت لەمیانەی وتارەکانیاندا بەتوندی هێرش بکەنە سەر ژن؟**

– **مەلا بەختیار:** لەوشوێنەی کە یاساو دەستووری هەمیشەیی هەیە، دەبێ دەستوور حاکم بێت. دەستوور چەند مافی بەشەرع و ئەحکامە شەرعییەکان داوە، دەبێ لەمزگەوت، دادگاو ناو کۆمەڵیش ئەوەندە کاری پێبکرێت. هەر پیاوێکی ئایینی لەو چوارچێوەیە دەرچوو، بەرامبەر یاسا بەرپرسیارە. هەر زانایەکی ئایینی کە بەپێچەوانەی دەستوور، کە رایگشتی لەسەر دراوە، ئاراستەی ئایینی بڵاوبکاتەوە، دەبێت وەزارەتی ئەوقاف بەپێی یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات. پێموایە پیاوی ئایینی ئەگەرنەتوانێ توندوتیژی کەمبکاتەوە، نابێت فەزای توندوتیژی بەهێزبکات. کاری پیاوی (چونکە ژنە مەلا یان مەلای ژن نییە) ئایینی لەم سەردەمەدا ئەوەیە، کە لێبوردەیی و خۆشەویستی دروستبکات و توندوتیژی لەکۆمەڵدا کەمبکاتەوە. ئاراستەکانی مزگەوت و زانای ئایینی پێویستە بەعەقڵانیانە ڕێبازی ئایینی بەکاربێنن. دەبێ فشار بۆ ئەوە بەرن، کە توندوتیژی کەمبکەنەوەو وا بکەن ئیمانداران شەرم بکەن بەپێوەری ئایینەوە کاری نابەجێ بەرامبەر بەژن ئەنجامبدەن.

**وارڤین: ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف ئەوەی نەکرد ئەرکی کێیە بەدواداچوون بکات؟**

– **مەلا بەختیار:** ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف نەیکرد، ئەرکی پەرلەمان و وەزارەتی دادە، لەو بابەتانە بپێچێنەوە. هەروەها ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنانە ئەو بابەتە بەجیدی وەربگرن و نەهێڵن پیاوی ئایینی و غەیری ئایینیش پێچەوانەی دەستور، یاساو ڕێسا رەفتاربکەن. بۆچی کچان بۆ ئەوەی دوای دەرچوون لەزانکۆ خۆپیشاندان بۆ دامەزراندن دەکەن و هەقیانە، ئەی بۆ سەدانهەزار ژن بەرامبەر ستەمکاری کۆمەڵایەتی و باوکسالاری دواکەوتوو، ژن بەژن، چوار ژنە، خەتەنە، دابوونەریتی دواکەوتوو، نەخوێندەواری و توندوتیژی ئاوا کەمتەرخەمن؟

**وارڤین: ماوەیەک هێزە ئیسلامییەکان لەشارێکی وەک هەولێر تێزابیان بەقاچی ئەو ژنانەدا دەرشت، هەرچەندە ئێستا ئەوە نەماوە، بەڵام توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەت هەر ماوە. ئایا واتای ئەوەنییە کە توندووتیژی دژ بەئافرەت ڕەگێکی قووڵی لەکەلتووری کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، نەک دروستکراوی هێزی سیاسی بێت؟**

– **مەلا بەختیار:** لەوەڵامی ئەوپرسیارەدا حزبایەتی دەکەم. پێموایە ئەگەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٤دا لەسەلەفیەتی چەکداری نەدابایەو شەڕی سەلەفیەتی چەکداری نەکردبا، تائێستا باروودۆخی هەندێ لەشارەکانی کوردستان لەغەزە خراپتردەبوو. ئەوە کەلتووری ئەوان بوو کە هیچجۆرە هەناسەیەکی ئازادی قبووڵنەدەکرد. هەندێکیان دەیانویست لەسەر شەقامەکان دادگای شەرع دابنێن و لەسەر ئازادی خەڵک دادگایی بکەن.

**وارڤین: بەڵام ئێستاش توندوتیژی هەرهەیە؟**

– **مەلا بەختیار:** توندوتیژی هەر ماوە بەڵام تێزاب نییە. تێزاب پێداکردن خەریکبوو ببێت بەدیاردەیەک کە ژن نەیدەوێرا بێتە سەر جادە. سووتاندنی ئارایشتگاکان وای لەژنان کردبوو، نەوێرن رووبکەنە ئارایشتگا. سەر رووتکردن خەریکبوو ببێت بە ترس و بیم لەبەرچاوی خەڵک. ئەمە سەلەفیە توندڕەوەکان و وایاندەکردو ئێستاش بەردەوامن. ئێستا توندوتیژی لێرەولەوێ هەیە، بەڵام نەبووە بەباو، هەموو وڵات و کۆمەڵی نەگرتووەتەوە.

**وارڤین: لەکوردستان کوشتن بەبیانووی شەرەف بەتاوان دانراوە. بەڵام ئەوە نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم ژنکوشتندا. ئایا یاسا بەبێ زەمینەخولقاندن دەتوانێ ڕۆڵی خۆی هەبێت؟**

– **مەلا بەختیار:** من باوەڕناکەم ژنکوشتن زیادی کردبێت. بەرێژە بیسەلمێنن قبوولمە. بەڵام بڕواناکەم ژنکوشتن لەپێش یاساکە کەمتر

www.nefel.com

بوویێت.

**وارڤین: بەگشتی فەلسەفەی حوکمڕانی لەکوردستان بەهەموو حزبەکانەوە بگرە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) لەبارەی پرسی ئافرەت و کێشەو مافەکانی جێگای ڕەخنەیەو هێشتا خۆیان لەپرسی دین و عەلمانیەتدا یەکلاییەکردووەتەوە. بەشەرمەوە بەرەورووی ئایین دەبنەوە. بەڕای ئێوە چارەسەر چییە؟**

– **مەلا بەختیار:** لەهەر وڵاتێکدا دەستوور، یاسا دانراوەکان، یاسای ئاراستەکردنی ژیانە. نەک یاسای ئایدیالیستی و میتافیزیکییەکانی بنەماو پێوەری تەواوی ژیان بن. بەڵێ سوود لێوەرگرتنی هەیە. بەڵام سەراپا سەپاندنی کەلتوورو شەرعی ئایینەکان هەڵەیە لەم سەردەمەدا. ئێمە لەعێراقدا دەستوورمان هەیەو دەستووریش بەشی زۆری عەلمانییە. بەندێک لەبەندەکانی یاسا دەڵێ **«ئازادی ویژدان لەدەستووری عێراقدا هەیە»**. دەستووری پێشنیازکراوی کوردستانیش بەهەمانشێوە. لەڕاستیدا ڕێژەیەکی زۆری دەستووری عێراق عەلمانییە. حاکمی مەدەنی هەمووی عەلمانییە. بەشی زۆری ئەو قانوونانەیە کە مرۆڤ دایناوە.

**وارڤین: زۆرجار دەگوترێ لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا، ئافرەتی شار لەجلوبەرگ و پەیوەندیدا ئازادتربوون. بەڵام ئێستا سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان لەزۆر بواردا بەرەوپێش چووە، پرسی پۆشینی حیجاب رووی لەزیادبوون کردووە. بەڕای ئێوە هۆکارچییە؟**

– **مەلا بەختیار:** هەموو ئەوانە مەگێڕەوە بۆ دەسەڵات. دەسەڵات مەکەن بەعەلاگەو هەموو شتێکی پیاهەڵواسن. دیاردەی فەندەمینتالیزم یان ئیسلامی سیاسی، (٣٠) ساڵ دەبێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزبووە. لەدوای سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێران و بزووتنەوەی تاڵەبان، لەدوای شکستی ئەورووپای شەرقی و پاشەکشەی فەلسەفەی چەپ لەدنیادا، ئیتر بۆشاییەکی فەلسەفی، فکری و سیاسی گەورە لەڕۆژهەڵات و دنیا دروستبوو. بەڵکو لەسەردەمی دامەزراندنی ئیخوان موسلمینەوە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، جیهادی ئیسلامگەراکان و سەلەفیەکان سەریهەڵداوە. لەڕۆژهەڵاتدا ئەو بۆشاییە لەلایەن زۆرێک لەپیاوە ئایینییەکانەوە پێیانوابوو، بەئایین و سەلەفیەت پڕدەکرێتەوە. لەڕۆژئاوادا پێیانوابوو بە لیبرالیەت پڕدەکرێتەوە کە هەردوکیان هەڵە بوون. ڕۆژئاوا لیبراڵیەتی بەهێزکردو ڕۆژهەڵات فەندەمینتالیزم. ئەوە نەیەکێتیو نەپارتی و نەهیچ هێزێکی سیاسی لەکوردستاندا لێی بەرپرسیارنییە. هەلومەرجێکی سیاسی بابەتی ئەوەی خوڵقاند. ئەمە لەجیهانی مەسیحیەت، جوولەکەو تەنانەت هیندۆسی و بودیشدا هەیە. بەڵام من قەناعەتم هەیە بەهۆی ئەو سیستەمەی کە هەمانە، بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لەدنیا خەریکە دێتەدی و تەکنۆلۆژیاو تەکنیک زۆر بڵاودەبێتەوە. بەهۆی ئەوەوە کە فەلسەفەی خوێندن لەوڵاتی ئێمەدا لەگۆڕاندایە، پێموایێ ڕووبەری خەڵکی پێشکەوتنخوازو عەلمانیخواز زیادی کردووە. تەنانەت ئامارو ڕاپرسییەکان پێماندەڵێن: لەناوەڕاست و خوارووی عێراقیشدا، هێزە ئیسلامگەراکان ڕێژەیان لەدابەزیندایە. ئەمە جگە لەوەی من هەموو حیجابلەسەرێک بەمرۆڤی سەلەفی نازانم. سەیرەکە لەوەدایە، ژنانی دێهاتی جاران، بەشێکیان حیجابیان لەدێهاتەکان لابردووە، لەشاردا لەناو بەشێکی خوێندەواردا زیادی کردووە.

**وارڤین: کەواتە پێتوانییە زیادبووە؟**

– **مەلا بەختیار:** نا من بەوجۆرە نایبینم، پێموانییە ٢٥٪ بێت. بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکیتر جیاوازە. دوو جۆر حیجاب هەیە، حیجابێک هەیە ئایدۆلۆژییە. حیجابێکیش هەیە ڕوحییە. بەشی زۆری سەرپۆشەکانی کوردستان ڕوحین.

**وارڤین: بەڕای تۆ کابینەی ٦ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاچ ڕادەیەک گرنگی بەپرسی ژن داوە. لەکاتێکدا لەشەڵتەرەکان ژن دەهێنرێتە دەرەوەو دەکوژرێن. یان لەناو جەرگەی شاردا عەشیرەتێک هێرش دەکاتەسەر گرتووخانەی چاکسازی و منداڵان. پێویستە حکوومەت چیبکات؟**

– **مەلا بەختیار:** لەئەوەڵەوە باسم کرد کە حکوومەت و حزبەکانیش لەبەرامبەر توندوتیژیدا دەبێ شۆڕشگێڕبن. چی پێویستە بۆبنبڕکردنی ئەو دیاردەیە بەڕەوای دەبینم. پێویستە هەر تاوانێک لەلایەن هەرکەسێکەوە ئەنجامدەدرێت، بەیاسا تاوانبار سزابدرێت. ئەگەر حکوومەت ئەوە نەکات ئەوە کەمتەرخەمە.

**وارڤین: بەڵام ئێوەش بەشێکی گرنگن لەدەسەڵاتی ئەم وڵاتەو دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگتان لەوبوارەدا هەبێت؟**

– **مەلا بەختیار:** من لەناو حزبەکەی خۆمدا بۆ ئەوە خەبات دەکەم. لەناو ڕای گشتیشدا دریغیم نەکردووە. بەرۆکی کەمتەرخەمەکان بگرن، چ لەناو حزبەکان و چ لەناو ڕووناکبیراندا.

**وارڤین: زۆرجار ئەو ژنانەی کە لەریزی حزبەکاندا کاردەکەن. ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. بۆ نموونە: ئێمە کەیسی عەزیمە بابۆلیمان بڵاوکردەوە. کە کادیری پارتەکەی ئێوەبوو. بەڵام ئەو کەیسە پشتگوێخراو یەکێتی ئامادەنەبوو بەدواداچوونی بۆ بکات، بۆیە ئەویش ناچاربوو خۆی لەریزی لەرێکخستنێکی دیکەدا ببینێتەوە. ئێوە لەوبارەیەوە چیدەڵێن؟**


– **مەلا بەختیار:** پێموایە هانابردن بۆ ئەو جۆرە شێوازە دژایەتیکردنە، بۆشکاندنی هەر مرۆڤێک، کاری کەسی بێ مۆراڵە. کاری خەڵکی ڕقاوی و دواکەوتووە. ئەوەی ئەو کارانە دەکات دەشکێ، نەک ئەوانەی دژیان کاری نابەجێ دەکرێ.

**وارڤین: ماوەیەک لەمەوبەر ئێوە سەردانی ئەورووپاتان کرد، بەتایبەت ڕێکخراوی ئینتەرناسیونالی. بەڵام کە دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان هەواڵی کوشتنی ژن دەبیستیت. بەڕای تۆ پرسی ژنکوشتن تاچەند لەڕووی نێودەوڵەتییەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستدەکات؟**

– **مەلا بەختیار:** لەناو هەندێ ڕێکخراو و میدیاو چەپە توندڕەوەکانی ئەورووپادا، بەڵێ ئەوە دەنگی نەرێنی بۆ ئێمە هەیە. بەڵام مانای ئەوە نییە کە سیاسەتی دەوڵەتانی ئەورووپاو نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکان و بانکە جیهانییەکان بەرامبەر بە ئێمە گۆڕیبێت. سیستەمی حزبە گەورەکانی ئەورووپا وایە، کار بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەی قووڵ دەکەن، ئەو جۆرە دیاردەیە، ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی هەیەو پەیوەندی بەسیاسەتی مام جەلال و کاک مەسعودەوە نییە. هەرکەسیش لەڕوانگەی خۆیەوە خەبات بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە دەکات. پێمخۆش نییە ئێوە وابزانن کە لێرە ژنێک دەکوژرێت، هەموو دنیا دەرگا لەتەجروبەکەی ئێمە دادەخات. بیرتاننەچێت ئێستا بازاڕو سیستەم و ئاسایشی کوردستان، سەدان بەرامبەر لەساڵانی پێشوو زیاتر جێگەی متمانەی وڵاتان و کۆمپانیاکانی دەرەوەیە. هەربۆیە (١٨) کونسوڵگەری لە کوردستان و (١١) هەزار کۆمپانیا هەیە.

**وارڤین: بەڵام کاریگەری هەیە.**

– **مەلا بەختیار:** بەڵێ، کاریگەرە، بەڵام بەئەندازەی خۆی.



بەهرە حەمەڕەش

www.netewe.com



## سوننەکان داوای هەرێمێکی هاوشێوەی کوردستان دەکەن

# داهاتووی کەرکوک و موسڵ چی دەبێت؟

**وارڤین - تایبەت:**

پێکهێنانی هەرێمێکی سوننە لەئەنبار، سەلاحەدین و دیالە، بووەتە بیرۆکەیەکی بەرنامەڕێژکراوی سوننییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانیان و داوای هەرێمێکی فیدراڵی دەکەن، لەوبارەیەوە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح بۆ وارڤین دەڵێ **«ئێمە لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا پاڵپشتی و هاوکاری پێکهێنانی هەر هەرێمێک دەکەین»**. هاوکات ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەوەدەخاتەڕوو **«ناوچەکێشەدارەکان لەدەرەوەی ئەو هەرێمە دەبن»**.

### گردبوونەوە

دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٥ جۆزێف بایدن گەورە سیناتۆری ئەوکاتی ئەمریکا پێشنیازی دابەشکردنی عێراقی بۆ سێ هەرێمی سوننە-شیعی و کورد کرد و بیرۆکەکەی بەباشترین شێوەی حوکمڕانی بۆ عێراق هەڵبژارد. لەساڵی ٢٠٠٥ لەکاتی دەنگدانی دەستووردا سوننییەکان دەنگدان بەدەستووریان بایکۆت کردو هۆکارەکەشیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە لەدەستووردا شەرعیەت بەپێکهێنانی هەرێمەکان دراوەو ئەمەیان بەهۆکارێک بۆ دابەشکردنی عێراق لێکدایەوە. بەڵام لەقۆناغی ئێستادا سەرکردە سوننییەکان بەتایبەت ئەوانەی لەنێو پارتی ئیسلامی عێراقی و بەرەی تەوافوقدان بەرنامەڕێژییان بۆ ئەو بیرۆکەیە کردووەو هەوڵی دروستبوونی هەرێمێکی سوننی دەدەن. بیرۆکەی داڕشتنی هەرێمی سوننییەکان بەفەرمی لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار ڕاگەیاندراو ئەمەش کاردانەوەی لەشەقامی سوننی و هەردوو پارێزگای سەلاحەدین و دیالە دروستکرد. بەپێی ئەو زانیارییانەی وارڤین دەستی خستوون، بیرۆکەی داڕشتنی هەرێمێکی سوونی پارێزگاکانی ئەنبار، سەلاحەدین و دیالە دەگرێتەوەو تێیدا پارێزگای ئەنبار پایتەختی ئەو هەرێمە دەبێت. سەرۆک وەزیرانی کوردستان د.بەرهەم ساڵح لەبارەی بیرۆکەی پێکهێنانی هەرێمێکی سوننی بۆ وارڤین گوتی **«پێکهێنانی بیرۆکەی هەرێمی سووننە بەپێی دەستووری عێراق گونجاوە، بۆ هەر ناوچەیەکی عێراق بیەوێ هەرێمی خۆی دروستبکات، هەرێمی کوردستان بەو ئەزموونەی هەیەتی هاوکاری لەچوارچێوەی دەستووردا یارمەتییاندەدات»**. ئەم لێدوانەی سەرۆکی حکوومەت دەریدەخات هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێکهێنانی هەرێمی تره لەعێراقدا.

### هەرێمی سوننە؛ ناوچە دابڕاوەکان لەئیدارەی هەرێم نزیکتر دەکاتەوە

سونییەکان بۆچوونیان وایە بەدروستکردنی ئەو هەرێمە تاڕادەیەک لەعێراق باڵادەستی دەنوێنن و دەبێتە گوشارێکیش تاحوکمی تاکڕەوی شیعییەکان لەعێراقدا نەهێڵدرێت، بەڵام ئەمەی جێگەی پرسیاربێت ئایا ئەو هەرێمە کاریگەری لەسەر ناوچە کێشەدارەکان دەبێت؟ موسڵ دەچێتە نێو ئەو هەرێمەوە؟ تێڕوانینی کورد لەو بارەیەوە چی دەبێت و چۆن لەبیرۆکەی سوننیەکان دەڕوانن.

ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان د. نەجمەدین کەریم بۆ وارڤین دەڵێ کورد پشتگیری لەدروستکردنی ئەوهەرێمە دەکات و کاریگەریشی بەسەر ناوچە کێشەدارەکانەوە نابێت. چونکە سنووری هەرێمەکەیان پارێزگای ئەنبار، سەلاحەدین و دیالە دەگرێتەوە **«بەپێی**



www.netewe.com



دەستوور ناوچە کێشەدارەکانی وەک موسڵ و کەرکوک و شوێنەکانی دیکە شمولی ئەو هەرێمە ناکەن». هەروەها د. نەجمەدین کەریم، وایدەبینێت ئەگەر ئەو هەرێمە دروستبکرێت، دەبێتە هەنگاوێک بۆ یەکلاییکردنەوەی سنووری ناوچە کێشەدارەکان و ئەوکات چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکێشەدارەکان ئاسانتر دەبێت. نەجمەدین کەریم، ئەوەیشی خستەڕوو، پێکهێنانی ئەو هەرێمە کاریگەری لەسەر هەندێ ناوچەی دابڕاوی هەرێمی کوردستانی دەبێت کە بەپرۆسەی عەرەباندن تێپەڕێندراون و رەنگە لەو ناوچانە کاریگەری نەرێنی دروستبکات، بەڵام کورد لەکوردستانیبوونی ئەو ناوچانە سازش ناکات و پشت بەمادەی ١٤٠ و دەستووری عێراق دەبەستێت. هەروەها وایدەبینێت سوننییەکان بەپاڵشتی هێزێکی دەرەکی ئەوکارە ئەنجامدەدەن.

## داهاتووی موسڵ و کەرکووک؟

کوردەکان لەپارێزگای موسڵدا توانییان لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگادا لە ١٦ یەکەی ئیداری ئەو پارێزگایە سەرکەوتن بەدەستبهێنن و حوکمرانی وەربگرن. بەپێی لێدوانی سەرۆکی لیستی نەینەوای هاوپەیمانی کوردستان خەسرەو گۆران بۆ وارڤین، پێکهێنانی هیچ هەرێمێک کاریگەری بەسەر ناوچە دابڕاوەکانەوە نابێت، چونکە ئەو ناوچانە بەپێی ماددەی ١٤٠ سنووری بۆ کێشراوەو دواتر بەپێی سەرژمێری و راپرسی چارەنووسیان دیاری دەکرێت کە سەر بەکامە هەرێمی عێراق بێت. خەسرۆ گۆران، دەڵێ **«موسڵ لەدەرەوەی ئەو هەرێمە دەبێ و دروستبوونی ئەو هەرێمەش وادەکات سنووری ناوچەدابڕووەکان روونتر ببێت و داهاتووی ناوچەکێشەدارەکانیش لەگەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان نزیکتر ببێتەوە»**.

لەلای خۆیەوە بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەلاح مستەفا دەڵێ **«کورد پشتگیری لەپێکهێنانی هەر هەرێمێکتر لەعێراقدا دەکات و ئەمەش بەپێی دەستووری عێراق رێگە دراوە کە ٣ پارێزگا یان پارێزگایەک هەرێمی خۆیان پێکبهێنن، بەڵام دەبێ لەچوارچێوەی بنەماکانی دەستووری عێراقدا بێت»**. ئەو هەروەها گوتی **«کەرکوک و موسڵ و ناوچە کێشەدارەکان لەدەرەوەی ئەو هەرێمە دەبێت، چونکە ئەمانە دەبێ بەپرۆسەی سەرژمێری و راپرسی و هەنگاوەکانی ماددەی ١٤٠ یەکلابکرێتەوە»**. ئەو واینابینێت هەرێمی سوننی کاریگەری نەرێنی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروستبکات، بەڵام هەندێ لەکەسایەتی سوونی بۆچوونیان وایە پێکهێنانی هەرێمێکی سوونە کێشەی ئابووری لەبەردەم دروستدەبێت لەوانە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەحوە ئەحمەد ئەبوریشە گوتوویەتی ئەو بیرۆکەیە بۆ سوننیەکان سەرکەوتوو نابێت، چونکە هەرێمی سوننە ناتوانێ وەک هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بێت. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کەلەو شوێنەی ئەو هەرێمە پێکدەهێنرێت داهاتێکی ئابووری باشی نابێت، تا وەک هەرێمی کوردستان لەپێشکەوتنی خێرادا بێت.

## لیستی عێراقیە دژایەتی ئەو هەرێمە دەکات؟

ئەگەرچی لەساڵی ٢٠٠٥ سوننیەکان دەنگیان بەدەستووری عێراق نەداو هۆکارەکەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە دەستوور شەرعیەتی بەپێکهێنانی هەرێم لەعێراقدا داوەو ئەمەش مانای دابەشبوونی عێراق دەگەیەنێت، بەڵام دوای ٥ ساڵ سوونییەکان بەپاڵپشتی هەندێ لەو وڵاتانەی لەدەرەوە یارمەتیاندەدەن بیریان لەوەکردەوە ئەگەر هەرێمێکی تایبەت بەخۆیان لەنێو عێراقدا هەبێت پێگەی سیاسییان بەرزتر دەبێتەوە. بەڵام هەندێ لەئەندامانی لیستی عێراقیە دژی پێکهێنانی هەرێمێکی سوونین. ئەندامی لیستی ئەلعراقیە عەبدولستار جەمیل، بۆ وارڤین دەڵێ بیرۆکەی پێکهێنانی ئەو هەرێمە دەستێکی دەرەکی وەک ئەمریکاو ئێران و هاوکاری هەندێ لایەنی ناوخۆیی لەپشتەوە ئامانج تێیدا دابەشکردنی عێراقە، بۆیە لیستی عێراقیە دژی ئەو بۆچوونەیە.

## ئەنبارو دیالەو سەڵاحەدین پێداگرن

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەنێو ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبارەوە دزەی کردووە، ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایە کار بۆ سەرخستنی بیرۆکەی بەهەرێمبوونی سوننییەکان دەکات. ئەوان پێیانوایە ئەو هەرێمە وەک هەرێمی کوردستان دەتوانێ پەرلەمان و حکوومەتی خۆی هەبێت، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێک بۆ گردبوونەوەیەکی گشتی سوونی لەعێراقدا. هاوکات هەندێ لەشیعەو سونییەکانی دیالەو سەلاحەدین و ئەنبار پێداگرن لەسەر هەرێمێکی فیدراڵی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان. ئەو بیرۆکەیە وێڕای ئەوەی شەقامی سوننییەکانی گرتووەتەوە، هاوکات بووەتە بەشێک لەناوەڕۆکی پیاوانی پێڕەوی ئایینی مەزهەبی سوننی، لەوانە ئەحمەد زیاب جبوری گوتارخوێنی مزگەوتی عەبدولڕەحمان لەقەزای میقدادیە بەئاشکرا هانی خەڵکیداوە دەنگ بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵی سوننی هەڵبژێرن. کەسایەتی ناسراوی سوونی لەدیالە شێخ عەلی ئەلکروی رایگەیاندووە، ئەوان وەک سوننییەکان وایان بۆ باشترە هەرێمێکی فیدراڵی هاوشێوەی هەرێمی کوردستانیان هەبێت، چونکە بەو شێوەیە دەتوانن پێگەو گردبوونەوەی سونییەکان لەعێراقدا بپارێزن.

www.netewe.com

# چوونی ٥ ژن بۆ سەرکردایەتی پارتی زۆر کەمە

## سەڤاهیر بایندر بۆ وارڤین:

# وەزیری ژنانی تورکیا بەرپرسیاری بریندارکردنی منە

**وارڤین – تایبەت:**
پەرلەمانتاری پارتی ئاشتی و دیموکراسی شێرنەخ سەڤاهیر بایندر هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ١٣ گۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانی پیرۆز کرد رەخنەی لەهەڵبژاردنی تەنیا ٥ ژن بۆ سەرکردایەتی ئەو پارتە گرت و گوتی: **«هەڵبژاردنی ٥ ژن بۆ سەرکردایەتی پارتی زۆر کەمە»**. ئەو هەروەها لەپرسی بریندارکردنی خۆیدا وەزیری ژنانی تورکیای بە بەرپرسیار زانی و گوتی: «**سەلما کەواف سەردانی نەکردووم و لەبارەی ئەو پۆلیسەیشەوە کە بریندار کردووم هیچ لێدوانێکی نەداوەو سەرکۆنەی نەکردووە**».
ئەو پەرلەمانتارە کە سێ مانگ لەمەوپێش لەسیلۆپی لەئەنجامی هێرشی پۆلیسدا بریندار بوو و ئێسکی پاژنەی شکا، پاش نەشتەرگەری هێشتا رەوشی تەندروستی باش نییە. بایندر تائێستاش بەگۆچان بەرێدا دەچێت. ئەو بۆ یەکەمینجار بەگۆچانەکەیەوە هاتە پەرلەمانی تورکیا و بەتوندی قسەی کرد.
ئەو پەرلەمانتارە کوردە وەزیری ژن و خێزانی تورکیا (**عالیە کەوافی**) وەک بەرپرسیاری «**بریندابوونی خۆی**» نیشاندا و لەبارەی ئەو پرسەوە بەوارڤینی راگەیاند: «**من پەرلەمانتارێکی ژنم، ئەویش لەپرسی ژناندا بەرپرسیارە. بەڵام تائێستا هیچ دڵخۆشییەکی منی نەداوەتەوە. سەردانی نەکردووم و لەبارەی ئەو پۆلیسەیشەوە کە بریندای کردووم هیچ لێدوانێکی نەداوەو سەرکۆنەی نەکردووە. کەواف، لەبەرئەوەی ئێمە خۆپیشاندانمان کردووە لێدانەکەمان بەحەق دەزانێ. ئەڵبەت لە تورکیا قانوونێک هەیەو بێئەوەی مرۆڤ مۆڵەت وەربگرێ دەتوانێ خۆپیشاندان و چالاکی بکات. بەڵام ئەوەندە قانوونەش جێبەجێ ناکەن**».
بایندر، گوتی: «**وەزیرێک کە نەتوانێت مافی پەرلەمانتارێکی ژن بپارێزێ، ئەی چۆن دەتوانێ مافی ژنانی بەشخوراو بپارێزێت؟**». سەڤاهیر، وەها درێژەی بەقسەکانی دا: «**من وەک ژنێکی کورد لە تێکۆشانی ماف و ئازادیدا بەرەورووی توندوتیژی بوومەتەوە. ئەگەر لەوڵاتێکی دیکە پەرلەمانتارێک لەلایەن پۆلیسەوە بریندارکرابایەت، وەزیری ناوخۆ دەستی لەکار دەکێشایەوە. لەتورکیا هەرجۆرە دەستدرێژی و ناحەقییەک لەدژی کورد وەک مافێکی سروشتی دەبینرێت**».



سەڤاهیر بایندەر، لە پەرلەمان رەخنە لە حکوومەتی تورکیا دەگرێت

سەڤاهیر، هەروەها لەبارەی بڕیاری بەکارهێنانی «دوو زمانی» پارتی ئاشتی و دیموکراسییەوە بۆچوونی خۆی بۆ وارڤین دەبڕی، هەم پێماندەڵێن (سیاسەت بکەن) هەمیش زمانەکەمان وەک زمانێک کە لێیتێناگەین رادەگەیەنن. تەرەتەشەش ٢٤ کاتژمێر بەکوردی وەشان دەکات. دەبێ مرۆڤ ئەو ساختەکارییە نیشانبدات. ئێمە هەوڵدەدەین دژ بەو کەسانە بوەستینەوە کە نکۆڵی لە زمانەکەمان دەکەن. ئێمە هەرگیز دەست لەزمانی خۆمان هەڵناگرین و لەهەموو شوێنێکیشدا بەکاریدێنین.
بایندر، هەروەها پێشکەوتنەکانی ناو کۆنگرەی پارتی هەڵسەنگاند و گوتی کە هەڵبژاردنی ٥ ژن بۆ سەرکردایەتی ئەو پارتە زۆر کەمە. ئەو گوتی: «**خۆزگە کۆتایەکی زیاتر بۆ ژنان دانرابایەت. هاوکات ئەو بڕیارەی کە کەسانی دوو ژنە ناتوانن ببنە ئەندامی پارتی گەلەک گرنگ و ئەرێنییە. هیوادارم ئەو بڕیارانەی کە وەرگیراون لە پەرلەمانیشدا رەنگبدەنەوەو ژنانیش بەشێوەیەکی راستەقینە وەک پیاوان لەبواری مافەکاندا یەکسان بن**».



www.netewe.com

## گوتەبێژی پارتی ئاشتی و دیموکراسی:

# ئۆتۆنۆمی دیموکراتیک پرۆژەیەکی ژنانەیە



**وارڤین – ئامەد:**

**گوتەبێژی ئەنجوومەنی ژنانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی شوکران دیکمەن، رایگەیاند کە زەواج ژنان دەکاتە کۆیلە. ئەو هەروەها بەجێی زەواج مۆدێلی «خێزانی دیموکراتیکی» پێشنیار کرد.**

**وارڤین: بۆچی ژنانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی دەوڵەت رەتدەکەنەوە؟**

– **شوکران:** دەوڵەت ئامێری بچووککردنەوەو ژێردەستەکردنی گەلانە. گەلان لەنێودەبات، سەرکوتیان دەکات. ئێمەی کورد دەڵێین، پێویستە لەم سەدساڵەی دواییدا بۆچوونێکی جیاواز پێشبخەین. بەجێی دەوڵەت ژیانێک کە هەموو کەلتوور، رەنگ و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا بتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە دەخوازین. نامانەوێت هیچ ناسنامەو کەلتوورێک بزر ببێ و ناسنامەیەک زوڵم لەناسنامەیەکی دیکە بکات. ئێمە بەو دەستەو بۆچوونە دەڵێین **«کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک»** یانیش **«ئۆتۆنۆمی دیموکراتیک»**.

**وارڤین: لەناو ئۆتۆنۆمی دیموکراتیکدا داواکارییە سەرەکییەکانی ئێوە چین؟**

– **شوکران:** داواکاری هەرەسەرەکیمان خۆبەڕیوەبردنە. بەپێی ئەو شێوازە هەرێمەکان لەلایەن دانیشتووانیانەوە بەڕێوەدەبرێن. کورد، تورک، عەرەب، چەرکەز، ژن، گەنج و منداڵ بەشێوەیەکی ئازاد هەموویان دەتوانن خۆیان لەناو ئەم سیستەمەدا ببیننەوە.

**وارڤین: لەناو ئۆتۆنۆمی دیموکراتیکدا داوای چی بۆ ژنان دەکرێت؟**

– **شوکران:** ئۆتۆنۆمی دیموکراتیک بەتەواوەتی پرۆژەیەکی ژنانەیە. ئەو سیستەمە لەسروشتی کۆمەڵایەتی، یەکسان و دادخوازی ژندا هەیە. بۆیە بەڕای من ئۆتۆنۆمی دیموکراتیک شێوازی بەڕیوەبردنی ژنانەیە. ئێمەی ژن بەهەموو شێوەیەک خاوەندارێتی لەو پرۆژەیە دەکەین.

www.netewe.com

**وارڤین: پەیوەندی ژن و زمانی دایک چۆن دەنرخێنی؟**

– **شوکران:** ژن یەکەمین پەروەردەکار و مامۆستان. چونکە یەکەم پەروەردەیی لەمنداڵییەوە دەستپێدەکات و هەر ژنێکیش مامۆستای منداڵەکانی خۆیەتی. لەنێوان ژن و زماندا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە. ئەوانەش کە زمانی دایک زیندوو و نۆژەن دەکەنەوە هەر خودی ژنانن. لەبواری زماندا باری ئێمە قورسەو بەرپرسیارێتیمان گرانە. پێویستە ژن بۆ هەڵگرتنی ئەو بارە بەردەوام خەبات بکەن. بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی پەروەردەیی، ئابووری، کەلتوور، سیاسەت، بازاڕ و تەواوی ژیان، دەبێ ژن لەهەموو شوێنێک زمانی کوردی بەکاربێنێت و مرۆڤەکان هانبدەن بۆ قسەکردن، نووسین، فێربوون و پێشخستنی زمان.

**وارڤین: ئەگەر دەوڵەت پەروەردەیی بەکوردی قبووڵ نەکات، ئێوە چیدەکەن؟**

– **شوکران:** بەپێشەنگایەتی تەڤگەری زمان و پەروەردەی کوردی ٥ ڕۆژ قوتابخانەکان بایکۆتکران و منداڵ نەچوونە قوتابخانە تورکییەکان. ئەوە دەستپێکێک بوو. لەبەرئەوەی دەوڵەت پەروەردەی کوردی قبووڵ ناکات و دیاریشە ماوەیەکی درێژ لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوام دەبێت. بەڵام لەو شوێنەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی سەرکەوتووە، ئێمە ئەلتەرناتیڤ دادەمەزرێنین. بەشێوەیەکی بەرچاو قوتابخانەی کوردی دەکەینەوە. ئێمە بەهەموو سەرمایەدار و دوکاندارەکان دەڵێین تابلۆکانیان کە بەتورکی نووسراوە داگرن و بەجێی ئەوە بەکوردی لەسەری بنووسن و هەڵیواسنەوە. ئێمە لەپراکتیکدا ناوی گوندو شارەکان بە کوردی بەکاردێنین. بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەسیاسەتگەلی ئاسیمیلاسیۆن **(تواندنەوە)** نادەین. بەهەموو توانای خۆمانەوە لەدژی ئەو چەوساندنەوەو زۆرداریيە دەوەستین.

**وارڤین: شارەداری ئامەد عوسمان بایدەمیر داوای ئاڵا و پەرلەمانی بۆ کورد کرد. ئێوەش ئەوە دەخوازن؟**

– **شوکران:** ئێمە دەمانەوێ دەستپێک شێوازی خۆمان دامەزرێنین. ئێمە لەسەر شتی وەها هێمایی و بچووکیش ڕاناوەستین. کاتێک مۆدێلی ئۆتۆنۆمی دیموکراتیک دامەزرا، ئیتر دەوڵەت ناتوانێ ئەو شتانە ڕەتبکاتەوە. ئەگەر زمان، ناسنامەو کەلتووری گەلی ئێمە قبووڵ بکرێت، ئاڵا وەک کێشەیەک سەیر ناکرێت.

**وارڤین: کاتێک مرۆڤ ژن و پیاو لەناو (ب. د. پ) دا بەراورد بکات، تابلۆیەکی چۆن دەبینێت؟**

– **شوکران:** بزووتنەوەی هەرەگەورەی ژنان لەجیهاندا بزووتنەوەی ژنی کوردە. چونکە خاوەن پاشەڕۆژێکی ٣٠ ساڵانەو ڕێبازی خۆی دامەزراندووە. ژنی کورد هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی نەتەوەییدا خەباتی ڕەگەزیش دەکات. بەڕای ئێمە بە بەرێکخستنکردن و ئاگادارکردنەوەی ژنان کۆمەڵگا دەتوانرێ بگۆڕدرێت. ئەگەر نەتەوەکەشمان ڕزگار ببێ، بەڵام لەناو سیستەمەکەماندا هۆشیارییەکی یەکسان و دیموکراتیک نەبێ، لە سیستەمێکیتر دەچین. ئەو کەسانەی کە شۆڕشیان کرد، خۆیان لەناو کۆمەڵگایەکی کۆیلەدا دەبیننەوە. ژنی کورد ئیتر لەهەر چوار پارچەی کوردستان پێشەنگن.

**وارڤین: چ جیاوازییەک لەنێوان پیاوی کورد، تورک و بیانیدا هەیە؟**

– **شوکران:** ڕاستییەکەی ئەوەیە پیاو هەر پیاوە. کورد بێ، پیاوەو تورکیش بێ هەروا. لەبەرئەوەی پیاوە هەڵگری بۆچوونێکی باوکسالارییە. لەپێناو دیموکراسی و شۆڕشیشدا سەریهەڵدابێت هەردەیەوێ دەسەڵاتدار بێت. چونکە نایەوێ دەسەڵاتداری دابەشبکات.

**وارڤین: لەناو (ب.د.پ)شدا لەنێوان ژن و پیاوان شەڕ لەسەر دەسەڵاتداری هەیە؟**

– **شوکران:** ئێمە لەگەڵ هەڤاڵە پیاوەکانی خۆماندا تێدەکۆشین. لایەنەی دەسەڵاتخوازیشیان تێدایە. دەبێ ئەو لایەنانەیان بگۆڕین. ئەو هەوڵدانەی ئێمە بەردەوامە.

**وارڤین: پێکدادان لەنێوانتاندا ڕوودەدات؟**

– **شوکران:** نە، بەڵام موناقەشە دەکەین. ئێمە هەوڵدەدەین کە بەهزر و ڕامانی خۆمان بیانگۆڕین.

**وارڤین: پیاوان لەدژی کۆتای ٤٠٪ ژنان دەوەستنەوە؟**

> بەتێکۆشن، هەوڵدان و ڕێکخستنبوونی ژن ئەو کۆتایەمان بەدەستخستووە. جاروبار ئەوەش لەناو هەڤاڵانی پیاوماندا دەبێتە کێشە،

– **شوکران:** بەتێکۆشن، هەوڵدان و ڕێکخستنبوونی ژن ئەو کۆتایەمان بەدەستخستووە. جاروبار ئەوەش لەناو هەڤاڵانی پیاوماندا دەبێتە کێشە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە ڕێکخستنمان هەیەو تێکۆشانمان بەرزبووەتەوە، پیاو ناتوانن موناقەشەی کۆتا بکەن.

**وارڤین: لەناو دەستەی پارتی ئاشتی و دیموکراسیدا گەی یان لیزبەنێک (هاوڕەگەزبازێک) دەتوانێ ببێتە شارەدار یان پەرلەمانتار؟**

– **شوکران:** بۆ ئەوەی نەبنە شارەدار و پەرلەمانتار هیچ ئاستەنگێک نییە. کۆمەڵگای کورد ئیتر گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە دەتوانێ ناسنامە بندەستەکانی دیکە لەناوخۆیدا بحەوێنێتەوە. ئێمە وەک گەل بندەستین، وەک ژن بندەستین، ئەو کەسانەش لەبەر حەزە ڕەگەزییەکانی خۆیان بندەستن. لەناو سیاسەتی پارتەکەی ئێمەدا، هەموو بندەستەکانی کۆمەڵگا دەتوانن بەرەنگی خۆیانەوە خۆیان ببیننەوە.

**وارڤین: ئەگەر شاعیر و ڕۆشنبیر (موراتان مونگان) بۆ شارەداری سەردانی پارتەکەتان بکات. ئێوە قبووڵی دەکەن؟**

– **شوکران:** دەتوانین قبووڵی بکەین. لەبواری لیزبەن و گەی و بندەستەکانی دیکەدا هیچ کێشەیەکمان نییە. دەبێ ئێمە کۆمەڵگا لەوبوارەدا هەندێکیتر هۆشیار بکەین و ئەوان بەکۆمەڵگا بقەبووڵێنین. دەبێ هەوڵ بۆ ئەوە بدەین.

**وارڤین: لەخۆپیشاندان و ڕێپێوانەکانتاندا**

www.nefelwe.com

**دروشـــمی «ئێمە ناموسی کەس نین، ناموســی ئێمە ئازادی ئێمەیە» بەرز دەکەنەوە. ئەو دروشمە مانای چییە؟**

– **شـــوکران:** ئێمە هەڵمەتەکانی خۆمان بەو دروشـــمە بەردەوام دەکەین. دەبێ ئیتر ئێمە بتوانین دەســـت لە چەمک و تابۆکانی ناو کۆمەڵگا بدەین. لەلای پیاو ژن ناموســـە. واتە کچ و هاوسەرەکەی خۆیـــان وەک نامـــووس قبووڵدەکەن و وەک پارێزەری ناموس دەجووڵێنەوە. لەهەمـــوو بوارێکـــدا ژن بەهـــی خۆیان دەزانن. واتە وەک موڵک سەیری دەکەن. بەو دروشـــمە ئێمە دەمانەوێ بڵێین ژن ناموســـی هیچکەس نییە. ئێمە موڵک نین، ژن خاوەن بیروبۆچوونەو جەستەی ژنیش تەنیا هی خۆیەتی. ئیرادەو حەزی ژن هی ژنە.

**وارڤین: بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، زۆربەی ئەو بەدەپەییانەی کە ژن و کچەکانیان دەنێرنە خۆپیشـــاندان و ڕێپێوانەکان، نایەڵن ژن و کچەکانیان بەتەنیا بچنە بازاڕ و سەیران. بۆچی وایە؟**

– **شوکران:** پێشتر ژنانی کورد نەیاندەتوانی بۆ دابینکردنی پێویستی و داواکارییەکانیان لەمـــاڵ بێنـــەدەرەوە. بەڵام بـــۆ داخوازییە نەتەوەییەکانیش بێ ژن دەتوانن بێنەدەرەوە، دەتوانن بچنە خۆپیشـــاندان و ڕێپێوانەکان. دەتوانـــن دەنگهەڵبـــڕن، داواکارییەکانیـــان بەدەنگێکـــی بـــەرز بڵێنەوە. بەشـــداربوون لەو خۆپیشـــاندانانەدا هەروەهـــا ڕێگەی بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونی ژنان کردەوەو بووە هۆی

**ئێمە موڵک نین، ژن خاوەن بیروبۆچوونە، جەستەی ژنیش تەنیا هی خۆیەتی، ئیرادەو حەزی ژن هی ژنە.**

ئەوەی بتوانن لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆیاندا پەیوەندی بەهێزو بەرفرە دروستبکەن.

**وارڤین: ئەو ژنانەی کە دێنە بەدەپەو هۆشیار دەبنەوە. لەبەرانبەر هاوسەرەکەیاندا تووشی کێشە دەبن؟**

– **شـــوکران:** ئـــەو ژنانـــەی کە بەشـــداری ڕێپێـــوان، خۆپیشـــاندان، ســـمینار، پانێل و سیاســـەت دەبـــن ئیتـــر جیـــاواز دەبن. بەشێوەیەکی سروشتی لەبەرامبەر کەسایەتی مێردەکانیاندا ناڕازیبوونی خۆیان دەردەبڕن. لەگـــەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئـــەو ژنانەی کە هۆشـــیار دەبنەوە، بەشـــێوەیەکی وشـــک لەپیاو نزیکدەبنەوەو بەشێوەیەکی وشکیش ڕەتیان دەکەنەوە. هەندێکیش دروســـتدەبن کە دەیانـــەوێ لە پیاوەکانیـــان جیاببنەوە. هەندێکیان دەڵێن **«من ئەمشـــەو قاپوقاچاخ ناشـــۆم، تۆ دەبێ بیشـــۆی»**. هەندێکیش دەڵێـــن **«من ئەمڕۆ خواردن دروســـتناکەم، تۆ خواردن دروســـتبکە»**، یان **«من ئەمڕۆ مـــاڵ خاوێن ناکەمـــەوە، تۆ دەبـــێ خاوێن بکەیتـــەوە»**. پیاویش دەڵێـــن **«من پیاوم، ژنانەیی خۆت بزانە. خاوەنی هەموو شتێکم، خاوەنی تۆشم»**. هەندێک پیاو لە ژنەکەیان دەدەن، لەماڵ دەریـــان دەکەن. هەندێکیان هاوسەرەکانیان دەنێرنەوە ماڵی باوکیان.



**وارڤین: ئێوە چی بەو ژنانە دەڵێن؟**

– **شـــوکران:** هۆشـــیاربوونەوەی ژنـــان گرنگە. دۆزینەوەی ناکۆکییەکان گرنگە. بەڵام دەبێ ژن بۆ ڕێبازێکی راســـت بۆ تێکۆشـــینەکەیان بەڕێوەببـــەن. دەبێ فێـــری پێکەوەژیان ببن. بـــۆ ئەوەش بەجێی ئەوەی کە **«من دروســـتیناکەم تۆ دروســـتی بکە»** دەبـــێ ڕێبازی **«با پێکەوە دروستی بکەین»** بەکاربێنێت. دەبـــێ ژن بەجێـــی قبووڵنەکردنێکـــی وشـــک، هەوڵبـــدات کـــە پیـــاو لە ژن تێبگەیەنێـــت، لەزەحمەتـــی، ئێـــش و ئـــازاری ژنان تێبگەیەنێ و بتوانێ خۆی بخاتە شوێنی ژن و هاوسۆزییان لەگەڵ بکات. هەروەها ژن دەبێ پیاوان هۆشیار بکەنەوەو بەشێوازێکی گونجاو ڕێکوپێک لەبەرامبـــەر روانگـــەی باوکســـالاری تێبکۆشن.

**وارڤیـــن: ئێـــوە دەکەونـــە کوێـــی فیمینیزمەوە؟**

– **شـــوکران:** ئێمـــە پیـــاو ڕەتناکەینـــەوە. لەجێـــی ڕەتکردنـــەوەی پیـــاو و دەرکردنی ئێمـــە بەروانگەی شۆڕشـــگێڕی و فیمینزنیم هەوڵدەدەین پیاوان بکۆڕیـــن. گۆڕینی پیاو ئامانجی ئێمەیە.

**وارڤین: ئێوە چۆن ســـەیری هاوســـەرگیری دەکەن؟**

– **شوکران:** دەزگای زەواج مۆدێلی دەوڵەتە. چۆن دەوڵەت لەبەرامبـــەر ژن، پیاو، منداڵ و کرێکار دەســـەڵاتدارە، دەزگای خێزانیش لەناو بنەماڵەدا لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە لەنـــاو ماڵدان دەســـەڵات بەڕێوەدەبات. بـــەڕای ئێمە زەواج ژنان دەکاتە کۆیلە. ئێمە پێشـــنیاری مۆدێلی خێزانێکی دیموکراتیک دەکەیـــن. ئێمـــە دەمانەوێ دایـــک، باوک و منداڵ بتوانن بەشێوەیەکی ئازاد خۆیان لەناو خێزاندا ببیننەوە.


دیلار سەولەدار

www.netewe.com

# وێستگەی ئەتۆمی موسڵ مەترسی بۆ کوردستان هەیە

## موسەوی: پێویستە چەمکی بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی لە کوردستان فراوان بکرێت



**وارڤین – هەولێر:**

بریکاری وەزارەتی زانست و تەکنۆلۆژیای عێراق فوئاد موسەوی، دەڵێ کە هەرێمی کوردستان لەژێر هەڕەشەی تیشکە زیانبەخشەکانی دامەزراوەیەکی ئەتۆمی سەردەمی رژێمی بەعسە کەلە سنووری پارێزگای نەینەوا دامەزراوە. موسەوی، هەروەها لەبارەی پێویستی هەرێمی کوردستانیش بەو وزەیە گوتی **«وزەی ناوکی هاتووەتەناو هەموو بوارەکانی ژیانەوەو پێویستە چەمکی بەکارهێنانی ئەو وزەیە لەهەرێمی کوردستان فراوانتر بکرێت»**.

وزەی ناوکی بووەتە جێگرەوەی ئەو وزە سەرەکییانەی کە هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرەو لەجیهانی پێشکەوتوودا بۆ مەبەستی ئابووری و پیشەسازی و دابینکردنی سەرچاوەی وزەی پێویست بۆ هاوولاتییان و لەبوارەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و زانستی بەکار دەهێنرێت.

بەڵام لەسەردەمی رژێمی بەعسدا ئەو وزەیە بۆ مەبەستی سەربازیی و بەکارهێنانی بۆ دژایەتیکردنی وڵاتانی ناوچەکە بەکار هێنراو ئەمەش بەزیانی زۆر بۆ سەر ژینگەی عێراق شکایەوە.

لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن حکوومەتی نوێی عێراق هەوڵەکانی خستووەتەگەڕ لەپێناو سوودوەرگرتن لەو وزەیەو بەکار هێنانی بۆ راژەی مەدەنی.

کۆنگرەی دەهەمی دەستەی عەرەبی بۆ وزەی ناوکی کە هەر دووساڵ جارێک دەبەسترێت، ئەمجارە لەهەولێر سازکرا. ئەوە یەکەمجاربوو کۆنگرەی ئەو دەستە عەرەبیە لە عێراق ساز بکرێت.

لەبارەی رۆڵی عێراق لەو دامەزراوەیەدا بریکاری وەزارەتی زانست و تەکنۆلۆژیا فوئاد موسەوی بە وارڤینی راگەیاند **«عێراق یەکێکە لەئەندامانی دامەزرێنەری ئەو دەستەیە، بەڵام بەهۆی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو نەتوانرا وەک پێویست رۆڵی خۆی لەو دامەزراوەیەدا ببینێت، بەڵام خۆشبەختانە دوای رووخانی رژێم توانرا رۆڵی عێراق بگەڕێندرێتەوە دۆخی جاران»**.

گوتیشی **«لەمیانەی ئەو کۆنگرەیەدا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی بەکارهێنان و پێشخستنی تواناکانی وزەی ناوکییەوە تاوتوێکراون»**.

سەبارەت بەدامەزراوە ناوکییەکانی عێراق ئەو بەرپرسە گوتی **«لەڕاستییدا لە عێراقدا دوو شت لەئارادابوون. یەکەم، بەرنامەی چەکسازیی ناوکی و دووهەم بابەتی وزەی ناوکی، بەڵام لەدوای شەڕی کوەیتەوە ١٩٩٠ و ئەو رووداوانەی بەدوایدا هاتن بەشێوەیەکی گشتی تەواوی دامەزراوە ناوکییەکانی عێراق وێرانکران. ئێستاش کێشەی ئەوەمان هەیە کە ئەو دامەزراوانەی تایبەت بەپرۆگرامی چەکسازییبوون و ئەوانەی تایبەتبوون بە وزەی ناوکی چۆن لەبەریەک هەڵوەشێنینەوەو ژینگە لە مەترسییەکان پاکژ بکەینەوە. بۆیە ئێمە ماوەی پێنجساڵە لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی لەکارداین و توانیومانە هەنگاوی باش بنێیین»**.

سەبارەت بەپرسی دووبارە سوودوەرگرتنەوەی عێراق لەبەرنامەی وزەی ناوکی ئەو بەرپرسە باڵایەی عێراق گوتی **«ئێمە دوو پلانمان هەیە، یەکەم دەمانەوێت ژینگەی عێراق لەپاشماوەکانی بەرنامەی چەکسازی ناوکی**

www.netewe.com

**عێراق پاکژ بکەینەوەو دووهەم ئەو دامەزراوانە بخەینەوەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی تەندروست سوود لە وزەی ناوکی بۆ بواری مەدەنی وەربگرین»**.

ئەو باسی لەوەش کرد کە بەهاوکاری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی و دەستەی عەرەبی بۆ وزەی ناوکی لەهەوڵی ئەوەدان تواناکانی عێراق لەورووەوە پێشبخەن و بۆ ئەو مەبەستە سالانە دەیان لێکۆڵەرو شارەزاو ئەندازیاری عێراقی لەهەموو وەزارەتەکانی حکوومەتی بەغداو حکوومەتی هەولێر رەوانەی دەرەوە بکەن بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو دواکەوتنە بکرێتەوە کە لەماوەی ١٣ ساڵی رابردوودا واتە ١٩٩٠ — ٢٠٠٣ عێراق رووبەڕووی بووەتەوەو دەخوازین لەڕووی زانستی و پزیشکییەوە سوودی زۆر لەو وزەیە وەربگیرێت.

هەروەها گوتیشی، لەدوای ١٩٩١ ەوە تەواوی دامەزراوە چەکسازییەکانی عێراق وێرانکراون و ئەوەی بۆ عێراق ماوەتەوە تەنیا دامەزراوەیەکی سەر بە وەزارەتی پیشەسازییە. ئەو وێرانبوونی دامەزراوەکانشی بەهۆیەکی سەرەکی بۆ پیسبوونی ژینگەی وڵات لەقەڵەمدا، بەوپێیەی ئەو دامەزراوە سەربازییانە رێژەیەکی زۆری تیشکی زیانبەخشیان لەهەوادا بڵاوکردووەتەوەو ئەو تیشکە زیانبەخشانەش هەڕەشەیەکی راستەقینەن لەسەر مرۆڤ و ژینگەکەی.

لەبارەی هەوڵەکانیانەوە گوتی **«دوای رووخانی رژێمی سەدام، راستەوخۆ پەیوەندیمان کرد بەئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکییەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هاوکاریمان بکات و ئەو دامەزراوەیەش هاوکارییەکی شایستەی پێشکەشکردووین»**.

لەعێراقدا ١٠ دامەزراوەی ناوکی لەبەریەکهەڵوەشاوە هەن و بەگوێرەی گوتەی موسەوی **«ئەو دامەزراوانە پێویستیان بە ١٥ ساڵ هەیە بۆ ئەوەی ژینگەکەیان پاکژ بکرێتەوە، چونکە ئەو پرسە پێویستی بەتوانای مادی و مرۆیی و پشتیوانی زانستی هەیە»**.

سەبارەت بە رەوشی ژینگەی هەرێمی کوردستان و سەلامەتبوونی لەو تیشکاوەرە زیانبەخشانەی لەئەنجامی تێکشکانی وێستگە ناوکییەکانی عێراقەوە دەردەچن، بریکاری وەزارەتی زانست و تەکنۆلۆژیا فوئاد موسەوی گوتی **«بەهۆی ئەوەی لەهەرێمی کوردستان**



بریکاری وەزارەتی زانست و تەکنۆلۆژیای عێراق فوئاد موسەوی فۆتۆ: رەفیق شوکری

**وێستگەی ناوکی تێکشکاو نییە مەترسییەکان کەمترن، بەڵام تێکشکانی وێستگەیەکی ناوکی لە موسڵ کە هاوسنووری هەرێمی کوردستانە ئەگەری بوونی مەترسی لەسەر ژینگەی هەرێم لێدەکەوێتەوە. هەروەها لەهەرێمی کوردستان هەندێک ناوەندی پیشەسازی و پزیشکی ئەوتۆ هەن کە ئەگەری بڵاوبوونەوەی تیشکی زیانبەخشیان لێدەکرێت و پێویست دەکات ئەو ناوەندانە بخرێنە ژێرچاودێری لایەنەکانی چاودێری نیشتمانییەوە»**.

ئەو گوتیشی **«ئێستا هەماهەنگی لەنێوان هەولێر و بەغدا لەورووەوە هەیەو خواستی ئەوەمان هەیە، چەمکی بەکارهێنانی ئاشتییانەی وزەی ناوکی لە هەرێمی کوردستان فراوانتر بکەین، تا هەرێمی کوردستانیش بتوانێت لەبوارەکانی ژینگەو تەندروستی و کشتوکاڵی سوود لەو وزەیە ببینێت. بەوپێیەی لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا وزەی ناوکی هاتووەتەناو هەموو کایەکانی ژیانەوە»**.

روونیشیکردەوە **«لەمانگی ئایاری رابردوودا لیژنەیەکمان سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووەو لەگەڵ ژمارەیەک لەوەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێم کۆبوونەتەوەو لەسەر میکانیزمێکی هاوبەش بۆ کارکردنی پێکەوەیی رێککەوتوون و هەردوولا چاوەڕوانی دەستبەکاربوون و پەیڕەوکردنی ئەو رێککەوتنە دەکەن»**.

لەکۆنگرەیەکەی هەولێردا کە ئەو بەهێمایەک بۆ **«یەکپارچەیی عێراق»** وەسفیکرد، هەریەک لەزانکۆکانی سەلاحەدین، دهۆک، سلێمانی، کۆیە، بەچوار لێکۆڵینەوەی زانستی بەشدارییان کردووەو بەرپرسانی باڵای هەرێمیش بانگهێشتی کۆنگرەکە کرابوون.

www.netewe.com

**وارڤین - هەولێر:**

**لەئاکامی ململانێی چەکداری نێوان هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ژمارەیەکی زۆر لەئەندام و لایەنگرانی هەردوولا بێسەروشوێنکراون و لەئێستادا دوای تێپەڕینی زیاتر لە ١٠ ساڵ کەسووکاری ئەو بێسەروشوێنکراوانە داوای دیاریکردنی چارەنووسی منداڵەکانیان دەکەن و فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆنیش لە پەرلەمان دەڵێ «بەدواداچوون بۆ کەیسی ئەو بێسەروشوێنانە دەکەین و پێویستە بە یاسا کێشەکە چارەسەر بکرێت».**

# خوشکی بێسەروشوێنکراوێک: لێبوردن برینەکانمان نوێدەکاتەوە



دایکێک داوای چارەنووسی کوڕەکەی دەکات فۆتۆ: رەفق شوکری

دیمەنە خەمناکەکەی دەمووچاوی و گەرووە پڕ لەگریانەکەی گەواهی خەمێکی لەمێژینە بوون. دیمەن حاتەم، کچێکی ١٩ساڵ ئاماژە بەوەدەکات ماوەی ١٥ ساڵە باوکی لەناو ماڵەکەی خۆی و لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بردراوەو تائێستا بێسەروشوێنەو هیچ هەواڵێکی نییە، ئەو دەڵێ «**بێئومێدبووین لەپەنابردن بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، وامانلێهاتووە بۆ هیچشوێنێک قسە نەکەین، هیوام بەحکوومەت و پەرلەمان نییە**».

بەسمە محەممەد، تەمەنی سەرووی ٦٥ ساڵە بەنیگەرانییەوە دەڵێ «**١٣ ساڵە کوڕە ١٤ ساڵیەکەمیان لەناو ماڵ بردووە، تائێستا بێ هەواڵە**». ئەو بەتووڕەییەوە هێرشدەکاتە سەر پارتی و یەکێتی «**تاوانبار**»یان دەکات بەشوێنبزرکردنی رۆڵەکانیان و دەڵێ»**ئەوانە مێردو کوڕەکانمان ئەنفال دەکەن، شوێن نەما پەنای بۆ نەبەین هیچ هیوایەکمان نەماوە**».

کەسووکاری بێسەرووشوێنەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە زۆرکات ئەو پرسە گەرمدەکرێتەوە، بەڵام بێسوودە، ئەوان بێهیوان بەرامبەر بەهەموو هەوڵەکان.

نەجیبە عومەر، چالاکوانی بواری ژنان لەوبارەیەوە دەڵێ «**لەسەردەمی ململانێی هەردوو حزبی دەسەڵاتداردا ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیانی هەرێم، بێسەروشوێنکراون و لەئێستادا ئەگەرچی رێککەوتنی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام شوێنەوارەکانی هەر ماون**».

نەجیبە، ئاماژە بەوەدەدات کە لەماوەی شەڕی ناوخۆ ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیانی هەرێم بێسەروشوێنکراون، لەوانە (**لایەنگرانی پارتی و یەکێتی، حزبە ئیسلامییەکان و ئەندامانی پارتی چارەسەری کوردستان**). گوتیشی «**لەهەرێم ئەگەر بێت و بەدواداچوون بکرێ ئەوا بێگومان ژمارەیەکی زۆر گۆڕی نهێنی هەن کە هاووڵاتیانی ئەو هەرێمەی تێدایەو مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆ**».

کەسووکاری بێسەرو شوێنکراوەکانی شەڕی ناوخۆ، داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەن، بەیاسا کەسووکاریان بدۆزنەوەو قەرەبوویان بکرێتەوە.

کوردە عومەر، خوشکی بێسەروشوێنکراوێکە دەڵێ کە ١٤ ساڵە چاوەڕوانی براکەیەتی، بەڵام تائێستا نازانن ماوە یا کوژراوە.

کوردە گوتی «**ئەگەرچی زۆرکات بەرپرسانی هەردوولا داوا لێبوردنمان لێدەکەن لەبۆنەو یادەکان، بەڵام ئەو داوای لێبوردنە خەمەکانمان نوێدەکاتەوە، تاوانباری لایەنی بەرپرسانمان بۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە کەسانی بێسەروشوێنکراومان**».

کوردە، ئاشکرایدەکات کە زۆرجار داوایانلێکراوە کەسوکاریان بەشەهید هەژمار بکرێ «**بەڵام ئێمە رازینەبووین بەوەی چۆن دەکرێت کەسمان نەزانین چیلێهاتووەو تەرمەکانیان نەبینین بەشەهیدیش هەژمار بکرێن**».

پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان نەریمان عەبدوڵڵا، لەوبارەیەوە گوتی «**فراکسیۆنی گۆڕان پشتگیری داواکەی کەسووکاری بێسەروشوێنانی شەڕی ناوخۆ دەکات**».

هەروەها گوتیشی «**سۆراغی بێسەروشوێنان دەکەین، پێویستە بەیاسا ئەو بابەتە چارەسەربکرێت**».

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیانەی وتارێکدا کە لەکۆنگرەی ١٣هەمی

www.netewe.com

حزبەکەی رۆژی ١١ی ئەم مانگە باسی لەشەڕی ناوخۆ کرد و وەک سەرۆکی لایەنێکی سەرەکی شەڕی ناوخۆ داوای لێبوردنی لەقوربانیانی ئەو شەڕە کرد. بارزانی گوتی **«داوای لێبوردن لەتەواوی قوربانیانی شەڕی ناوخۆ دەکەم»**. هەروەها گوتیشی **«جارێکی دیکە ڕێگەنادەین لەژێر هەر گوشارێکدا بێت شەڕی کوردو کورد دووبارە ببێتەوە، چونکە لە شەڕی ناوخۆیی ئەزموونێکی تاڵمان هەیە»**.

شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١٩٩٤/٥/١ لە قەڵادزێ هەڵگیرساو هەموو هەرێمی گرتەوەو ئەو شەڕە تا واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتن لە ١٩٩٨ (**ئەو ڕێککەوتننامەیە لەلایەن سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان جەلال تاڵەبانی و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی، بەمیانگیری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا مادلین ئۆلبرایت واژۆ کرا**) بەردەوامبوو. بەگوێرەی قسەی چاودێران قوربانیانی شەڕی ناوخۆ بە ٣٠٠٠ هەزار هەژمار دەکرێن. جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر بێسەروشوێنکراون و تائێستا چارەنووسیان دیار نییە.

لەو بارەیەوە گوتەبێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، داوای کەسووکاری قوربانیانی شەڕی ناوخۆ بەرەوا دەزانێت.

ئازاد جوندیانی، لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین ئاشکرای دەکات **«ئەو دۆسیەیە پشتگوێنەخراوە، لەزۆربەی کۆبوونەوەکان گفتووگۆی لەسەر دەکرێت»**.

گوتیشی: **«پێشبینی دەکەم لەماوەیەکی نزیکدا ئەو دۆسیەیە دەخرێتەوەڕوو»**.

جوندیانی، باس لەوەشدەکات کە هۆکاری دواخستنی ئەو دۆسیەیە بۆ نیگەرانی سەرکردایەتی یەکێتی گەڕاوەتەوە بەرامبەر ئەو پرسە. گوتیشی **«بوونی دۆسیەیەکی وا بەکەموکوڕی لەرابردوو دەزانم، بەراستی لەکاتی باسکردنی ئەو پرسە نیگەرانی دەمانگرێت، بەڵام کەسووکاری قوربانیان مافی خۆیانە چارەنووسی کەسووکاریان بزانن»**.

# لەرۆژی عاشورادا کچێک لەلایەن براکەیەوە کوژرا

**وارڤین – تایبەت:**

**لەگوندێکی پێنجوێن دوای ئەوەی هەواڵی کوشتنی کچێک گەیەندرایە پۆلیس کە خۆی خۆی کوشتووە، لەبەدواداچونێکی گۆڤاری وارڤین دەرکەوت ئەو کچە لەلایەن براکەیەوە کوژراوەو پۆلیسی پێنجوێنیش ئەو زانیارییەی وارڤینی پشتڕاستکردەوە.**

بەیانی زوو مەڕاسیمی عاشورابوو، بەوهۆیەوە دەوامی خوێندن لەتێکڕای هەرێم نەبوو، ئەورۆژە بۆ ڕێژینی تەمەن ١٤ساڵیش، وەک هەموو قوتابیەکی دیکەی هەرێمی کوردستان پشووبوو. ڕێژین ڕاهاتبوو بەیانیان زوو لەخەو هەڵسێت و خۆی بۆ قوتابخانە ئامادەبکات، بەڵام ئەو بەیانییە جیاوازبوو و لەگەڵ براکەی یاری دەکرد، یارییەک کە دەستیان لەدیوار دەداو هەریەکەی بەدەوری ئەویتر دەخولایەوە. یاریەکە لەکاتژمێر ٨:٣٠ خولەک بەتەقاندنی گوللەیەک کۆتایی هات کە بەرسینگی ڕێژین کەوت و ئیتر لەگەڵ ئەو یارییە بۆ دواجار ماڵئاوایی لەژیانکرد. ئەو ڕووداوە ٦ی١٢-١ و کاتژمێر ٧:٣٠خولەک، لەگوندی دەرەورگانی قەزای پێنجوێن، ڕوویدا کە بەپێی لێدوانی موقەدەم هیوا سدیق بەڕێوەبەری پۆلیسی پێنجوێن بۆ وارڤین، گوتەی براکەی ڕێژین لوقمان بەناوی سیروان (١٦ ساڵ)، وەرگیراو دانی بەوەنا کە ئەو بەچەکی تاپڕ گوللەی لەخوشکەکەی داوە، بەڵام بەئەنقەست وای نەکردووە. لەگوتەی سیراوان هاتووە «کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی بەیانی کاتێ لەخەو هەڵساون لەژوورەکەیاندا یاری لەگەڵ خوشکەکەی کردووەو یاریەکەش دەست لەدیواردان بووە، کاتێ لەیارییەکە بەردەوام بووە دەستی داوەتە چەکی تاپڕەکە کەهی باوکی بووەو لەبری ئەوەی دەست لەلولەی چەکەکە بدات، یەکەسەر پەنجەی بەر پەلەپیتکەی چەکەکە کەوتووەو بەوهۆیەوە گوللەیەک بەرسینگی خوشکەکەی کەوت و گیانی لەدەستدا».

سەرەتایی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەبارەی کوشتنی ئەو کچە بەشێوەیەکی تربوو کە هەر یەک لەدایک و باوکی کچەکە لەگوتەکەیان بۆ پۆلیس دەیانگوت کچەکەمان خۆی خۆی کوشتووە، بەڵام گومانی پۆلیس لەچۆنیەتی خۆکوشتنەکە وایکرد ڕاستی ڕووداوەکە ئاشکرابێت.

ئەو کچە ناوی ڕێژین لوقمانەو قوتابی پۆلی شەشی بنەڕەتییە لەگوتابخانەی وزارە لەگوندی دەرەورگان. کاتێ تەرمی ئەو کچە گەیەندرایە نەخۆشخانە دەرکەوت کە چۆنیەتی کوشتنەکە لەلایەن خۆیەوە نەبووەو بۆ ئەو مەبەستەش د. خالید عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی پێنجوێن لەلێدوانێکی تایبەتدا بەوارڤینی ڕاگەیاند: »ئەم بەیانییەی تەرمی ئەو کچە گەیەندرایە نەخۆشخانە، بەڵام لەرێگادا گیانی لەدەست دابوو. کەیسەکەی لەخۆکوشتن نەدەچوو، بۆیە چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینی پۆلیس و دادپزیشکیمان دەکرد».

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی پێنجوێن موقەدەم هیوا سدیق محەممەد لەوبارەیەوە رایگەیاند کە پاش ئاگادارکردنەوەیان لەکاتژمێر ٨:٣٠ی سەرلەبەیانی لەبوونی تەرمێک لەگوندی دەرەورگان چوونەتە شوێنی ڕووداوەکە »تەرمی کچێکی تەمەن ١٤ ساڵان بوو و لەماڵی خۆیاندا بەگوللەی تاپڕ پێکرابوو و دەستبەجێ گیانی لەدەستدابوو. بەڕێوەبەری پۆلیسی پێنجوێن هەروەها گوتیشی کە دایک وباوکی ڕێژین پێیانگوتووە کە خۆی کوشتووە، بەڵام لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان گومانی لەکوشتنەکە دروستکردووە. دوای ئەوەی کەیەکێک لەکەسە نزیکەکانی ئەو بنەماڵەیە هەواڵی بەپۆلیسدا کە ئەو کچە لەلایەن براکەی کوژراوە، پۆلیس دەستبەجێ باوکی کچەو براکەی دەستگیرکرد. دواتر بەپێی لێدوانی موقەدەم هیوا، باوکی کچەکە دانی بەوەنا ڕووداوەکە بەئەنقەست نەبووەو لەلایەن کوڕەکەیەوە لەکاتی یاریکردن گوللە بەرێژین کەوتووەو بەوهۆیەوە گیانی لەدەستداوە. ئەو کوڕە بە ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزادانی عیراقی دەستگیر کراوەو بەونزیکانە دادوەری لێکۆڵینەوەی پێنجوێن بڕیاری سزادانی دەردەکات.



# چارەنووسی ژن لەشارستانیەتی رۆما

## (٤-٢)

لەرۆمادا دیاردەی **«زینا»** باو بوو، جاروبار سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکێشا، مەگەر ئەوەی، لەپێناو مەبەستێکی سیاسیداو بەمەبەستی ناوزڕاندنی کەسێک لەسەری برۆشتبان و گڕی ئاگرەکەیان خۆش بکردبایە. دوای ماوەیەک وەک بێژراوە یاساو پێودانگە وشک و توندوتیژەکانیش لەسەر رێگای تەڵاق هەڵگیراوەو هەر بەم هۆیە نووسیویانە **«هەموو ژنە خانەدانێک لانیکەم جارێک تەڵاقی دەستینێت»**. لەئاوا هەلومەرجێکدا پیاوان تەنیا بۆ بەدەستهێنانی جیازی و ماڵەباوانی ژن، ژنیان دەخواست، یان ژنیان لەگەورەماڵان دەخواست. **«کاتۆ»** یەکێک لەرۆمیانی ئەو سەردەمە، کەسایەتی ئەو چەشنە ژن و ژنخوازە بووە دەناڵێنێ و دەڵێ **«ئیمپراتۆری رۆما بووەتە بنکەو دامەزراوەی ژن و ژنخوازی و ئەم پەیوەندییانە تەنیا ئامانجی سیاسی لەدوابوو، پاش گەیشتن بەئامانجەکە دەستیان لەژنە هەڵدەگرت و دەکەوتنە شوێن ژنێکی دیکە، لەپێناو دەسەڵات و سەروەت و سامانی زیاتر. لەراستیدا پیاوان بەئاسانی لەژنەکانیان جیا دەبوونەوە، بۆ ئەم کارەشیان پێویستیان بەبەڵگەو پاساوهێنانەوە نەبوو، بەڵکو تەنیا نووسراوێکیان دەنارد بۆ ژنەکەیان و بەمشێوەیە لەیەکتر دابڕانیان رادەگەیەندرا. هەڵبەت هەندێک لەپیاوان هەرگیز خۆیان لەقەرەی ژنهێنان نەدەدا. بۆ ئەم بڕیارەشیان ئاماژەیان دەکرد بۆ بێعاری و رووهەڵماڵدراوی ژنان»**. شارەوانی ساڵی ١٣١زایینی رۆما **«متلوس ماسدونیوس»** Metellus macednicus وەک ئەرکی هاووڵاتی بەرانبەر بەحکوومەت داوای لەپیاوان کرد ژن بخوازن ئەگەرچی ژن دەبێ بەهۆی ئازارو ناخۆشی، دوای ئەم داواکاریە حکوومەتییە ژمارەی پیاوانی زگورتی و سەڵت کەمیکردو رێژەی باوک و دایکانی خاوەن منداڵ زیادیکرد.

لەدایکبوون لەرۆما رووداوێکی ترسناک بوو، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر منداڵەکە کەمئەندام یان کچ بووایە ئەوا باوک دەیتوانی بەگوێرەی دابوونەریتە باوەکان بەئاسانی و بەبێ سزادران منداڵەکە بکوژێت. بەڵام ئەگەر منداڵەکە کوڕ بووایە ئەوا لەسەرسەر دادەنراو جێگای رێزو ستایش بوو. ئەگەرچی رۆمییەکان تائەندازەیک حەزیان لەزیادبوونی ماڵ و منداڵ نەبوو، بەڵام زۆر حەزیان لەوەبوو کە لەجیاتی کچ کوڕیان بێت. وجاخکوێری (بێمنداڵی) لەروانگەی خەڵکەوە نەشیاو بوو، ئایینیش پێیوابوو، هەموو مرۆڤێکی رۆمی دەبێ کوڕێکی هەبێت بۆ پاراستنی گۆڕەکەی، ئەگینا هەتاهەتایە رۆحی ئازار دەچێژێت. هەڵبەت خەڵک و ئایینیش تەنیا حەزیان لەهەبوونی کوڕ بوو، نە منداڵ بەگشتی. ئەوان تەنیا کوڕیان بەهۆکاری ئارامی و بەختەوەری و بەپێچەوانەش کچیان بەهۆکاری بێبەختی و شوورەیی دەزانی.

لەسەردەمی یەکەم کۆمار لەرۆما تەنیا باوک خاوەنی هێندێ ماف بوو، دەیتوانی ماڵ و مڵک بکرێت و بفرۆشێت، مافی گرێبەستی هەبوو، تەنانەت خاوەنی ماڵەباوانی ژنەکەی بوو. بەهیچ جۆرێک ژن نەیدەتوانی بەشداری پرۆسەی دادوەری بێت، تەنانەت وەک شایەت. کاتێک ژنێک بەهۆی مردنی مێردەکەی دەبووە «بێوەژن» نەیدەتوانی ببێت بەخاوەنی ماڵ و موڵکی مێردەکەی، ئەگەر مێردێک بیویستایە دەیتوانی هیچ شتێک نەهێڵێتەوە بۆ ژنەکەی. هەر وەک پێشتریش گوتمان ژن لەهەر تەمەنێکدا بووایە دەبووا لەژێر چاودێری پیاوێکدا بووایە (**مێرد، باوک، باپیر، برا، کوڕ یان مام و باپیری کوڕەکەی**) ژن بەبێ مۆڵەتی ئەو سەرپەرشت و چاودێرە نەیدەتوانی مێرد بکات، یان دەست لەسروەت و سامانی خۆی وەربدات، بەڵام دەیتوانی ببێت بەمیراتگری سەرپەرشت و چاودێرەکەی.

لەرۆمای کۆن ئەگەر ژنێک تاوانێکی بکردبایە یان تەنانەت تۆمەتباریان بکردایە، ئەوا مێردەکەی مافی لێپرسینەوەو سزادانی هەبوو. دەیتوانی بەتاوانی **«زینا»** یان دزینی کلیلی دەرگای ئەمبارو کۆگای شەرابی ماڵەکەی ژن بکوژێت. بەگشتی ژن ژێردەستەو چەوساوەی دەستی پیاو بوو.

**هەژار هەورامی**

www.nefelwe.com

# ئەو کچانەی شوو بە پارە دەکەن پەشیمانن

**وارڤین – هەولێر:**

بەشێک لەکچان پرسی دەوڵەمەندی دەکەنە مەرجی سەرەکی بۆ هاوسەرگیری و ئەو کچانەش کە بەو بیرکردنەوەیە شوویانکردووە ئێستا پەشیمانن و زۆرێک لەوانیش ئاوات بۆ ژیانێکی مامناوەندی دەخوازن.



ژیان کەریمی ٤٠ساڵ بەدڵی پڕەوە باسی لەو مەینەتییانە کرد کە بەهۆی چاوچنۆکی خێزانەکەیەوە تووشیبووەو شوویکردووە بەپیاوێکی دەوڵەمەند. ئەو گوتی **«پیاوەکە زۆر لەخۆم گەورەتربوو، بەڵام خوشکەکانم گوتیان شووی پێبکە رێکوپێکەو پارەشی زۆرە، ئیدی دژوارییەکانی ژیانم لەوکاتەوە دەستییپێکرد»**.

ئەو ژنە بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە گوتی **«تۆ یادگارییە تاڵەکانی ژیانم بیردێنیتەوە، من ١٠ساڵ لەناو قەفەسێکدا ژیام کە دەورەدرابوو بەپارەو هەر رۆژێکم مردنێکبوو»**.

ژیان، گوتی، ئەو خاوەنی دوو منداڵ بووەو دوای ئەوەی کە مامەڵە خراپەکانی مێردەکەی گەیشتووەتە رادەیەکی زۆر خراپ، بڕیاری جیابوونەوەی داوەو ئێستا بەتەنیا لەگەڵ منداڵەکانی دەژین.

هەندێک لەو کچانەی، هاوسەرەکانیان دەوڵەمەندن باس لەوەدەکەن ناتوانن وەک کەسێکی ئاسایی بژین و بەهۆی دەوڵەمەندی مێردەکانیان ئازادییەکانیان بەرتەسکبووەتەوە.

لانەی ٣١ ساڵ، ٥ساڵە شوویکردووە بەپیاوێکی دەوڵەمەند، ئەو گوتی **«هەرچەندە مێردەکەم کەسێکی باشە، بەڵام کێشەکە لەدەوڵەمەندییەکەیەتی و هاوڕێکانم ئیرەیی پێدەبەن و خۆزگە لەبری دەوڵەمەندی ژیانێکی مامناوەندیم هەبووایە»**. لانە، هۆکاری شووکردنی بەو پیاوە دەگەڕێنێتەوە بۆ حەزێکی گەنجی خۆی بۆ دەوڵەمەندی و دەڵێ **«ئێستا پەشیمانم»**.

ئەو ژنە گوتیشی، دەوڵەمەندی مێردەکەی لەبری ئەوەی بەختەوەری بکات کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی تایبەتی داناوە **«حەزدەکەم کاربکەم، بەڵام لەبەر قسەی خەڵک ناتوانم بەدڵی خۆم هەڵسووکەوت بکەم و بچمەدەرەوەو دەڵێن مێردەکەی دەوڵەمەندەو کاریش دەکات. هەمیشە هەست بەتەنیایی دەکەم»**.

شنۆی ٢٧ساڵ وەک لانە، پەشیمانە لەهاوسەرگیرییەکەی بەکوڕێکی دەوڵەمەندی هاوتەمەنی خۆی، ئەو گوتی **«مێردەکەم بازرگانە کاتی زۆر کەمە بۆ من و هەمیشە لەگەشتوگەڕانی وڵاتەکانە، بەردەوام خەریکی پارەوپولەو بیری دەچێت کە ژن و منداڵی هەیە»**.

ئەو گوتیشی **«بەدڵی خۆم شوومپێکردووەو ناتوانم بڵێم پەشیمانم، بەڵام گەشتوومەتە ئەو رایەی پارە تەنیا ئامرازە، ئامانج نییە»**.

شنۆ، کاتێک کچە دووساڵەکەی لەباوەشگرتبوو گوتی **«ئەوە ژیان نییە، مێردەکەم ئێستا لەسەفەرەو ئێمە تەنیاین، داوا لەکچان دەکەم بێمەرج شووبکەن»**.

**«مەرج نییە هەموو کوڕێکی دەوڵەمەند خراپ بێت»**. ئەمە گوتەی شەنگەی ٢٣ ساڵە، کە جارێ شووینەکردووە، شەنگە گوتی **«بەهیچشێوەیەک شوو بەپارە ناکات»**. بەڵام نەشیشاردەوە، کە حەز دەکات ئەو کوڕەی دەبێتە هاوسەری کەسێک بێ توانای مادی باشبێت.


ئەو کچە گەنجە گوتیشی **«حەزدەکەم شوو بەکوڕێک بکەم دەوڵەمەندبێت، بەڵام خەسڵەتی باشی دیکەی لەپێش دەوڵەمەندییەکەیەوە»**.

توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی سۆزان تەها، بۆ وارڤین گوتی **«لەئەمڕۆدا پارە بووەتە بنچینەیەکی سەرەکی بۆ پێکهێنان و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان»**.

ئەو گوتیشی **«رەنگە پارە خۆشبەختی بهێنێت و دووکەسەکە لەیەک نزیکبکاتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە، ببێتە مەرجی سەرەکی و چاولێگەری»**.

ئەو توێژەرە، باسی لەئەنجامە خراپەکانی ئەوجۆرە هاوسەرگیرییە کردو گوتی **«پارە تاسەر بۆ کەس نابێت، کەسایەتی مرۆڤەکە لەپێش هەموو شتێکەوەیە، چونکە ئەگەر کەسێک باشبێ و هەژاربێ، رۆژێک دێ دەوڵەمەندبێت، بەڵام کەسێکی دەوڵەمەندبێت و کەسایەتییەکی خراپی هەبێت زەحمەتە باش ببێت»**.

سۆزان، گوتیشی **«کچێک تەنیا بۆ پارە شوو بەکوڕێک بکات، زوو لێی بێزاردەبێت، چونکە خۆشەویستی لەدڵیدانییە بۆی، ئەمەش زۆرجار ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە وەک خیانەت و جیابوونەوە»**.



هەژان خالید



www.netewe.com

### پرسە گیرفان بەتاڵ دەکات

### "خەڵک بوونی هۆڵی تایبەت بۆ پرسەکانیان بەپێویست دەزانن"

# پرسەگێڕان لەژنە قورئانخوێنەکان ناڕازین




ژنێک لە کۆڕی پرسەدا

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

**وارڤین - تایبەت:**

بەشێکی زۆر لەخەڵکی بوونی هۆڵێکی تایبەت بەپرسەکان بەپێویست دەزانن بەهۆی ئـەوەی زۆربـەی خەڵک شوێنێکی نییە بۆ گێڕانی پرسەکانیان. لەسەر بووجەی ٢٠١١ی وەزارەتی ئەوقافیش بڕیارە ٣٨ هۆڵی تایبەت بەپرسەکان لەهەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دروستبکرێت، لەگەڵ ئـەوەش خەڵک لەژنە قورئان خوێنەکان «مەلاژن» ناڕازین و پێیانوایە ئەوان قورئان بۆ بازرگانیکردن بەکاردەهێنن و پارەیەکی زۆر لەخاوەن پرسەکان وەردەگرن، خاوەن پرسەکانیش لەبەر قسەوباسی خەڵکی ناتوانن بەبێ ژنە قورئانخوێنەکان پرسەکانیان بگێڕن.

دالیا (٢٣) ساڵ کە بەهۆی نەبوونی شوێن بۆ گێڕانی پرسەکانیان ٣ پرسەیان لەماڵی دراوسێیەکیان، گێڕاوە، گوتی **«ماڵەکەمان بـچـووکـە جـێـگـەی پـرسـەی نابێتەوە، بۆیە ناچاربووین لەماڵی دراوسێیەکمان پرسەکەمان بگێڕین»**. ئەو باسی لەوەشکرد پاش تەواوبوونی پرسە زۆر ماندوودەبن، چونکە ماڵەکەیان هیچی بەسەریەکەوە نەماوە **«لەکاتی پرسەکانمان میوانەکان لەماڵی دراوسـێـیـەکـەمـان دادەنیشتن و خواردنیش لەماڵی خۆمان ئامادەکرا، بۆیە دوای پرسەکانمان تا مانگێک هەر خەریکی پاککردنەوەی ماڵ بووین»**. جگە لەوەی، کە لەپرسەکان ماڵەکانیان هیچی بەسەریەکەوە نامێنێت خاوەن پرسەکان ناچارن خواردن بۆ میوانەکانیان ئامادەبکەن، ئەوەش زۆر کاریگەری دەبێت بەسەر هەندێک خێزان کە باری دارایی خراپە. دالیا باسی لەوەکرد کە زۆرجار لەپرسەکانیان تووشی «ئیحراج»بوون هاتوون، چونکە باری داراییان باشنەبووە،

www.netewe.com

تا پێداویستی پرسەکانیان دابینبکەن. ئەو لەبارەی بوونی هۆڵی تایبەت بۆ پرسەکان، گوتی «ئەگەر هۆڵی تایبەت بە پرسەکان هەبێ زۆر ئەرک لەسەر شانی خاوەن پرسە کەمدەبێتەوە، ئەوکاتە پێویست ناکات خاوەن پرسە ئەو هەموو خەرجییە بکات».

بەیان نادر ٤٢ساڵ هەمان ڕای داڵیای هەیەو بوونی هۆڵی تایبەت بەپرسەکان بەپێویست دەزانێت. «زۆربەی گەڕەکەکانی هەولێر خانووەکانیان لەسەر ڕووبەری ١٠٠م دروستکراوە، زۆر بچووکن جێگەی گێڕانی پرسەی تێدا نابێتەوە، بۆیە ئەو خێزانانە ناچاردەبن ڕەشماڵ لەکۆڵان و شەقامەکان هەڵدەن ئەوەش دەبێتەهۆی گرتنی ڕێگەی خەڵک و بێزارکردنی دراوسێیەکان، بەڵام ئەگەر هۆڵی تایبەت هەبێ ئەوا ئەو کێشانە چارەسەر دەبێت». ئەو باسی لەوەشکرد، پرسەکان زۆر کار لەباری دارایی خێزانەکان دەکات، گوتی «ئەگەر هۆڵی تایبەت هەبێ ئەوا پێویست ناکات ڕەشماڵ هەڵدەن کە ئەویش بەپارەیە».

ئەمیرە ٣٨ساڵ گلەیی زۆری لەو ژنانە هەیە کە لەپرسەکان قورئان دەخوێننەوە، گوتی «قورئان بۆ بازرگانیکردن بەکاردەهێنن و پارەیەکی زۆر لەخەڵک وەردەگرن».

ئەو گوتیشی «ئەگەرچی خەڵکیش لۆمەمان بکات و بڵێن دڵیان نایەت، ئێمە نەمانتوانیوە بۆ زۆر لەپرسەکانمان مەلاژن بهێنن، چونکە ئەو پارەیەمان نییە، کە ئەوان داوای دەکەن».

ئەو لەکۆتایی قسەکانیدا باسی لەوەش کرد، جگە لەوەی پارەیەکی زۆر وەردەگرن «دەبێت خواردنی باشیان بۆ بکرێت و بەئۆتۆمبێلیش بیانهێنیت و بیانبەیت».

ژنێکی بەتەمەن دەڵێ «قورئانخوێنەکان نەبوونیان باشترە، بەڵام ئەگەر ئەوانیش لەپرسەکان نەبن ژنەکان بێدەنگ نابن و هەر قسەدەکەن و فاتیحەیەک لەسەر گیانی مردووەکە لێنادەن».

هەندێک لەوبڕوایەدان بەشێک لەقورئانخوێنەکان تەنیا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان ئەم پیشەیەیان هەڵبژاردووە بەبێئەوەی شارەزای تەواویان لەبوارەکەدا هەبێت.

مامۆستا و قورئانخوێن نەسرین عەبدولڕەحمان لەمبارەیەوە گوتی «بەشی

◆◆◆

**ئەو مەلاژنانە پارەیەکی زۆر لەخەڵک وەردەگرن و هەندێک ماڵ هەیە باری دارایان لاوازە لەتوانایان نییە بۆ پرسەکانیان مەلاژن بهێنن ناچار پارە بەقەرز وەردەگرن تا ڕووبەڕووی لۆمەی خەڵک نەبنەوە.**

◆◆◆

زۆری قورئانخوێنەکان ئاستی ڕۆشنبیریان نزمەو زانیاریان لەسەر قورئانی پیرۆز نییەو تەنیا چەند ئایەتێکی قورئانیان لەبەرکردووەو کەئەوانەش تەواو بوو پەنا بۆ وشەو لاواندنەوە دەبەن، بەمەش گوناهباردەبن».

ئەو گوتیشی «لەوەزارتی ئەوقاف بڕی ئەو پارەیە دیاریکراوە کە لەپرسەکان وەریدەگرین و خۆمان دیاری ناکەین، بەڵام هەندێک خاوەن پرسەکان خۆیان پارەی زیاتر دەدەن لەوەی کە دیارکراوە».

سەبارەت بەژنە قورئانخوێنەکان «مەلاژن» کە داوای پارەی زۆر دەکەن گوتی «هەندێک کەس دەروونی بەرز نییەو داوای پارەی زۆر دەکەن و مامەڵە لەسەر قورئان دەکەن، بەڵام ئەو کارە گوناهەو نابێ مامەڵە لەسەر قورئان بکرێت».

لەگەڵ ئەوەی بەشی زۆری خەڵک بوونی قورئانخوێنەکان لەپرسەکاندا بەپێویست نازانن، بەڵام بووەتە دیاردەیەکی بڵاو لەنێو پرسەکاندا.


گەلاوێژ قادر ٣٠ ساڵ یەکێکە لەو ژنانەی زۆر نارازییە لەو ژنە قورئانخوێنانە، ئەو گوتی «ئەو مەلاژنانە پارەیەکی زۆر لەخەڵک وەردەگرن و هەندێک ماڵ هەیە باری دارایان لاوازە لەتوانایان نییە بۆ پرسەکانیان مەلاژن بهێنن ناچار پارە بەقەرز وەردەگرن تا ڕووبەڕووی لۆمەی خەڵک نەبنەوە». گوتیشی «هەندێک لەمەلاژنەکان زۆر بێویژدانن».

پورە زریخ ساڵح ژنێکی بەتەمەنە ئەزموونی زۆرە لەژیان و چووەتە ژمارەیەکی زۆر لەپرسەکان، ئەو باسی لەوەکرد، کەپێشتر ئەو دیاردەیە نەبووە، گوتی «ئەوانەی دەهاتنە پرسەکە خۆیان قورئانیان دەخوێندەوە». گوتیشی «قورئان خوێنەکان نەبوونیان باشترە، بەڵام ئەگەر ئەوانیش لەپرسەکان نەبن ژنەکان بێدەنگ نابن و هەر قسەدەکەن و فاتیحەیەک لەسەر ڕوحی مردووەکە لێنادەن».

گوتەبێژی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف مەریوان نەقشبەندی بەوارڤینی ڕاگەیاند، لەسەر بودجەی وەزارەتی ئەوقاف بڕیارە ٣٨ هۆڵی تایبەت بۆ پرسەکان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان دروستدەکرێت «لەسلێمانی ساڵێک بەرلەئێستا هۆڵی تایبەت بەپرسەکان دروستکراوە، لەهەولێریش ٢ هۆڵی تایبەت هەیە بەپرسەکان، لەبەرنامەی کاری وەزارەتی ئەوقافیشدا هەیە کە ژمارەیان زیادبکرێت، بەڵام بودجەی وەزارەتی ئەوقاف بەشی ئەوە ناکات لەهەموو گەڕەکێکی شاری هەولێر هۆڵی تایبەت هەبێت بەپرسەکان».

ئەو باسی لەوەشکرد وەزارەتی ئەوقاف مەرجی ئەوەی داناوە هەر کەسێک مزگەوت دروست بکات ئەوا دەبێ هۆڵی تایبەت بۆ پرسەی تێدا بێت. سەبارەت بەژنەقورئانخوێنەکان ئاماژەی بەوەدا، کە لەوەزارەتی ئەوقاف بەبڕیار دەرچووە، هەر قورئانخوێنێک بۆی هەیە دوو ڕۆژ دوای نیوەڕۆیان بچێتە پرسەکان و تەنیا ١٠٠ هەزار دینار لەخاوەن پرسەکە وەربگرێت، گوتی «تائێستا هیچ کەسێک سکاڵای نەکردووە، لەوەزارەتی ئەوقاف لەسەر قورئانخوێنەکان کە بڵێن پارەیەکی زۆر وەردەگرن، بەڵام ئەگەر سکاڵابکەن ئەوا ڕێوشوێنی ئیدارییان لەگەڵ دەگرینە بەر».

بەگوێرەی یاسای دامەزاوە مەدەنییەکان کە سەرەتا ئاگادار کردنەوەیەو دواتر لێپێچینەوەو دواجار دەرکردن، ئەمە بۆ ئەوانەی کەلە وەزارەتی ئەوقاف فەرمانبەرن، بەڵام بۆ ئەوانەی کە فەرمانبەر نین ئەوا ڕەوانەی دادگا دەکرێت ئەگەر سکاڵایان لەسەر تۆمار بکرێت. گوتیشی کە هەندێک خاوەن پرسە خۆیان پێیانخۆشە پارەی زیاتر بدەن.



ساکار ڕۆستەم

www.netewe.com

# بەزۆر بەشوودانی کچ ناپاکی هاوسەرگیری



"نا" لەکچانی کورد زەوتکراوە فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

**وارڤین – تایبەت:**

بەناز ٢٨ ساڵ، ژنیکی بێدەنگ و لەسەرخۆیە ئاماژە بەوەدەکات، هەستی بەساردی پەیوەندییەکانی کردووە لەگەڵ هاوسەرەکەی. ئەو ٤ساڵە هاوسەرگیری کردووە، بەناز دەڵێ **«هەمیشە کەسێکی دوورەپەرێز بوومە، خۆشیم لە تێکەڵبوون نەچێشتووە، لەخەیاڵی خۆم وا بیرمەکردەوە لەپەیوەندی هاوسەرگیریدا ئەو حاڵەتە نامێنێ، بەڵام بەداخەوە بەردەوامبوو».** ئەو ژنە دەشڵێت پیاوەکەی زۆرکات باس لەوەدەکات کە پەیوەندی لەگەڵ ژنی دیکە هەیە، بەڵام ئەو بەلایەوە ئاساییە، چونکە لەماوەی هاوسەرگیری هیچ هەستێکی پێی نەبەخشیوە.

دیاردەی ناپاکی هاوسەرگیری، یەکێکە لەودیاردانەی لەکۆنەوە لەکۆمەڵگەکاندا باو بووە. لەڕووی یاساییەوە سزای بۆ دانراوە. لەهەموو ئایینە ئاسمانییەکانیشدا سزای جۆراوجۆر بۆ لەبەرچاو گیراوە. سزاکان بۆ پیاو و ژن هەم لەڕووی یاسایی و هەم ئایینیشەوە وەک یەکە. یاسادانەرانی هەرێمی کوردستان وەک تاوانبارێک سەیری ئەو کەسانە دەکەن کە ناپاکی هاوسەرگیری دەکەن و لەڕووی یاساییەوە سزایان بۆ دیاریکردووە. پێشتر لەیاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ دەرچووی ١٩٦٩ ئەو پرسە بەماددەی ٣٧٧ ڕێکخرابوو و لەدوو بڕگە پێکهاتبوو. کە بڕگەی یەک باسی ژن دەکات کە ناپاکی هاوسەرگیری دەکات، بەوپێیە سزای زیندانیان بۆ دانراوە (لە٢٣ کاتژمێر بۆ ٥ساڵ). لەبڕگەی دووهەم باسی سزای پیاوێک دەکات کە ناپاکی هاوسەرگیری بکات. ئەگەر لەناو ماڵی خۆی ناپاکییەکەی کردبا ئەوا وەک تاوانبار سەیردەکرا و سزا دەدرا. ئەگەر لەدەرەوەی ماڵی خۆی با ئەوا سزا نەدەدرا، بەڵام ئێستا ئەو بڕگەیە لەماددەی٣٧٧.ی هەموارکراو پیاویش وەک ژن سزادەدرێت. ئەگەر لەهەر شوێنێک ناپاکی هاوسەرگیری بکات، نەک تەنیا لەماڵی خۆی، سەبارەت بەوە پارێزەر سەردار هەرکی، دەڵێ **«لەڕووی یاساییەوە سزای ناپاکی هاوسەرگیری بۆ ژن و پیاو وەک یەکە»**.

پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا زۆرجار بەزیان گەڕاوەتەوە. هەندێکەس، هیوای ئەوەدەخوازن هەر نەبووایە. مۆبایل یەکێکە لەو تەکنۆلۆژیایانەی کە بەشێکی ژنان حەز بەبوونی ناکەن، چونکە پێیانوایە هۆکارێکی ڕێگە خۆشکەرە بۆ هاوسەرەکانیان بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی ماڵەوە دروستبکەن. سروە ٤٢ساڵ، ١٥ساڵە هاوسەرگیری کردووە، باسی لەوەکرد ماوەیەک کێشە لەنێوان خۆی و هاوسەرەکەی دروستبووەو ماوەیەکی زۆر تووڕەبووە

www.netewe.com

# لێدەکەوێتەوە

لەهاوسەرەکەی و ماڵی جێهێشتووە. وەگ گوتی هەرچەندە ئێستا هیچ کیشەیەکیان نییە لەگەڵ هاوسەرەکەی، بەڵام هەر لەوکاتەوە پەیوەندی خۆی و هاوسەرەکەی باش نییەو ساردە. ئەو یەکێکە لەو ژنانەی بوونی مۆبایل بەهۆکاری ئاسانکاری دادەنێت بۆ هاوسەرەکەی کە پەیوەندی لەگەڵ ژنی دیکە دروستبکات لەدەرەی ماڵ. ئەو گوتی **«لەوکاتەوەی مۆبایل هاتووە، مێردەکەم هەمووکات تەلەفۆنەکەی لەدەستدایەو جگە لەوەی، کاتی زۆری رۆژانەی لەدەرەوەی ماڵەو زۆربەی رۆژەکان تەنیا بۆ نانخواردن و خەوتن دەگەڕێتەوە ماڵ»**. سروە، باسی لەوەکرد کە گومانی زۆری لەهاوسەرەکەی هەیە. **«خۆم زۆرجار گوێم لێبووە هاوسەرەکەم لەگەڵ ژنی دیکە بەتەلەفۆن قسەدەکات. ئەگەر پێیدەڵێم رەتیدەکاتەوە وابێت»**. بەگوێرەی ئەو ئامارەی کە لەدادگاکانی کوردستانەوە دەستی وارڤین کەوتووە، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لەسەرانسەری هەرێم دوو هەزار و ٩٤٦ حاڵەتی جیابوونەوە بەهۆکاری جیاواز هەبووە.

توێژەری کۆمەڵایەتی سارا حوسێن، هۆکارەکانی ناپاکی هاوسەرگیری بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە پیاوان ناپاکی هاوسەرگیری دەکەن و زۆرجار ژنان بۆ تۆڵەسەندنەوە لەمێردەکانیان بەهەمانشێوە وەڵامیان دەدەنەوەو ناپاکی هاوسەرگیری دەکەن. گوتیشی **«زۆر حاڵەتی وامان لایە بۆ تۆڵەسەندنەوە لەهاوسەرەکەی کە ناپاکی لێکردووە، ناپاکی دەکات»**. ئەو هۆکارەکانی بۆ چەند خاڵێکی دیکە گەڕاندەوە، لەوانە هەندێکجار لایەنی ماددیش کاریگەری دەبێ بۆ درووستبوونی ناپاکی هاوسەرگیری، هەروەها نەبوونی پەیوەندی بەهێز لەنێوان هاوسەرەکان و هاوسەرگیری زۆرەملێ جا چ بۆ کچ یان بۆ کوڕ بێت.

هەندێکجار ئەو کوڕوکچانەی لەلایەن خێزانەکانیان هاوسەری ژیانیان بۆ دەستنیشاندەکریت و بەدڵی خۆیان نییە، تووشی ناپاکی هاوسەرگیری دەبن، چالاکوانی بواری ژنان سۆزان فەقێ، لەبارەی ناپاکی هاوسەرگیری لەلایەن ژنانەوە گوتی **«ئەو ژنانەی بەزۆرەملی هاوسەرگیریان کردووە لەژێر فشاری باوک و براکانیان زیاتر دەکەونەناو ناپاکی هاوسەرگیری»**.

سارا حوسێن، باسی لایەنی نەرێنی ناپاکی هاوسەرگیری بۆ سەر خێزان و کۆمەڵگا کردو وەها درێژەی بەقسەکانی دا **«ناپاکی هاوسەرگیری دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان، هەندێکجار لەرێگەی ناپاکی هاوسەرگیری و دروستبوونی پەیوەندی ناشەرعی منداڵێک دروستدەبیت، کۆمەڵگا قبووڵی ناکات و رەتیدەکاتەوەو لەگەڵ ئەوەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان»**.

هەندێک کەس لەکۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆدا، بەهێنانەوەی چەند بیانوو و پاساوێک ناپاکی هاوسەرگیری دەکەن و پێچەوانەی بنەما ئایینی و یاسایی و نەریتەکانی کۆمەڵگا پەنای بۆ دەبەن. مامۆستای کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان حەسەن مەلا عومەر شێخانی، دەڵێ **«ناپاکی هاوسەرگیری بەشێکە لەو ناپاکییانەی کە ئایینی ئیسلام رەتیکردووەتەوە. لەڕووی ئایینییەوە ناپاکی هاوسەرگیری لەلایەن پیاو بێت، یان ژن وەک یەک سەیردەکرێت و هیچ جیاوازییەکی نییە»**.

پیاوان خۆیان دانبەوەدادەنێن لەدەرەوەی ماڵی خۆیان پەیوەندییان لەگەڵ ژنی دیکە هەیە، بەڵام زۆربەیان لەپشتی هاوسەرەکانیانەوە ئەو کارە دەکەن، جیا لە کاروان کە یەکێکە لەو پیاوانەی لەدەرەوەی ماڵی خۆیان پەیوەندی لەگەڵ ژنی دیکە هەیەو هاوسەرەکەشی بەپەیوەندییەکانی دەزانێت. وەک خۆی گوتی تەمەنی ٣١ساڵەو ماوەی ٤ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە بەخۆشەویستی، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی زۆر خراپە، گوتی **«هاوسەرەکەم کەسێکی زۆر ساردە لەهەموو پەیوەندییەکان، بەرلە هاوسەرگیری هەستم بەو ساردییە دەکرد، بەڵام گوتم رەنگە شەرم بکات، چونکە خێزانەکەیان داخراو بوو، بەڵام دوای تیپەڕبوونی کاتێکی زۆر هیچ نەگۆڕا. بۆیە پەنام بۆ کەسی دیکە بردووەو بە هاوسەرکەشم گوتووە من لەدەرەوەی ماڵ سێکسم کردووە، بەلایەوە ئاسایی بووە»**. ئەو باسی لەوەشکرد کە بە هاوسەرەکەی گوتووە دەتوانین جیا ببینەوە، گوتی **«هاوسەرەکەم پێیگوتم ناتوانم لێت جیا ببمەوە، چونکە خێزانێکی داخراومان هەیە، قبووڵی ئەوە ناکەن کچەکەیان جیا ببێتەوە»**.



www.netewe.com

## شەڵتەرەکانی داڵدانی ژنان لە سوید چۆن بەڕێوەدەچن؟

# لە سوید ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەهەڵکشاندایە



**وارڤین – تایبەت:**
هەلاڵە رافیع، بەڕێوەبەری ماڵی داڵدەدانی ژنان (نینا) لەسوید لەوتووێژێک لەگەڵ وارڤین، باس لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی سیستەمی شەڵتەرەکان دەکات و دەڵێ لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک سویدیش ڕێژەی توندوتیژی دژی ژن لەهەڵکشاندایە. ئەو گوتی «بەگوێرەی راپۆرتێکی شەڵتەرەکانی سوید لەم ١٠ دەساڵەی دواییدا توندوتیژی بەرانبەر بەژنان لەسوید لە ٣٣٪ زیادیکردووە. بەمەرجێ ئەو حاڵەتانەی کەپۆلیس لێی ئاگادارە، تەنیا٢٥٪ـە».

**وارڤین: لەلای ئێوە لەسەر چ بنەمایەک شەڵتەر کەیس وەردەگرێت، کێ چاودێری لایەنی ئاسایشی ئەو شەڵتەرانە دەکات؟**

– **هەلاڵە:** بنەمایەکی دیاریکراو نییە بۆ کەیس کە وەک مەرجێک بۆ وەرگرتن لێیانبڕوانرێت، هەر کەیسێک بێتە لای ئێمە هەستبکەین کە پێویستی بەکۆمەکە، لە تەلەفۆن و دانیشتنێکەوە بگرە تاپێویستی پاراستنی ژیانی، ئێمە دەبێ وەریبگرین و بەگوێرەی پێویست گرنگی پێبدەین. بۆیە کەیس هەیە رەنگە بۆ چارەکردنی کێشەکەی پێویستی بەتەلەفۆنێک بێت، کەیسیش هەیە رەنگە زیاتر لە ٥ ساڵ کاری لەسەر بکەیت و هێشتاش نەگەیتە چارەسەر. کەواتە هەرکەس پەنای بۆ شەڵتەرێک هێنا بۆ هاوکاری دەبێت هاوکاری بکرێت.

**وارڤین: ئایا یاسایەک هەیە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی شەڵتەرەکان؟**

– **هەلاڵە:** دیارە لەم وڵاتەش بەڕێوەبردنی شەڵتەرو کارکردن بۆ ئەو مەبەستە کاری ڕێکخراوە مەدەنی "NGO"کانە. یانی کاری دەوڵەتی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بنەمای هاوبەش هەیە کاری لەسەر دەکرێت، یاسایەکی تایبەت بەشەڵتەر نییە، بەڵکو بەگوێرەی ئەزمونی کارو لێزانینی، ئەو کەسانەی کار لە شەڵتەرەکە دەکەن و بەگوێرەی بنەمای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کارەکانی دەبەنەڕێوە.

جگە لەوە، دوو ناوەندی گەورە هەیە کە شەڵتەرەکان تێیدا ئەندامن و دەکرێ زۆربەی ڕێنوێنی و پرەنسیپی کار لەوێوە وەربگیریت. بۆیە بەرنامەو ڕێنامەی هەر شەڵتەرێک بخوێنیتەوە، دەبینیت کۆمەڵە خاڵێکی هاوبەش یان زۆر نزیک لەیەک هەیە لەنێوانیان، بەڵام کۆمەڵێک شتی گرنگ هەیە، لەهەموو شەڵتەرێکدا دەبێ ڕەچاو بکرێت. یەکێک لەوانە دەبێ هەر شەڵتەرێک ئامرازی پەیوەندیکردنی هەبێت، تا ئەو ژنانەی کێشەیان هەیە بتوانن لەڕێگایەوە پەیوەندی بەو شەڵتەرەوە بکەن، ئەمەش هەموو شەڵتەرێک هەیەتی. یەکێکی دیکە لەپرینسیپەکان پاراستنی نهێنییەکانی کەیس و لایەنەکانی دیکەی شەڵتەرەکەیە کە پێویست بکات و هەرکەس داوای کۆمەکی لەشەڵتەرێک کرد، دەبێ بەگوێرەی قسەی خۆی کۆمەکی بکرێت و ڕەچاوی قسەکانی خۆی بکرێت بۆ دانانی ڕێگاچارەکان.

**وارڤین: کێ لایەنی ئەمنی و ئاسایشی شەڵتەرەکان بەڕێوەدەبات؟**

– **هەلاڵە:** لەبارەی لایەنی ئەمنی شەڵتەرەکانەوە دیسان خودی خۆیان کاری خۆیان بەڕێوەدەبەن، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو کەسانەی، کەلە شەڵتەرەکان کار دەکەن، خولی تایبەت بەچۆنیەتی بەڕێوەبردن و پاراستنی شەڵتەر دەبینن. هەندێک شەڵتەری گەورە هەیە، کە ناونیشانی دیارەو بەئەمنیەتێکی زۆر پارێزگاری دەکرێت. بۆ نموونە لەستۆکهۆڵم تەنیا یەکێکیان وایە بەناوی (ماڵی هەموو ژنان). بەشێوەیەکی گشتی ئەو جێگایانەی دەکرێنە شەڵتەر نابێ وەک ماڵێک ناونیشانی شەڵتەرەکەی لەسەر بێت، یان ڕەنگە ناوی کەسێک لەسەر ئەو خانووە بنوسرێت کە دەکرێتە شەڵتەر، بۆ ئەوەی وەک شەڵتەر دیار نەبێ و نهێنی بێت.

ئەگەر کەسێک هاتە ئەو شەڵتەرانەو پێوستی بەپاراستنی زیاتر هەبێت و پێویستی کرد کە ناونیشانەکەی نهێنی بێت لەدەرەوەی شەڵتەرەکان، یان کە لەشەڵتەر نامینێت، ئەوە پۆلیس هاوکاری شەڵتەرەکان دەکات و هەموو ناونیشانێکی ئەو کەسە نهێنی دەکات، هیچکەس ناتوانێ وەریبگرێت، هەرشتێکیش لەباری ئاسایشەوە ڕوویدات ئەوە پۆلیس بەزووترین کات هاوکاری دەکات و هاوکاری پێویست هەیە لەنێوان پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان و شەڵتەرەکاندا.

**وارڤین: دەکرێت بزانین لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک سوێد چەند شەڵتەر هەن،**

www.nelewe.com

**یاخود ئایا ژمارەی شەڵتەرەکان بەگوێرەی پێویستن؟**

– **هەڵاڵە:** لەسویدا ٢٩٠ کۆمۆن یان شارەوانی هەیە. ئەگەر شەڵتەرەکان دابەش بکەی بەسەر کۆمۆنەکاندا، هەرکۆمۆنێک بەلایەنی کەم شەڵتەرێکی بەردەکەوێت، بەڵام زیاتریش لەژمارەی کۆمۆنەکان هەیە. بەگوێرەی ڕێژەی ئەو شەڵتەرانەی کە ناویان تۆمارکراوە زیاتر لە ٣٠٠ شەڵتەر هەیە، جیا لەوەش هەندێک شەڵتەر هەیە، ناویان تۆمارنەکراوەو کاریش دەکەن.

لەسوید دوو ناوەندی سەرەکی هەیە بۆ شەڵتەرەکان، لەهەر بنکەیەکیان کۆمەڵێک شەڵتەر تێیدا ئەندامن، شەڵتەرەکان دەتوانن زۆر ڕێنوێنی و ماتریاڵ و شێوەی کار لەو ناوەندانەوە وەربگرن و ئەو ناوەندانە زانیاری و خولی جۆراوجۆری بەردەوامیان بۆ شەڵتەرەکان هەیە. بۆیە زۆربەی شەڵتەرە پرۆفشناڵەکان دەبێ لەم دوو ناوەندە ئەندام بن. لە شەڵتەرەکانیش جیاوازی و تایبەتمەندی هەیە، هەیە تایبەت بەژنانە، هەیە بۆ کچانی گەنجە، هەیە تایبەت بە ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەتە، شەڵتەری تایبەت بەپیاویش هەیە ئەوانەی زەبروزەنگ بەکاردەهێنن و دەیانەوێت لەو شەڵتەرانەدا ئەوکێشەیە چارەسەربکەن، هەموو جۆرە شەڵتەرێک لێرە هەیەو بێگومان پێویست بە شەڵتەری دیکەش دەکات دابمەزرێت.

**وارڤین: بۆچی لە وڵاتێکی وەک سوید ئەم هەموو شەڵتەرەی تایبەت بەژن هەیە؟**

– **هەڵاڵە:** بێگومان پێویستە ئەوەمان لەبەر چاو بێت، کە لەهەموو وڵاتانی دنیا تائێستاش توندوتیژی بەرانبەر بەژنان بوونی هەیە، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی شەڵتەرەکانی سوید هاتووە، کە لەم ١٠ دەساڵەی دواییدا لە ٣٣٪ توندوتیژی بەرانبەر بەژنان لەسوید زیادیکردووە بەمەرجێ ئەو حاڵەتانەی کەپۆلیس لێیئاگادارە، تەنیا (٢٥٪)ـە. بۆیە زیادبوونی ژمارەی شەڵتەرەکان بەگوێرەی زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی شتێکی چاوەڕوانکراوە.

**وارڤین: ئەو کەموکوڕییانەی ڕووبەڕووتان دەبێتەوە لەبەڕێوەبردنی شەڵتەرەکان چین؟**

– **هەڵاڵە:** وەک دەزانن زۆربەی کاری شەڵتەرەکان، وەک ڕێکخراوەکانی (NGO) کاری خۆبەخشە زیاتر، هەر وەک لای خۆمان توانای کەمیان لەبەردەستدایە، هاوکارییەکانیش بەگوێرەی پڕۆژەی کاتی

◆◆◆

**یەکێک لەداواکارییەکانی شەڵتەرو ڕێکخراوەکانی سوید ئەوە بوو کە نابێ هاوکاری شەڵتەرەکان بەگوێرەی پڕۆژەی کاتی بێت، بەڵکو دەبێ بە بەردەوامی هاوکاری و بودجەیەکیان بۆ دابینبکرێت، تابتوانن باشتر کارەکانیان ڕاییبکەن**


◆◆◆

دەدرێتە شەڵتەرەکان، نەک بەساڵانەو بڕە پارەی بەردەوام. دەبێ هەموو ساڵێک پڕۆژە بدەیت، ڕاپۆرت بدەیت لەبارەی چۆنیەتی خەرجی پڕۆژەکان، دیسان پڕۆژە بدەی تا هاوکاری بکرێی لەساڵی داهاتوو، تا دووبارە بتوانی کارەکانتی پێ بەڕێوەببەی، ئەمەش ماندووبونێکی زۆری تێدایە بۆ شەڵتەرەکان. لەباشترین حاڵەتدا ئەگەر شەڵتەرێک توانیبێتی پێنجکەس دامەزرێنێ کە کار بکات، پێویستی بەپێنج کەسی دیکەش دەبێ کە بەخۆبەخش کار بکات. ئەمەش وایکردووە، لێرەش شەڵتەرەکان نەتوانن وەک پێویست بگەنە ئامانجەکانیان، بۆیە ئەمساڵ لەرۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، یەکێک لەداواکارییەکانی شەڵتەرو ڕێکخراوەکانی سوید ئەوە بوو کە نابێ هاوکاری شەڵتەرەکان بەگوێرەی پڕۆژەی کاتی بێت، بەڵکو دەبێ بە بەردەوامی هاوکاری و بودجەیەکیان بۆ دابینبکرێت، تابتوانن باشتر کارەکانیان ڕاییبکەن، چونکە لایەنی ئابووری تائێستا بۆ شەڵتەرەکان کێشەیەو کاریگەری بەسەر چالاکتربوونی کارەکانەوە هەیە. بۆ نموونە: ناتوانن ڕاگەیاندنیان وەک پێویست بێت، تابتوانی بەهەموو ژنان ڕابگەیەنیت، ئەوە شەڵتەرێک هەیە بۆ داڵدەدانی ئێوەو لەکاتی کێشەکان پەنای بۆ ببەن. یان هەندێ شەڵتەر توانای ڕاگرتنی کەسانی پسپۆڕیان نییە بۆ هەڵسووڕانی کارەکانیان.

**وارڤین: بەگوێرەی زانیارییەکان ڕێژەی زۆری ئەو ژنانەی ڕوو لە شەڵتەرەکانی ئێوە دەکەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، ڕەوشی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سوید چۆنەو لەچ ئاستێکدایە؟**

– **هەڵاڵە:** کێشەیەکی دیکەی ئەو شەڵتەرانەی لێرە کار دەکەن، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا ئەوەیە، ناتوانن تێگەیشتنێکی زانستیانەو واقیعییانەیان هەبێت بۆ کێشەی ئەو ژنانەی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوون. ئەوەش یەکێکە لەکێشە دیارەکانی ئەو ژنە پەنابەرە ڕۆژهەڵاتییانەی هاتوون و پەنایان بۆ شەڵتەرەکان بردووە بۆ چارەسەری کێشەکانیان. سەرەڕای ئەوەی کە بنەماکانی مافی مرۆڤ بۆ هەمووان یەکێکەو یەک مامەڵەی بنەڕەتی دەوێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەندێ وردەکاری هەیە لەپراکتیکدا دەبێت ڕەچاو بکرێ. چونکە شەڵتەرێک بەکەلتوورو شێوەی هەڵسووکەوتی لەگەڵ نەریتی سوید چووبێتەڕێوە، ناتوانێت لەکێشەو کۆدە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوان و وڵاتانی دیکە تێبگات بۆ چارەسەر لەکاتی پێویست و بەگوێرەی پێویست. ئەم کێشەیە بەسازکردن و کردنەوەی خولی ڕاهێنان و خوێندن چارەسەر نابێت، چونکە ئەوە ڕاستییەکە بۆ نموونە: ئێمە هەرچەند شارەزاییمان هەبێت، ئەگەر ئێستا کچێکی ئەفریقی یان سۆماڵی بێتەناو شەڵتەرەکەمان بێگومان کاری بۆ دەکەین، بەڵام ڕەنگە نەتوانین وەک کچێکی کورد، یان عەرەب هاوکاری بین، چونکە ئێمە زیاتر شارەزای کەلتوور و دابونەریتی ئەو وڵاتانەمان هەیە کە لێوەی هاتووین. ئاگاییمان لەپەروەردەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، ئەوە یەکێک لەو کێشانەیە، کە لەشەڵتەرەکان هەیەو پێویستە ڕێگاچارەی ئەوەش بدۆزرێتەوە کە بەبڕوای من بەکارهێنانی وزەو توانای خەڵکە هەڵسووڕاو و شارەزاکانی خودی ئەو وڵاتانە کە ئەو خەڵکەی لێوە هاتووە باشترین چارەیە.

هەڵبەتە ئەمە ئەوە ڕەتناکاتەوە، کە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بۆ هەموانە، پێویستە هەموان بەبێ لەبەرچاوگرتنی زمان، نەتەوە، ئایین، لەهەمان مافی مرۆڤ بەهرەمەند بن، بەڵام لەوانەیە بۆ چارەسەری کێشەکۆمەڵایەتییەکان هەریەک شێوەو ڕێگای تایبەتی پێویست بێت.



ئاڤان فارس جاف

# مەلایەکی بەناوبانگی هەولێر ٤ براژنی خۆی بەتەڵاقدان داوە

**وارڤین - تایبەت:**

**دوو لەو ژنانەی بەهۆی کاریگەری مەلایەکی بەناوبانگی هەولێر لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە تەڵاقدراون، رووداوەکە بۆ وارڤین ئاشکرا دەکەن. بەپێی گوتەکانیان یەکێکیان بەهۆی ئەوەی کوڕی نەبووەو تەنیا کچی بووە، مەلاکە براکەی هانداوەو بەو هۆیەوە تەڵاقدراوە. هاوکات براژنەکەی تری ئەو مەلایە دەڵێ «بەهۆی ئەوەی مەلا حەزی کردووە هاوسەرەکەم ژنی دووهەم بهێنێت، بەتەڵاقدانی دام و دوای ئەوەی لەکەسێکیتر مارەبڕکرام، مەلا هەڕەشەی کوشتنی لە دەستگیرانەکەم کرد».**

## مەلا وەک هۆکاری لێکترازانی خێزان

لەهەرێمی کوردستان بەپێی ئامارە فەرمییەکان زیاتر لە ١ ملیۆن کەس دەچێتە نوێژی هەینی و کاریگەری مەلاکانیش لەسەر هەندێ لەخێزانی کوردی زۆرە، بەڵام رووداوی گێڕانەوەی تەڵاقدانی چوار ژن بەهۆی کاریگەری مەلایەکەوە جێگەی هەڵوەستەکردنە کە وارڤین لەسەر زاری دوو لەو ژنانەوە رووداوەکە ئاشکرادەکات.

یەکێک لەو ژنانەی بەکاریگەری ئەو مەلایە تەڵاقدراوە ناوی روونـاکەو ژنێکی ٤٣ساڵییە. ئەو ژنە خاوەنی ٥ کچەو ئەو مەلایەی هۆکاری جیابوونەوە لەمێردەکەی بووە، شووبرایەتی و یەکێکە لەمەلا دیارەکانی شاری هەولێر. روونـاک هۆکاری جیابوونەکە بۆ کاریگەری مەلا (م) دەگەڕێنێتەوە کە بەبراکەی گوتووە روونـاکی ژنت تەنیا کچی دەبێت و کوڕی نابێت، بۆیە پێویستە تەڵاقی بدەیت و ژنێکیتر بهێنیت.

## ١٠ ساڵ لە هاوسەرێتی ٣ جار تەڵاقدان

وێڕای ئەوەی روونـاک باسی لەوەکرد هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ (س)ی هاسەری بەرێکەوتبووە، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لەماوەی ١٠ساڵ لەژیانی هاوسەرێتیدا ٣جار تەڵاقدراوە «**دووجار لای مەلا بەزارەکی و جارێکیش بەفەرمی لەدادگا تەڵاقدراوم**». ئەو ژنە سەرەتا چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە چۆن لەلایەن هاوسەرەکەیەوە چەوسێندراوەتەوە، بەڵام لەبەرخاتری منداڵەکانی بەرگەی هەمووشتێکی گرتووەو ئامادەنەبووە مێردەکەی جێبهێڵێت. «**جارێک بەچەقۆ لێیدام جارێکیش ئاوی گەرمی پێداکردم، بەڵام ماڵی باوکم لەمە ئاگادارنەکردەوە، تاماڵم لێ تێکنەچێت**». دوای ئەوەی هاوسەری روونـاک بەکاریگەری مەلا (م)ی برای، ژنی دووهەم دەهێنێ، ماڵێک بۆ روونـاک لەبەحرکە دادەنێت و بەپێی گوتەی خۆی ماوەی ساڵێک لێیاننەپرسیێتەوە. «**من و منداڵەکانمی نەدەویست**». روونـاک دەڵێ بەرلەوە رۆژێک هاوسەرەکەم بەچەقۆ لێیدام، خوێنم نەدەوەستاو رۆیشتمە بنکەی پۆلیسی ئاشتی لە هەولێر سکاڵام تۆمارکرد، بەڵام ئەوەی سەیربوو مێردەکەم بەکەفالەت ئازاد کرا. لەوکاتەی ئەو ژنە هانا بۆ مەلا (م) دەبات کە بەچەقۆ لەلایەن مێردەکەیەوە لێیدراوە مەلاکە بەهانای نایەت و روونـاک دەڵێ «**١٠ رۆژ دوای ئەوەی کچی پێنجەمم بوو پێڵەقەی لەسۆبەداو ئاوی گەرمی پێداکردم، مەلا (م)،کە ئامۆژگاری خەڵک دەکات ئامۆژگاری براکەی خۆی نەکرد**».

## "ئەوجارە هاوسەری براکەم کوڕی دەبێت"

روونـاک، بۆ دواجار دەچێتە بەڕێوەبەرایەتی بەداواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەوێ پێیدەڵێن، کێشەکەی لەدادگا چارەسەر دەکرێت. دوای تۆمارکردنی سکاڵا روونـاک «**لەبری مارەیی خانوویەک لەبەحرکە وەردەگرێت و بە ١٠ هەزار دۆلار دەیفرۆشێت**». ئێستا بەهاوکاری رێکخراوێکی ئافرەتان بۆئەوەی مافی بینینی منداڵەکانی پێبدرێت داوای تۆمارکردووە و دەڵێ « **بۆبینینی منداڵەکانم دەچوومە قوتابخانەکەیان، بەڵام هاوسەرەکەم (س) رۆشتبووە لای مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیەو پێیگوتبوون نابێ رێگەبدرێت روونـاک چاوی بەو منداڵانە بکەوێت**. ئەو ژنە باسی لەوەکرد، کچەگەورەکەی تەمەنی ٨ساڵە لەوکاتەی روونـاک لەقوتابخانەکە سەردانیکردبوون، بەگوتەی خۆی ئەو کچە **پێیگوتبوو مەیە بۆلامان، چونکە دوایی باوکم بەسۆندە لێماندەدات**». سەبارەت بەمافی بەخێوکردنی منداڵەکان گوتی «**ماوەیەک منداڵەکانم لامبوون، لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی دارایی مێردەکەم زۆر باشبوو، ١٩٠هەزار دیناری چاپی عێراقی نەفەقەی بەخێوکردنی منداڵەکانم لەدادگا بۆ بڕایەوە، سیانیان قوتابین، بەڵام چی بەو پارەیە بکەم. هەڕەشەی ئەوەشی لێدەکردم ئەگەر منداڵێک تووشی هەرشتێک بێت ئەوا ٢٠ هەزار دۆلارم لێدەسەنێت، منیش لەترسان منداڵەکانم بۆ لای باوکیان ناردەوە**». هەروەها گوتیشی: «**تەلەفۆنم بۆ مەلا (م)، کردو تکام لێکرد کە ماڵم لێتێکنەدات و پێمگوت دەستت ماچ دەکەم با لەگەڵ منداڵەکانم دانیشم، گوتی نابێت و ژنمان بۆبراکەم هێناوە ئێستا سکیپڕەو سۆنەری کردووە، ئەوجارە**

www.netewe.com

هاوسەری براکەم کوڕی دەبێت».

تابان، ژنێکی دیکەیەو تەمەنی ٢٩ ساڵە. براژنێکیتری ئەو مەلا بەناوبانگەی شاری هەولێرەو ئەو ژنەش چیرۆکیتری پێیە کە نزیکەی ساڵێکە تەڵاقدراوە. خاوەنی ٤منداڵەو یەکێک لەمنداڵەکانی مردووە. ئێستا دوومنداڵ لای باوکی و یەکێکیان لای خۆیەتی. سەبارەت بەبەخێونەکردنی منداڵەکانی دەڵێ «مێردەکەم و خێزانەکەی هەڕەشەیان دەکرد، ئەگەر منداڵێک لای من شتێکی بەسەربێت، ئەوا دەبێتە شەڕی بنەماڵەیان. کوڕەکانیشم زۆر بزێون و لەترسان منداڵەکانم بۆ لای هاوسەرەکەم ناردنەوە». سەبارەت بەوکێشەی لەگەڵ (ع) هاوسەری پێشووی هەبوو تابان، دەڵێ «نزیکەی سیانزە ساڵبووم کە داوایانکردم، لەبەرئەوەی هاوسەری پێشووم خزمی دایکم بوو، منیان لەومارەکرد. بەڵام (ع) زۆر دڵپیسبوو بەردەوام بیانووی پێدەگرتم. تابان، دەڵێ، ماوەیەکی زۆر بەرگەی هەموو ئەو کێشانەی گرتووە کە لەلایەن خێزانی مێردەکەیەوە بۆی دروستکراون، چونکە حاڵی ړووناکی براژنی بینیوە نەیویستووە وەک ئەوی لێبێت. بەپێی قسەی ړووناک و تابان، ئەو ماڵە دوو بووکیتریان بەکاریگەری ئەو مەلایە تەڵاقداوەو بەو دوو ژنەشەوە ئێستا ١١منداڵی بێدایکیان هەیە. تابان، دەڵێ «سێ بووکیان پێش من تەڵاقدا. حاڵی ئەوانم بینی دوای ئەوەی ژنی دووهەمیان بەسەردەهات چەند خراپبوو. بەردەوام کێشەیان بۆژنی یەکەم دروستدەکرد تابێزاریان دەکرد بۆئەوەی بڕوات». دوای ئەوەی مێردەکەی تابانیش ژنی دووهەم دەهێنێ هەوڵدەدات وەک براژنەکانی دەرنەکرێت. «زۆر پیاوماقووڵ و کەسی سیاسیم ناردەلایان کە داوایان لێبکات، کێشەم بۆدروستنەکەن، وازملێبهێنن لەگەڵ منداڵەکانم بژیم. بەڵام دوای لەڕێگەی خزمێکی ئەوانەوە زانیم کە دەیانەوێت بەفێڵ بمبەنە دادگا بۆ ئەوەی ڕەزامەندی گرێبەستی هاوسەرگیری بۆئەو ژنەی بەسەرم هاتبوو واژۆ بکەم، دوایی تەڵاقمبدەن، بۆیە ڕازینەبووم». بەگوتەی تابان، مەلا (م)، لەدادگای مەخمور هاوسەرگیری بۆ ئەو ژنانە ئەنجامداوە کە بەسەر و ژنە تەڵاقدراوەکانیتر هاتوون. دوای ئەوە (ع)، لەدادگای کۆیە داوا لەسەر تابانی ژنی تۆماردەکات و داوای جیابوونەوەی لێدەکات. (ع) داوای تۆمارکرد و داوای جیابوونەوەی کرد، منیش لەسەر جیابوونەوەکە ڕازیبووم، چونکە دەمزانی ناهێڵن دانیشم. ئەو ژنە دەڵێ «بەلێدانی (ع) جارێک پەراسووم شکاوەو شەش تەقەڵیش بەسەرمەوەیە».

## مەلا هەڕەشە دەکات

سەبارەت بەڕۆڵی مەلا (م)، لەو کێشانە تابان، گوتی «زۆرجار دەمگوت مامۆستا خێرتدەگات، پێیبڵێ باوامان لێنەکات، دەیگوت تەحەمولکە دنیا پێنج و دوو ڕۆژێکە. هەرچەندە دراوسێیان بووم و بەردەوام خزمەتی ماڵومیوانی ئەوم دەکرد. ئەو بۆ قسەی باش ڕۆڵی نەبوو، بەڵام بۆتێکدان و هێنانی ژنی دووهەم پشتگیریان بوو. بەتایبەت لەتێکدانی ماڵی ړووناک ئەو هۆکاری سەرەکی بوو». دوای جیابوونەوە لەمێردەکەی تابان، دەیەوێ بۆجاری دووهەم هاوسەرگیری بکات، بەڵام بەپێی قسەی ئەو «مەلا (م) و (ع) هاوسەری و برایەکیتریان کە لەدەرەوەی وڵات دەژی هەڕەشە لەدەستگیرانەکەی دەکەن ودەڵێن ئەگەر بیگوازێتەوە دەیکوژن». «من لەمانگی ٩وە مارەبڕاوم دەستگیرانەکەم ناتوانێ بمگوازێتەوە. گوایە مەلا (م) پێیشەرمە براژنی شووبکاتەوە». هاوکات تابان و ړوناک، گلەیی لەحکوومەت دەکەن کە وەک پێویست بەدواداچوون بۆکێشەکانیان نەکراوە لەبەرئەوەی «مەلا (م) واستەی هەیەو هەموو دادوەرەکان لەهەولێر دەناسێت».

لە ٢٣-٣-٢٠١٠تابان، لەدادگای کۆیە بەدانیشتنێک لە (ع) جیادەبێتەوەو لە١٩-٩-٢٠١٠ دەیەوێت شووبکاتەوەو مارەدەکرێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێ « مەلا (م)و هاوسەری پێشووم (ع) و برایەکیتری هەڕەشە لەدەستگیرانەکەم دەکەن ئەگەر بمگوازێتەوە لەهەولێر سەریدەبڕن». لە ٢٠١٠/٩/٢٥ تابان، داوا لەسەر مەلا (م) و براکانی بەتۆمەتی هەڕەشەلێکردن تۆماردەکات. بەڵام تائێستا دەستگیرنەکراون. «مەلا (م) لە هەولێر پشتگیری لێدەکرێت. (م)دەڵێ من جنێو بەحکوومەتیش دەدەم، بەڵام دەزانم چۆن. بۆیە کەس هیچم پێناڵێت». تابان دەڵێ «حکوومەت ئەو هەموو هاوار هاوارە بۆ مافی ژن دەکات، لەکاتێکدا ئێمە ئەو هەموو زوڵمەمان بەرامبەر دەکرێت، بەڵام پیاوەکان هەر دەستگیریش ناکرێن؟». ړووناکیش هەمانڕای هەیە «ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتگیرینەکرێن، چۆن دەتوانن ئەو هەموو زوڵمە بکەن». بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەداواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، نەقیب ژیلەمۆ دەڵێ «ئێمە لەسەرەتادا ڕێنمایی تابانمان کرد، بۆئەوەی لە کۆیە داوابنووسێت، چونکە ئەو لەوێ دادەنیشێت و سەربەو سنوورەیە. ئەویش داواکەی تۆمارکردو فەرمانی دەستگیرکردنی چەند کەسێک دەرچووە. فەرمانەکە لەلایەن پۆلیسی کۆیە ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێرکراوە، لەوێشەوە ڕەوانەی پۆلیسی ڕۆژهەڵات و ئێستا لەبنکەی پۆلیسی ڕاپەڕینە».

## لێپێچینەوە لەگەڵ مەلاو براکانی نەکراوە

لەبارەی دەستگیرنەکردنی تۆمەتباران نەقیب ژیلەمۆ گوتی «لەفەرمانەکەی دادگادا نوسراوە کە بەهاوکاری دادخواز شوێنی دانیشتنیان دیاریبکرێت، بەڵام تابان نەهاتبوو، کە شوێنی دانیشتنیان بەپۆلیس بڵێت. ئەو ڕێگایە بۆپۆلیس ئاسانترە چونکە هەولێر شارێکی گەورەیەو خەڵکدۆزینەوە وائاسان نییە».

لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیسی کۆیە بەوارڤینی ڕاگەیاند «له٢٩/٩/٢٠١٠ لەلایەن تابان داوا لەسەر مێردەکەی پێشووی و ئەو خێزانە بەتۆمەتی هەڕەشەکردن لەدەستگیرانەکەی، تۆمارکراوە. ئێمەش فەرمانی دەستگیرکردنمان ڕەوانەی پۆلیسی هەولێرکردووە لەبەرئەوەی تۆمەتباران دانیشتووی هەولێرن. بەڵام تائێستا کەس دەستگیرنەکراوە، دوای ماوەیەکی تر ئەگەر هەر دەستگیرنەکران ئێمە جەخت لەسەر نووسراوەکەمان دەکەینەوە».

بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی فەرمی لەدادگای کۆیە، دەستێوەردان لەوداوایەدا کراوەو ئێستا دۆسیەکە لەدادگایی کەتنی ٣ـی هەولێرە.

**تێبینی: ړووناک و تابان دوو ناوی خوازراون.**



www.netewe.com

### لەژێر هەڕەشەدا براژنەکەی ناچار دەکات سێکسی لەگەڵ بکات

# هاوسەری ژنەکە «دوای سێ ساڵ زانیم منداڵەکان هی من نین»

**بەهۆی ئەوەی لەگەڵماڵی براکەی لەخانوویەکی بچووکدا بوون، شەوانە فەریدەی هاوسەری ئەنوەری پێشمەرگە، کاتێ ئەنوەر لەماڵ نەبوایە لەگەڵ ماڵی ئەحمەدی شووبرای دەخەوت. فەریدە لەهاوسەری خۆی هیچ منداڵێکی نەبوو، چونکە هاوسەرەکەی نەزۆک بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی شووبراکەی لەژێر هەڕەشەدا سێکسی لەگەڵ دەکرد، سێ منداڵی خستبووەوە. دوای ئاشکرا بوونی رووداوەکە فەریدە، خۆی دەسووتێنێت و ئەحمەد رادەکات و ئەنوەریش دەکوژرێت. ئەمە پوختەی ئەو چیرۆکەیە کە سەرەتاکەی لە ١٩٩٧ وە دەستپێدەکات و لەناوەڕاستی مانگی رابردوودا بەکوشتنی ئەنوەر کۆتایی هات.**

فەریدەو ئەنوەر هاوتەمەن بوون ئەوان لە١٩٩٧ بەیەکەوە ژیانی هاوسەرییان پێکهێنابوو. فەریدە، ژنێکی تەمەن ٣٢ساڵ، ژنی ماڵ، دانیشتووی قەزای کۆیە بوو. سەرەتای ژیانیان بەخۆشی دەستپێکردووە، بەگوتەی فەریدە، ماوەی چەند ساڵێک ژیانێکی خۆشیان بەسەربردووە. تەنیا کێشەی ئەوان منداڵنەبوون بووە. فەریدە بۆ پۆلیس گوتویەتی **«بەگوێرەی پشکنینی پزیشکی کێشەکە لەئەنوەر بووە، ژیانێکی ئاسایی ژیاون و هیچ ترسێکی لەتەڵاقدان یان ژن بەسەرهێنان نەبووە»**.

لەبەرئەوەی ئەنوەر، پێشمەرگە بووە، زۆر شەو نەیتوانیوە بڕواتەوە ماڵ و فەریدەی هاوسەری لای ماڵی ئەحمەدی برای خەوتووە کە زیاتر پێکەوەبوونە. ئەحمەد، براگەورەی ئەنوەرە، کاسبەو خاوەنی سێ ژن و یانزە منداڵە. فەریدە، زیاتر لەگەڵ لانەی هاوسەری ئەحمەد ماوەتەوە.

ئەحمەدی براگەورە چاو دەبڕێتە براژنی خۆی و شەوێک ناچاریدەکات سێکسی لەگەڵ بکات. فەریدە، لەو بارەیەوە گوتوویەتی **«شەوێک ئەحمەد، لەماڵی یەکێک لەژنەکانی هاتەوەو بەزۆر هاتە ئەو ژوورەی منی لێخەوتبووم و دەمانچەکەی خستەسەرسەرم تا خۆمم تەسلیم کردو سێکسی لەگەڵ کردم»**.

ئەو گوتووشیەتی **«لانە، ژنی ئەحمەد، ئاگای لێبوو، بەڵام نەیوێرا قسەبکات، چونکە هەموو کەس لەو بنەماڵەیە زۆر لەئەحمەد دەترسێن. پیاوێکی دڕندەو بێبەزەییە»**.

فەریدەو ئەنوەر تاکە کێشەیان نەبوونی منداڵ بووە، لەو ماوە زۆرەی بەیەکەوەبوون و منداڵیان نەبوو بەهۆی ئەوەی دکتۆر، بەئەنوەری گوتبوو کە منداڵت نابێت، ئیدی وەک نەریتی کوردەواری روویانکردووەتە سەر مەزاری پیر و پیاوچاکان.

دوای ئەوەی ئەحمەد، سێکس لەگەڵ فەریدە دەکات، فەریدە سکی پڕدەبێت و کوڕێکی دەبێت، لەدایکبوونی ئەو کوڕە بە **«هیمەتی پیاوچاکان و ئەنجامی سەردانی مەزارەکان»** لەلای ئەنوەر لێکدەدرێتەوە.

ئەنوەر **«وامانزانی خودا شیفای ناردووە، چونکە سەردانی مەزاری زۆر لەپیاوچاکانمان کرد. کوڕەکەشم نیشانەیەک لەسەر کەلەکەی بوو، گوتیان ئەوە نیشانەی پیاوچاکەکەیە»**.

ماوەی سێ ساڵ پەیوەندی سێکسی نێوان ئەحمەدو فەریدە، بەنهێنی بەردەوام دەبێت. لەوماوەیەدا فەریدە، سێ منداڵی دەبێ و یەکیان دەمرێت. ئەنوەر، هەست بەهیچ شتێکی نامۆ ناکات و دڵی زۆر بەمنداڵەکانی خۆشدەبێت.

**«هەرجارێک ئەنوەر، لەماڵ نەبوایە ئەحمەد سێکسی لەگەڵ دەکردم. تا سێ منداڵم بوو ئاشکرانەبوو»** ئەوە گوتەی فەریدەیە، لە ٢٠٠٨/٢/١٤ لەنەخۆشخانەی ئیمیرجنسی شاری هەولێر، لێیوەرگیراوە.

فەریدە، لەگوتەکەیدا دەڵێ **«لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا هەمیشە لەدڵەڕاوکێدا بووم. شەوان لەخەو رادەپەڕیم. ئەنوەر، دەیگوت لەچ دەترسێی؟ هەمیشە سێبەری ترسی ئەحمەد لەدڵمدابوو. دووجار هەوڵی خۆکوشتنمدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم، چونکە دەمزانی ئەو منداڵانە هی ئەحمەدە. ئەنوەریش منی زۆر خۆشدەویست»**.

لەو ماوە زۆرەدا فەریدە، شتێکی نەکردووە تاکو ئەنوەر هەستبکات، بەگوتەی کەسێکی نزیک لەئەنوەر **«لەزۆر دانیشتن و میوانداریدا**

◆◆◆

**هەرجارێک ئەنوەر، لەماڵ نەبوایە ئەحمەد سێکسی لەگەڵ دەکردم. تا سێ منداڵم بوو ئاشکرانەبوو**

◆◆◆

www.netewe.com

> **ماڵی باوکی فەریدە «خۆیان لێ بەخاوەن نەکردووەو گوتیان، هەموو بڕیارێک لەدەست مێردەکەیەتی»**

زۆرکەس بەئەنوەریان دەگووت، منداڵەکانت زۆر لەئەحمەدی برات دەچن. لەڕاستیشدا شێوەیان زۆر لەئەحمەد دەچێت، تا تەواو کەوتە گومانەوەو ڕۆژێک بەمنی گووت کەمێک سەرم دێشێت دەچم بۆلای دکتۆر، تۆمەیە دەمەوێت بەتەنیا بچم».

ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٣، ئەوکاتە خاوەنی سێ منداڵە، دەچێتە لای دکتۆر، دووبارە پێیدەڵێت کە منداڵت نابێ. بەپێی گوتەی ئەنوەر «خۆی بەدڵیدا هاتووە، بچێت پشکنینێکی خۆی بکات، هەرچەندە نەخۆشیش نەبووە، چونکە لەساڵی ٢٠٠١دا لەپشکنینی پزیشکی پێیگوتراوە، تۆ منداڵت نابێ و ئێستا خاوەنی سێ منداڵە».

ئەنوەر، دەڵێ «دوای ئەوەی چەندجارێک لەدکتۆرم دووبارە کردەوە، دڵنیای منداڵم نابێت گوتی، بەڵێ. زۆربێتاقەت بووم، یەکڕاست ڕۆیشتمەوە ماڵ بەخێزانەکەمم گوت، من منداڵم نابێ، ئەو منداڵانە هی کێن؟ ئەویش گوتی، ئەگەر بەڵێن بدەی نامکوژی پێتدەڵێم، بەڵێنم پێداو گوتی هی ئەحمەدی براتە و بەزۆر سێکسی لەگەڵ کردووم. منیش تەلەفۆنم بۆ براکانی کرد، بێن بیبەنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام فەریدە پەلاماری نەوت شقارتەی داو خۆی سووتاند، من کوژاندمەوەو بردم بۆ خەستەخانە».

فەریدە، بەرلەمردنی لەگوتەکەیدا دەڵێ «٣-٢ ئەنوەر، هاتەوە ماڵ ڕەنگی تێکچووبوو، گوتی من منداڵم نابێت ئەو منداڵانە هی کێن، بێ دوودڵی گوتم هی ئەحمدی براتە. ئەویش تەلەفۆنی بۆ براکانم کرد، منیش لەترسان خۆم سووتاند».

لە ٢٠٠٨/٤/٨ دوای ئەوەی فەریدە، لەنەخۆشخانە لەسەر قسەی دکتۆر دەردەچێت، ڕەوانەی زیندانی کۆیە دەکرێت، لەوێ ژیان لەدەستدەدات. لەراپۆرتی پزیشکیدا هاتووە «ڕێژەی سووتانی فەریدە پلەدووە. هۆکاری مردنەکەی وەستانی گورچیلەکانیەتی» هاوکات بەگوێرەی قسەی سەرچاوەیەکی نزیک لەماڵی ئەنوەر «فەریدە لەو ماوەیەی لەخەستەخانە دەردەچێت ژەهرخوارد کراوە، چونکە کاتێک ڕەوانەی زیندانی کۆیە کراوەتەوە تەندروستی بەرەوباشبوون چووە».

لەوماوەیەشدا ماڵی باوکی فەریدە «خۆیان لێ بەخاوەن نەکردووەو گوتیان، هەموو بڕیارێک لەدەست مێردەکەیەتی». هەرچەندە دوای سووتانی فەریدە، ئەنوەر، تەڵاقینادات لەبنکەی پۆلیسی کۆیە سکاڵا لەسەر ئەحمەد، تۆماردەکات، بەڵام دەستگیر ناکرێت.

بەگوێرەی قسەی سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کۆیە «ئەحمەد ڕادەکات و دەچێتە موسڵ، تائێستا لەگەڵ ئەوەی گومانی کوشتنی ئەنوەریشی لێدەکرێت، دەستگیرنەکراوە».

لەگەڵ ئەوەی فەریدە، ئیفادەی لەسەر ئەحمەد داوە کە منداڵەکان هی ئەون، بەڵام ساڵی ٢٠٠٨ پشکنینی دی ئێن ئەی، بۆ ڕاستکردنەوەو زیاتر دڵنیابوون لەگوتەی فەریدە، لەهەرێم نەبووە «هەرچەندە چەندجارێک پۆلیس داوای ئەنجامدانی ئەو پشکنینەیان کردووە». تا ئەمساڵ ٢٠١٠ بەرلەکوشتنی ئەنوەر، پشکنینەکە ئەنجامدەدرێت، بەگوێرەی پشکنینەکە ئەنوەر باوکی ڕاستەقینەی منداڵەکان نییە. لەراپۆرتی پشکنینی دی ئێن ئەی دا هاتووە «لەئەنجامی شیکردنەوەی دی ئێن ئەی، بۆمان دەرکەوت کە ئەنوەر باوکی ڕاستەقینەی شاڵاو و شکار نییە».

دوای مردنی فەریدەو هەڵاتنی ئەحمەد، منداڵەکان هەر لای ئەنوەر دەمێننەوەو بەخێویان دەکات. ئەنوەر، بڕیاردەدات کە بەمنداڵەکان نەڵێ «من باوکی ئێوە نیم».

ئەنوەر، لەمانگی ٢٠١٠/٩دا جارێکیتر هاوسەرگیری دەکات. بەڵام دوای دوومانگ لەهاوسەرگیرییەکەی لە ٢٠١٠/١١/١٤ لەگەڵ ژنی دووهەمیدا لەناو ئۆتۆمبیلەکەی لە هەولێر دەکوژرێت. تائێستا بەڵگەی تەواو لەسەر بکوژی ئەنوەر و ژنەکەی نییەو کەسیش بەتۆمەتی ئەنجامدانی ئەو تاوانە دەستگیر نەکراوە.

> **لەراپۆرتی پشکنینی دی ئێن ئەی دا هاتووە «لەئەنجامی شیکردنەوەی دی ئێن ئەی، بۆمان دەرکەوت کە ئەنوەر باوکی ڕاستەقینەی شاڵاو و شکار نییە»**

بەگوتەی شوفێری ئۆتۆمبیلێک کە ڕووداوەکەی بینیووە دەڵێ «ئەنوەر ئۆتۆمبیلێکی پیکابی پێبوو، تاکسییەکی بێ ڕەقەم تەقەی لێکرد، تا ڕایگرت و چووە پێشیان لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا هەردووکیانی دایەبەر دەستڕێژ».

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست وارڤین کەوتوون»زۆرترین گومان لەسەر ئەحمەدی برایەتی کە ئەنوەر و ژنەکەی کوشتووە».

هاوکات سەرچاوەک لەپۆلیس کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە گوتی «گومان لەماڵی باوکی فەریدەش هەیە، بەڵام زۆرترین گومان لەسەر ئەحمەدە، چونکە ئەو ئەنوەری نەکوشتبا ئەنوەر ئەوی دەکوشت، بەڵام تائێستا نەمانتوانیوە ئەحمەد، دەستگیربکەین و هیچکەسێک لەو خێزانە ئامادەنین بۆ دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هاوکاریمان بکەن».

توێژەری کۆمەڵایەتی هێمن قادر، یەکێک لەهۆکارەکانی سەرکێشیکردن بۆ سێکس لەگەڵ کەسانی نزیک بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هێشتا کۆمەڵگا دواکەوتووە. «یەکێک لەخەسڵەتەکانی ئەمجۆرە کۆمەڵگایە ئەوەیە، پەیوەندی خوێنی تێیدا زۆر بەهێزە. ژمارەی تاکەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی زیاد دەکات، بەشێکی زۆری خێزانەکان پێکەوە دەژین، واتە چەند خێزانێک لەیەک ماڵدا». بەگوتەی ئەو توێژەرە، زۆرجار ئەم پێکەوەژیانە بۆکاری لادان لەدەرەوەی ڕێسا سروشتی و ئایینی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان سەردەکێشێت. ئەوانەی ئەمجۆرە کارانە دەکەن لەڕووی دەروونناسییەوە بەکەسێکی نەخۆش و ناسروشتی پێناسەدەکرێن.

www.metawe.com

# ژنە توێژەرێک: بایەخ بە توێژینەوەی ژنان نادرێت

# بەشداری ژن لەکۆنگرە زانستییەکاندا لاوازە



فۆتۆ: رەفیق شوکری

**وارڤین – تایبەت:**

**چەندرۆژێک پێش ئێستا توێژەرانی ژن لەبواری زانستی ناوکیدا لەوڵاتانی عەرەبییەوە گەیشتبوونە هەولێر تابەشداری لەکۆنگرەی دەهەمی بەکارهێنانی وزەی ناوکی بۆ بواری مرۆیی بکەن، بەڵام لەئاستی هەرێمی کوردستان بەشداری ژنانی توێژەری ئەو بوارە لاواز بوو. رەنگە ئەوە جێی پرسیار بێت ئایا ژنان بۆ ئەو بوارە ناشێن کار بکەن، یاخود جارێکی دیکە پیاوان دەیانەوێ لەوکایەدا بواری ئافرەت نەدەن بەپاساوی ئەوەی ژنان ناسکن و رەنگە مەترسیی ئەوکارە هەستیارە کاریگەری زۆریان لەسەر بەجێبهێڵێت.**

توێژەر و خوێندکاری ماستەر لەکۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین خەدیجە عەبدوڵڵا دەڵێ «ژنانی کورد لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو لەبواری خوێندنی باڵادا رۆڵیان هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەکاروباری ناوماڵی خۆیان و خێزانەکانیشیان رادەگەن».


ئەو لەبارەی بەشدارینەکردنی ژنانی ئەکادیمی لە کۆنگرە زانستییەکەی هەولێر دا گوتی «گلەییەکە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەوان پێشتر ژنانیان ئاگادار نەکردووەتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکەن بەمەبەستی بەشداربوونیان لەو کۆنگرەیەو ماوەیەکی پێویستیان لەبەردەستنەبووە تا بتوانن توێژینەوەکانیان ئامادەبکەن».

گوتیشی «تەنیا بەهەفتەیەک پێشبەستنی کۆنگرە ئاگادار کرامەوە بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی ئامادە بکەم، بۆیە ئەمە دەریدەخات کە وەزارەت بایەخی ئەوتۆی بەتوانای ژنان نەداوەو نازانین بۆچی لێرە بایەخ و گرنگی بەو توێژینەوانە نادرێت کە ژنان ئامادەی دەکەن».

تونس یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە بەبەشداری ژن لەشاندەکەیدا جیاوازتر لە شاندی هەموو وڵاتانی عەرەبی دەهاتە پێش چاو. دکتۆر جودە ئەلمدیونی پسپۆڕی بواری پاراستنی رووەکی لەپەیمانگەی نیشتمانی بۆ توێژینەوە کشتوکاڵییەکانی تونس یەکێکە لەو ژنانەی بەشداری کۆنگرەکەی کردبوو گوتی «من لەوبڕوایەدا نیم ژن و وزەی ناوکی رووبەڕووی یەک ببنەوە بەڵکو هەردووک بەئاراستەیەکی تەندروستدا خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێشکەوێت».

ئەو گوتیشی «پسپۆڕی من لەبواری رووەکی و کشتوکاڵییەو ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە سەوزبوونی تونس و گەشانەوەی وڵاتەکەم پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بەچالاکی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری ژنانەوە».

ئەو ژنە بەشدارەی کۆنگرە باسی لەوەشکرد



د. عەبیر محەمەد، شاندی میسر

که کۆنگرەکەی هەولێر درێژکراوەی کۆنگرەی یەکەمی ئەو دامەزراوە عەرەبییەیە کە بۆ یەکەمجار کۆنگرەی یەکەمی خۆی لەتونس لەساڵی ١٩٨٩ بەست و بارەگای سەرەکی دامەزراوەکەش هەر لە تونسە.

هەروەها گوتی «**بەشداری ژنانی عەرەب لەکۆنگرەکە، نیشانەی ئەوەیە لەئێستادا وڵاتانی عەرەبی لەرۆڵی ژن تێگەیشتوون**».

ژنە توێژەری تونسی نرجس، پسپۆڕ لەبواری سەرچاوە ئاوییەکاندا هەیەو ئەو کۆنگرەکەی هەولێری بەدەرفەتێک زانی بۆ ئەوەی وەک ژنە توێژەرێک ئاڵوگۆڕی بیروڕاو ئەزموونەکانی بکات لەگەڵ ژنانی کورد و گوتی «**هیوادارم ژنانی کورد جێپەنجەی خۆیان لەبووژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیاندا دیاربخەن و بۆ جاری داهاتوو بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری بکەن**».

لە میسرەوە دکتۆر عەبیر محەممەد ئەمین، مامۆستای یاریدەدەر لەسەنتەرێکی تایبەت بەوزەی ناوکی مسیر بەشداریکردبوو و ئەو بۆ وارڤین گوتی «**گرنگە ژنانیش لەبواری بەرهەمهێنانی وزەی ناوکیدا بەشداری بکەن، هەرچەندە کارکردن لەوجۆرە دامەزراوانەدا کاریگەری لەسەر ژنان دوو هێندەیە، بەڵام هەر پێویستە وەک ژن رۆڵی دیاری خۆی هەبێت لەهەموو کایەکانی ژیاندا**».

ئەو باسی لەوەشکرد، بەشداریکردنی مرۆڤ لەو کایە گرنگەی زانست پەیوەندی هەیە بەحەزی کەسەکەوە، بەڵام پێویستیشدەکات ئەو کەسەی لەوێ کاردەکات رێکاری تایبەت بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوامی بەکارەکەی بدات و لەتیشکاوەرە زیانبەخشەکان دوور بکەوێتەوە. بەتایبەتی ژنان چونکە کاریگەرییەکەی لەسەر ژنان دووجار زیاترەو ئەو ژنانەنەی لەوێ کاردەکەن پێویستە هەر لەپێش وادەی سکپڕییەوە تا دوای منداڵبوون مۆڵەت وەربگرن و لەشوێنی کارەکەیان دووربکەونەوە، چونکە تیشکە زیانبەخشەکان کاریگەرییەکی نەرێنی زۆریان هەیە لەسەر کۆرپەلەی ناو سکی دایک و مەترسی شێواندنی منداڵیان لێدەکرێت. هەر بۆیە ئەوانەی لەو وێستگە تایبەتییانەی وزەی ناوکیدا کاردەکەن دەرزی دژەتیشکاوەریان لێدەدرێت و دەبێ هەمیشە لەپشت دیوارێکی رووپۆشکراو بەمادەی دژەتیشک کار بکەن.

سەبارەت بەژنانی عێراق دکتۆر عەبیر، وەک ژنە توێژەرێکی تایبەت بەبواری توێژینەوەکانی وزەی ناوکی گوتی: «**بەشداری ژنانی عێراق لەکۆنگرەکەدا مایەی دڵخۆشی هەموو لایەکمانەو ئەوان توێژینەوەی بەپێزیان پێشکەشکردووە، ئەوەی بووەتە گرفتی بەردەم ژنان تا بەحەزێکی زۆرەوە روو لەبواری توێژینەوەکانی وزەی ناوکی نەکەن، پرسی مادە زیانبەخشەکان و کاریگەریە نەرێنییەکانی ئەو تیشکانەیە کە لەو مادەیەوە دەردەچن. توێژەرانی بواری زانستی وزەی ناوکی لەوبڕوایەدان ئەو پرسە زیاتر لەرادەی خۆی گەورە کراوەو کاریگەرییەکانی ئەو تیشکاوەرانە ناگاتە ئەو ئاستەی کە باسیدەکرێت بەتایبەتی ئەگەر بێتو رێکاری گونجاو بگیرێتەبەر بۆ خۆپاراستن لەزیانەکانی**».

سەبارەت بەرۆشنبیری پێویست لەبارەی وزەی ناوکییەوە ئەو پسپۆڕە لەوبڕوایەدایە هێشتا لەوڵاتانی عەرەبیدا رۆشنبیرییەکی گونجاو لەبارەی پرسی وزەی ناوکییەوە نییەو زۆرێک لەخەڵک کاتێک باسی وزەی ناوکی دەبیستێت هێرۆشیماو ناکازاکی بیردەکەوێتەوە.

لەبارەی هۆکاری سەرۆکایەتی نەکردنی کۆنگرەکە لەلایەن ژنێکەوە، دکتۆر عەبیر گوتی «**هێشتا کادیری ئەوتۆمان لەناو ژناندا نییە تا بتوانێت سەرۆکایەتی کۆنگرە بکات و رەنگە هۆی سەرەکیش ئەوە بێ کە ژنان متمانەو بڕوایان بەتوانا شارەوەکانی خۆیان نییە**».


ئەو ژنە توێژەرە میسرییە سەرسامی خۆی لەبارەی بەستنی کۆنگرەکە لە هەولێر نەشاردەوەو باسی لەرێکوپێک بەڕێوەچوونی کارەکان کرد و گوتی «**هەولێر بەهۆی ئارامییەکەی و پێشکەوتنییەوە بووەتە ئاوەندی بەستنی کۆنگرەکەو بۆ من جێی سەرسامی بوو کاتێک بیستم کۆنگرەکە لەعێراقدا و لەشاری هەولێر سازدەکرێت**».

لە بەغداوە ژنە توێژەری بواری وزەی ناوکی ئیکتیفا موزهەر ئەلحەسناوی، ئامادەبوو. ئەو باسی لەبەشداریکردنی ژنان لەکۆنگرەکەی هەولێر کرد و گوتی «**رێژەی بەشداریکردنی ژنان لەکۆنگرەکە بەگشتی ٣٠٪ بووەو لەو رێژەیە ١٥ ژنیان عێراقی بوون و ئەو کۆنگرەیە دەرفەتێکی باش بوو بۆ خۆناساندنی ژنانی عێراق بە یەکتر و شارەزابوون لەبەرهەم و توانای یەکتری**».

ئەو توێژەرە عێراقییە ئارەزووی خۆی بۆ فێربوونی زمانی کوردی دەربڕی و گوتی «**من حەزدەکەم کوردی فێربم، ئێمە لەوڵاتێکدا بەیەکەوە دەژین، پێویستە لەیەکتر تێبگەین، گلەییم لەژنانی کورد ئەوەیە تائێستا پەیوەندییەکانمان لاوازە، ئێمە ئەگەر بەکوردی و عەرەبی لەیەکنەگەین دەتوانین بە زمانی سێهەم واتە ئینگلیزی وتووێژ بکەین و باسی ئەزموون و کێشەکانمان بۆ یەکتر بکەین**».

ئەو لاپەڕەکانی وارڤینی هەڵدەدایەوەو هیوای ئەوەی دەخواست بتوانێت لەو رێگەیەوە پەیامی خۆی بگەیەنێتە ژنانی هەرێمی کوردستان.

**ئیبراهیم پەهلەوی**



نێرگس، پسپۆڕ لە بواری سەرچاوە ئاوییەکاندا



ئیکتیفا ئەلحەسناوی، توێژەری وزەی ناوکی

www.netewe.com

## کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر

# پەرە بە ڕێورەسمە تائیفییەکان دەدات

**وارڤین – هەولێر:**
ڕۆژی ١٠ی موحەڕەمی هەموو ساڵێکی کۆچی، شیعەکانی جیهان ڕێوڕەسمی شینگێڕی بۆ کوژرانی حوسێنی کوڕی عەلی، سێهەم پێشەوای مەزهەبی شیعەکان سازدەکەن و ساڵ لەدوای ساڵ بەهاوکاری کونسولخانەی ئێران لەهەولێر ئەو مەراسیمە مەزهەبییە لەهەرێمی کوردستان بایەخی زیاتری پێدەدرێت. ئەمە لەکاتێکدایە تەنیا لەناوچەی خانەقین و دەوروبەری کوردی ئایینزای شیعە هەیە. وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وێڕای دەرکردنی ڕێنمایی دژی ئەوەیە ئەو پرسە بەسیاسەت بکرێت و هەوڵەکانی ئێران بۆ فراوانکردنی بە **«دەستتێوەردان»** دەزانێت.

شیعە، یەکێکە لەدوو لقە سەرەکییەکەی ئاینی ئیسلام و دوای سوننە، بەگەورەترین ڕێبازی ئایینی دێتەهەژمار. بەبۆچوونی شارەزایانی سیاسی ئەو ڕێبازە ئاینییە **«لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ فراوانکردنی هەژموونی خۆی و هەناردەکردنی کێشەکانی بەکاردەهێنرێت»**.

بەگوێرەی بڕیاری مەرجەعیەتی شیعەی عێراق ڕۆژی هەینی ڕابردوو (١٧ – ١٢) بەرامبەر ڕۆژی ١٠ی موحەڕەم بوو. ئەمە لەکاتێکدایە لەزۆربەی وڵاتانی ئیسلامی ڕۆژێک پێشتر بە١٠ی موحەڕەم دانرا، بەڵام مەرجەعیەت تەنیا پشت بەبینینی مانگ دەبەستێت بەچاو نەک بەئامێر، بۆیە ڕۆژێک دوای سوننەکان، لای شیعە ١٠ی موحەڕەم بوو.

لەهەولێر شیعەکان بەهاوکاری کونسولخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەمزگەوتی خەدیجە کوبرا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ئەو یادە زیندوو بکەنەوە.

حوسین عەلی ویس کە بەڕێوەبەری مەراسیمی عاشورا بوو و ٤ساڵە لەتەلەعفەرەوە هاتووە بۆ هەولێر دەڵێ **«هەموو ساڵێک لەئەنجومەنی باڵای ئیسلامی یارمەتیمان وەردەگرت، بەڵام ئەمساڵ ئەوان یارمەتییاننەداین بۆ زیندووکردنەوەی یادی کوژرانی پێشەوا حوسێنی کوڕی عەلی»**.

ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تائێستا یەکێکە لەولایەنە سەرەکییانەی شیعە کە هاوپەیمانی و دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورددا هەیە.

شیعەکان خۆیان بەدۆستی کورد دەزانن و بەگوێرەی گوتەی دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنور پسپۆڕ لەمێژووی ئیسلام، هەر لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوودا کوردوشیعە بەهۆی بێبەشبوونیان لەپێگەکانی سیستەمی حوکمڕانی عێراق و چەوساندنەوەیان لەلایەن کەمینەی دەسەڵاتداری سوننەوە هاوسۆزی یەکتر بوون.

ئەو پسپۆڕەی مێژووی ئیسلام باسی لەوەکرد، ئایینزای شیعە لەپاش کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام لە٦٣٢ی زایینی بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە. **«لەقۆناغی یەکەمدا شیعە، کەمانای لایەنگرو پشتیوانانی عەلی دەگەیەنێت، لەساڵی٣٧ تا ٤١ی کۆچی مانگی، پشتیوانیان لەعەلی کوڕی ئەبوتاڵیب دەکردو دواتر لە٦١ەوە تا٦٥ پشتیوانییان لەحوسێنی کوڕی عەلی دەکرد»**.

ئەو شارەزایەی مێژووی ئیسلام گوتیشی قۆناغی دووهەم لە١٥٠٠زایینی لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی شائیسماعیلی سەفەوی دەستپێدەکات و تا ١٥٢٢ی زایینی دەخایەنێ و لەوسەردەمەدا شائیسماعیل هەوڵیداوە بیکاتە ئایینزای فەرمی دەوڵەت و هەناردەی بکات بۆ دەرەوەی سنوورەکانی قەڵەمڕەوی خۆی.

قۆناغی سێهەمی مێژووی بڵاوبوونەوەی ئایینزای شیعە بەهاتنی ڕوحوڵڵا خومەینی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە١٩٧٩ دەستپێدەکات و تائێستا درێژەی هەیەو لەڕێگەی هەموو کەناڵەکانی سیاسی و ئایینی و ڕاگەیاندنەوە ئێران لەهەوڵی فراوانکردنی ئەو ئایینزایەدایە.

لەئاستی نێودەوڵەتی تاران لەهەوڵی ئەوەدایە کەوانەیەکی شیعی لەهەرێمی کشمیری هیندستانەوەو بەتێپەڕین بەپاکستان، ئەفغانستان، وڵاتانی کەنداو و عێراق دروستبکات و ئەو کەوانەیە تاسنووری ئیسرائیل درێژبکاتەوە.

دکتۆر کامەران مەنتک، پسپۆڕی بواری مێژووی سیاسی لەوبڕوایەدایە لەدوای ١٩٧٩ەوە ئێران دەیەوێ ببێتە دەوڵەتێکی سەنتەری گەورە لەجیهانداو **«هەموو دەوڵەتێکی سەنترالیش پێویستی بەچەند پاشکۆیەک هەیە بۆ ئەوەی بیانخاتەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە»**.

ئەو گوتی **«ئێران کێشەی هەیە لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاواو هەوڵدەدات، وەک ئەمەریکا چۆن ئەو لەدوای ١١ی سێپتێمبەرەوە کێشەکانی هەناردەی عێراق و ئەفغانستان کرد، ئەمیش کێشەکانی خۆی هەناردەی دەرەوە بکات و شەڕ لەخاکی خۆی دوور بخاتەوە»**.

دکتۆر مەنتک گوتیشی **«هەرێمی کوردستان لەچەند ڕوویەکەوە بایەخی بۆ ئێران هەیە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەمەریکا هەیەو لەم ڕێگەیەوە تاران دەیەوێ پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەمەریکا هەبێت. وێڕای ئەوەش ئێران سنوورێکی فراوانی لەگەڵ هەرێم هەیە»**.

لەوچوارچێوەیەدا ئێران لەهەوڵی ئەوەدایە پەیڕەوانی ئایینزای خۆی لەهەرێمی کوردستان زیاتر بکات. ئەمەش لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، چاپ، بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکەو دامەزراندنی ئاژانسێکی هەواڵی کوردی و کارکردن بۆ گۆڕینی ئاراستەی گوتاری مزگەوتەکانی هەرێم، وەک ئەوەی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف مەریوان نەقشبەندی ئاماژەی بۆ کرد.

بەڕێوەبەری مەراسیمی عاشورا لەهەولێر حوسین عەلی ویس باسی لەهاوکاری ئێران کردو گوتی **«بەشیر عادل گولی بەڕێوەبەری دەزگای شەهیدی میحراب کە دامەزراوەیەکی سەر بەئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە خەرجی بۆدابینکردووین و هەروەها کونسۆڵی ئێران لەهەولێر یارمەتی دارایی داوین بۆ هاتووچۆ وبەرماڵی بۆ ناردووین. ٤٠ کەسیش بانگهێشتکراوین بۆ ئەوەی بچین بۆ ئێران و بەشداری مەراسیمەکە بکەین لەوێ»**.

ئەو گوتیشی **«نزیکەی ٧٠٠ کەس لەشارەکانی هەرێمەوە بەشداری مەراسیمەکەی کردووە،**

www.meleweye.com

هەندێکیان خۆمان بانگەشمان کردوون، هەندێکیان خۆیان هاتوون».

دکتۆر کامەران مەنتک، هاوکاریکردنی کونسوڵی ئێران «بەدەستتێوەردان» دەزانێ و دەڵێ «ئەگەر کونسوڵ وەک کەسێکی ئاسایی بەشداری ئەو مەراسیمە بکات ئەوا کارێکی ئاساییە، بەڵام بەشێوەی ڕەسمی بەشداری بکات ئەوا دەستێوەردانە».

ئەو شارەزایەی سیاسەت ڕەخنەشی لەوەگرت کە کاتێک دەسەڵاتی کوردی حوسێنیە بۆ شیعەکان دەکاتەوەو شیعە لەسلێمانی و هەولێر نین «ئەوکاتە مەسەلەکە دەبێتە سیاسەت». لەوبڕوایەشدایە «کورد زیاتر بۆ موجامەلەی سیاسی ئەوکارەی کردووە».

دکتۆر کەیوان ئازاد، لەبارەی دەستێوەردانی ئێرانەوە گوتی «لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە هەژموونی ئێران لەسەر عێراق زیاتر بووەو بەهۆی کۆچی هاووڵاتیانی شیعە مەزهەبەوە بۆ هەرێم ساڵ لەدوای ساڵ دەرکەوتنی دیاردەی شیعەگەری لە هەرێم زیاتر دەبێ و بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو قەبارەی دەرکەوتنی ئەو دیاردەیە ٧٠٪ زیاتر بووە».

جگە لەهەولێر، لەسلێمانی ڕووکاری شیعەگەرایی زیاتر دەرکەوتووەو ڕۆژی هەینی١٧ی دیسەمبەر نزیکەی ٥٠٠ شیعە ئایینزا، لەبەردەم مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە تابەردەم حوسێنیەی حەکیم ڕێپێوانێکیان ساز کرد.

دەرخستنی دیاردەی توندوتیژی و هاتنەسەر شەقام و نواندنی چالاکی تائیفی لەسەر شەقامەکان بەگوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف قەدەغە کراوە، بەڵام بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەت مەریوان نەقشبەندی دەڵێ «ئەو ڕێنماییە سلێمانی نەگرتووەتەوە، چونکە لەو شارەدا خەڵک بەدیاردەکە ڕاهاتوون و ڕێنماییەکان تەنیا بۆ هەولێر و دهۆک بووە».

حسین خۆشناو، وتاربێژو پێشنوێژی حوسێنییەی حەکیم لەسلێمانی ڕەتیکردەوە ڕێنمایی لەوجۆرەیان بەدەستگەیشتبێت و بەپێکەنینەوە باسی لەوەکرد «هیچ هاوکارییەکیان لەڕێگەی کونسوڵخانەی ئێرانەوە پێنەگەیشتووە».

لەبارەی هاریکاری ئێرانەوە نەقشبەندی سوورە لەسەرئەوەی ئەو جۆرە کارانە «ڕاستەوخۆ» لەلایەن کونسوڵخانەی ئێرانەوە پشتیوانیان لێدەکرێت. «کونسوڵخانەی ئێران بەشێکی سەرەکییە لەزۆربەی ڕێوڕەسمە مەزهەبییەکان بەشداری دەکات و بەشدارییەکەشی گەیشتووەتە ئاستی دەرکردنی بەیاننامەو ئەوەش لەگەڵ سروشتی ڕێگەپێدراوی کاری ئەو ناگونجێت و دەستتێوەردانە لەکاروباری ناوخۆی هەرێم».

هەروەها گوتی «ئێمە بەیاننامەی خودی کونسوڵمان لایە کە بەناوی ڕێبەری شۆڕشی ئێران عەلی خامەنئییەوە داوا لەخەڵکی هەرێم دەکات بەگژ سیاسەتەکانی ئەمەریکادا بچنەوە».

ئەوەشی نەیشاردەوە «کونسوڵی ئێران لەگفتوگۆ ڕۆژنامەوانییەکانی خۆیدا باسی لەوەکردووە، چۆن ئەمەریکاو وڵاتانی دیکە لێرەهەن، ئێرانیش بەپێویستی دەزانێ بوونی لێرە هەبێت».

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی ئەوقاف نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی «وەزارەتەکەیان بژاری زۆری لەبەردەستدا نییە بۆ ڕێگرتن لەوکارانەی ئێران و هەندێکجار ناچارە لەبەر ڕەوشی گشتی هەرێم و پەیوەندییە سیاسییەکان (سازش) بکات».

نەقشبەندی نموونەشی بەوە هێنایەوە «لەئێرانەوە بەلۆری قورئانی چاپکراوی ئێران دێتە هەرێم و ئەو قورئانانە وێنەی ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامییان لەسەرە». بەڕای ئەو ئەوە «گوناهە»و ناکرێ قورئان وێنەی هیچ کەسێکی لەسەر بێت.

جگە لەو هەوڵانە، ئێران لەهەوڵی ئەوەدایە ساڵانە ژمارەیەک خوێندکاری کورد بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕەوانەی حەوزە مەزهەبییەکان بکات و دامەزراوەی ئەلبەلاغیش کە چاپکراوەکانی شیعە وەردەگێڕێتەسەر زمانی کوردی بەردەوام سەرقاڵی وەرگێران، چاپ و بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی شیعەیە.

**ئەرسەلان ڕەحمان**




هەولێر، ڕۆژی عاشورا

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

# یاسا بە یەک چاو سەیری شایەتی ژن و پیاو دەکات

شایەتیدان بریتییەلە: هەوڵدانی کەسێک بۆ بەدەستهێنانی مافی کەسێک لای کەسێکیتر، دەبێ بەچاو ئەو ڕووداوەی بینیبێت یان بەگوێ بیستبێتی واتە گوێی لێبووبێت.

شایەتیدان لەدادگا، یەکێکە لەو بەڵگانەی کەدوای دانپێدانان داوای پێدەسەلمێنرێت. هەندێجار گرنگترین بەڵگە بو دادگا شایەتییە.

شایەتی لەماددەکانی (٧٦-٩٧) لەیاسای (اپبات)دا بەدرێژی باسی حاڵەتەکانی وەرگرتنی گوتەی شایەت دەکات، بەڵام لەهیچ مادەیەکدا ڕەگەزی شایەت دیارینەکراوە کە ژن بێ یان پیاو. بەشێوەیەکی ڕەها باسی شایەتدەکات لەهەموو داوایەکداو چۆنێتی وەرگرتنی شایەتییەکانیان پاش سوێنددان.

لەیاسادا شایەتی ژن بەرامبەر شایەتی پیاوەو هیچجۆرە جیاوازییەکی نییە. لەهیچ مادەیەکی یاساییدا، شایەتی پیاو لەهی ژن بەباشتر نەزانراوەو ئاماژە بەوجۆرە بۆچوونە نەکراوە.

ئەگەر سەیری دادگا سزاییەکان و دادگای لێکۆڵینەوە بکەین لەکاتی وەرگرتنی گوتەی شایەتدا تەنیا شتێک جێگەی بایەخبێت لەشایەتییەکەدا ئەوەیە کە شایەتی (عیان)بێ واتە (بینەر)بێ و بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیبێ یان بەگوێ بیستبێتی. ئیتر کەسەکە ژن بێ یان پیاو جیاوازی نییە.

لەدادگای بەراییدا لەهەر داوایەکدا کە پێویستی بەوەرگرتنی شایەت بکات، دادگا هەرگیز هیچ لایەنێکی داوا ناچارناکات کە شایەتی داواکەی دەبێ پیاو بێت. تەنیا شت کە گرنگە ئەوەیە ئاگای لەوردەکاری کێشەکە بێ و شایەتی ڕاستی ڕووداوەکە بێت.

لەدادگای شەرعیدا واتە دادگای (باری کەسێتی) شایەتی ژن وەردەگیرێت وەک هەموو شایەتێکی پیاو. دوو ژن بەرامبەر یەک شایەتی پیاو وەرناگیرێت. بەڵام لەهەندێ داوای وەک (اپبات شب)دا و بەپێی زروفی داواکە هەندێجار دادوەر داوای شایەتی پیاو دەکات. ئەویش لەبەرئەوە نییە کە یاسایەک هەبێ ئەوەی چەسپاندبێت، بەڵکو لەماددەی (١)ی (یاسای کار و باری کەسێتی) برگەی (٢)داهاتووە، ئەگەر دەقێکی تەشریعی دەستنەکەوت بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر کێشەکەدا دەتوانێ بیروڕاکانی (شەریعەی ئیسلامی) جێبەجێبکات. ئەویش ئەو رایەی کە نزیکترینە لەدەقە تەشریعیەکانی ناو یاساکە واتە (یاسای کاروباری کەسێتی).

لەشەریعەتی ئیسلامدا بۆ هەندێ کاروبار شایەتی دوو ژن بەرامبەر یەک پیاو وەردەگیرێت. لەماددەی (٨٢)ی یاسای (اپبات)دا دەگوترێ، شایەتییەک باشتر لەشایەتییەکیتر، بەڵام لەهیچ حاڵەتێکدا؟ لەکاتێکدا کە دادگا شایەتییەکانی لەهەردوو لایەنی بابەتی و کەسێتییەوە هەڵدەسەنگێنێت و بەپێی بارودۆخی داواکە شایەتی یەکێک لەشایەتی کەسێکیتر بەباشتر دادەنێت و پێویستە لەناو کۆنووسی دانیشتنی دادگادا هۆکاری باشتر وەرگرتنی ئەم شایەتە بەسەر شایەتەکەیتردا ڕوونبکاتەوە. هۆکاری ڕوونکردنەوەی ئەو مادەیە ئەوەیە کە تەنیا مادەی یاساییە باس لەوەبکات شایەتێک لەشایەتێکیتر باشترە. بەڵام باسی ڕەگەزی ئەو شایەتە ناکات و ناڵێ، ئەگەر ژن بێ خراپەو پیاو باشترە. هەروەها ناڵێ دوو شایەتی ژن بەرامبەر پیاوێکە. بەڵکو بارودۆخی داواکەو بابەتی کێشەکەو زروفی کەسێتی شایەتەکە باسدەکات.

ماددەکانی (٨٧-٨٨-٨٩)ی یاسای (اپبات) دەڵێن کە نابێ شایەتی بدەن لەهەندێ زروفی تایبەت بەو کەسانە کە ئاماژەی پێدەدات. لێرەشدا ڕەگەزی دیارینەکردووە کە ژنە یان پیاو.

ماددەی (٨٧) دەڵێ، نابێ ژن و مێرد بێڕەزامەندی خۆیان باسی شتێک بکەن یان شایەتی لەسەر بدەن کەلە ژیانی هاوسەرییاندا بۆ یەکتریان باسکردووە. تەنانەت دوای جیابوونەوەشیان و کۆتایی هاوسەرگیرییان.

ماددەی (٨٨) ڕێگای لەهەر کارمەندێکی گرتووە کەبەهۆی کارەکەیەوە زانیارییەکی دەستکەوتووە باسیبکات و شایەتی لەسەر بدات. تەنانەت دوای نەمانی لەو کارەشداشدا نابێت شایەتی بدات و باسی بکات. تەنیا لەیەککاتدا نەبێت کە دادگا یان یەکێک لەلایەنی داواکە داوای بکات و فەرمانگەکە ڕێگا بەشایەتییەکە بدات.

لەمادەی (٨٩)دا ڕێگە نادرێت بەپارێزەر، پزیشک، وەکیلەکان و ئەوکەسانەی کەبەهۆی پیشەکانیانەوە زانیاری کەسانێک دەکەوێتە دەستیان شایەتی بدەن و باسی ئەو زانیارییانە بکەن. تەنیا لەکاتێکدا نەبێت کە کەسەکە خۆی داوای بکات وەک شایەت. یان ئەگەر ئەو شایەتییە نەدات تاوانێک ڕووبدات.

لەهەموو ئەم دەقە یاساییانەدا کە ناوی شایەت هێنراوە، ئاماژەی بەپیاو و ژن نەکردووە. لەهەموو کاتێکداو لەهەموو داوایەکی یاساییدا دەکرێ شایەت ژن بێت. شایەتی یەککەس ژن بێ یان پیاو، دەکرێت لەگەڵ سوێندا بەڵگەی تەواو بۆ حوکم پێکبهێنن کە ئەمەش لەمادەی (٨٤)ی یاسای (اثبات)دا باسکراوە. هەر لەهەمانمادەشدا دەڵێ، دەکرێت شایەتی شایەتێک یان زیاتر ڕەتبکرێتەوە، ئەگەر دادگا قەناعەتی بەڕاستی شایەتییەکەیان نەکرد، جا ئەو شایەتە ژن بێ یان پیاو.

بەپێی یاسا ئەو مەرجانەی پێویستە لەشایەتدا هەبێت ئەوەیە کە کەسێک بێ ئاگاداری ڕووداو کێشەکە بێت. باری دەروونی و عەقڵی تەواو بێت. بەپێی ئایینی خۆی سوێند بخوات کە ڕاستی بڵێت.

لەباسکردنی ئەم دەقە یاساییانەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە یاسا جیاوازی نێوان ژن و پیاو ناکات بۆ شایەتی. تەنیا تیشک دەخاتەسەر بارودۆخی داواکەو ئاگاداری لەوردەکاری ڕووداوەکەو ڕاستگۆیی کەسایەتی دەروونی و عەقڵی شایەتەکە. ئەگەر ئەو جیاوازی ڕەگەزییە لەشایەتیداندا لەهەندێ دادگادا ببینرێت، ئەوا دادوەر تەنیا پشتی بەدابوونەریت بەستووە. عورفی کۆمەڵگای ئێمەش لەشەریعەی ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە هەرگیز یاسا بەرپرسیار نییە لەوەی کە شایەتی دوو ژن بەرامبەر شایەتی پیاوێک وەردەگیرێت.

**مافپەروەر: هەتاو ڕەشید**

www.netewe.com

# ژن لە پیاو بەسۆزترە

مەرجەکانی شایەتی بۆ دوو خاڵی گرنگ دەگەڕێتەوە:

١. دادگەری و خۆڕاگری شایەتەکە (العداله والضبط)

٢. پەیوەندی نێوان شایەت و ڕووداوەکە ئەوەندەبێ بتوانێ شایەتی تێدابدات.

کەواتە شایەتیدان پەیوەندی بەنێرو مێوە نییە، بەڵکو بەگشتی پەیوەندی بەو دوو خاڵەوە هەیە کە باسمان کرد.

پلەبەندی نێوان کەسەکان و شایەت بەسەر ڕووداوێکەوە ئەولەویەت بۆ ئەو کەسەیە کەلە ڕووداوەکە نزیکترەو هەڵسووکەوتی لەگەڵ پرسەکە کردووە بەبێ جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا.

لەروانگەی ئەم یاسایەوەدیارە کە (الشارع- خوای گەورە) شایەتی ژنێک کە وەسفی تاوانێکی کوشتن یان چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو تاوانە لەلایەن تاوانبارەوە وەرناگرێت و ڕەتیدەکاتەوە، چونکە هەڵسووکەوت و مامەڵەی ژن لەگەڵ کوشتن یان ئەمجۆرە تاوانانە کەمە یان هەر نییە.

ئەگەر هاتوو ڕێکەوت ژنێک لەحاڵەتێکی ئاوادابوو (واتە حاڵەتی کوشتن) ئەوا بەهەموو هێزو توانای خۆی لەودیمەنە رادەکات.

بەپێچەوانەی ئەمەوە شایەتی ژنێک کە بواری شیردان، بەخێوکردن، وەچەکاری (النسب) لەپێشترەو ئەولەویەت بۆ ژنە. چونکە لێرەدا ژن زیاتر لەگەڵا ئەمجۆرە بوارانە پەیوەندی هەیەو لێیئەزانێ، بەڵکو لەوەشی زیاتر (ئیمامی شەعبی) دەفەرمووێت کە شایەتی لەم کاتانەدا تەنیا لە ژن وەردەگیرێت و شایەتی پیاو دروستنییە.

ئەوەی لای زۆربەی خەڵک لەبیرکراوە ئەوەیە: ئەم مەرجانە کە شەریعەتی ئیسلامی پیادەی دەکات، بەهەند وەریدەگرێت و ڕاستی و دروستی شایەتیدان بۆ ئەو شایەتیدانەیە کەلە قەزای داداگای ئیسلامیدا بە (بەڵگە -بینە) تەواو لەسەر ئەو شایەتیدانە حوکمبدرێت.

بەڵام ئەو شایەتییەی کە پشتی پێدەبەسترێت لەلێکۆڵینەوەدا بەبێئەوەی بەتەنیا ببێت بە (بەڵگە -بینە)ی تەواو و حوکمی پێبدرێت.

ئەوە پێیدەگوترێت (قرائن الاحوال) ڕێککەوتنوایە کە لەنێوان شایەتی ژن و پیاودا بۆ هەرجۆرە کێشەیەک هیچ جیاوازییەک نییە، چونکە ئەمانە بەڵگەنامەو پاشکۆکانی بەڵگەنامەکانن و هێشتا لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدان نەک بەڵگەنامەیەکی تەواو کە حوکمی پێبدرێت.

شەریعەتی ئیسلام نەک هەر لەگەڵ یاسادانراوەکانی دەستی مرۆڤ یەکدەگرێتەوە بەڵکو بەچەند قۆناغێک پێشیداوتەوە، چونکە یاسا دانراوەکانی مرۆڤ، شایەتی ژنی بە (قرائن الاحوال) داناوە نەک بەبەڵگەنامەی (بینە) تەواو هەر وەک شەریعەتی ئیسلامی لەوانەیە لێرەدا بپرسن ئایا شایەتی پیاوێک یان ژنێک، زیاتر وەردەگیرێت ئەگەر نەریتە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕان؟ وەڵامی ئەمپرسیارە ئەوەیە کە شایەتیدان دوای (استثناء) کردنی مەرجەکانی (دادگەرو خۆڕاگری) لەشایەتدا ئیتر بەپێی دابوونەریت حوکم ئەگۆڕێت بەمەرجێک دابوونەریتەکان لەنەگۆڕەکانی ئیسلام دەرنەچێت و لەسنووری حەڵاڵدا بێت. چونکە دابوونەریتی تازە عیبرەتی تێدا نییە. ئەگەر لەحوکم و نەگۆڕەکانی ئیسلام دەرچوو ئەوا بەتاڵەو هەرچیش لەسەر (باطل) بنیاتبنرێت ئەویش باتڵە. لەوکۆمەڵگایانەی کە ژن پۆلیسەو لەسەر شەقامەکان ڕەنگە ئەو ڕووداوانە ببینێت. بەڵام ئەوە لەگەڵ مەرجەکانی ئیسلامدا ناکۆکە چونکە:

١) ژن مێینەیی (الانوثة)ی خۆی لەدەستدەدات ئەمەش ستەمە بۆ ئەو و بۆ کۆمەڵگاش کەبەشێکی لێ ون دەبێت (مێینەییە) کەمانای گوشادی ژیانی کۆمەڵگایە.

٢) خوای گەورە کەیاسای بۆهەموو کات و شوێنێک داناوە نەک تەنیا بۆ کۆمەڵگایەک کە نەریتی جیاوازە. لەشەرعدا (استثناء) نییە. بەقائیدەی (فتذکر احداهما الاخری) کاردەکەین لەبەرئەوەی:

١. ژن بەسروشتی کاری خۆی کە پەروەردەکردن و دروستکردنی مرۆڤە هەمیشە سەرقاڵە. ئەرکی پەروەردەکردن گەورەترین و گرنگترین کارە کە دەیکات. مرۆڤ جێنشینی خوای گەورەیە لەسەرزەوی. ژن ئەوەندە گەورەو بەڕێزو ناوازەیە لەئیسلامدا. لەکۆندا گوتراوە کە هەڵکەوتن و کەرامەتی مرۆڤ لەسەرئەوە بەندە کەچی دروستدەکات. پەروەردەو دروستکردنی مرۆڤ گەورەترین کەرامەتە. کاتێک ژنی دووهەم دێت بۆشایەتیدان تەنیا بۆ بیرخستنەوەیە نەک خوانەخواستە گومان بەئەهلییەتی ژن ببرێت (اهلیه المراء الشرعیة).

٢. ژن سۆزو بەزەیی لەپیاو زیاترە، تەنانەت بۆ تاوانبارانیش.

٣. لەئیسلامدا ژن پێویستە لەماڵی خۆی دابنیشێت. بۆ پێویستی نەبێ ناچێتە بازاڕەکان لەبەرتێکەڵاونەبوون. بۆیە زیاتر چاوەڕواندەکرێت پیاوان لەو مەسەلانەدا شایەتبن.

ئەو دەقە قورئانیانەی بۆ دیاریکردنی (نصاب) شایەت هاتوون بریتینلە: سورەتی النساء ئایەتی (١٥) : لە (الحدود) واتە (حەد) [وَاللاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً] و هەریەک لەسورەتی (الطلاق) ئایەتی ٢، سورەتی البقره ئایەتی ٢٨٢ کە باس لەمافی ئابووری دەکات. گەر تۆزێک وردببینەوە دەبینین کە شایەتی لەبوارەکانی (حەد، تەڵاق، رجعه) هیچ گومانی تێدانییە کە هەمووکەس ئەتوانێت شایەتی لەسەربدات ژن بێ یان پیاو، موسڵمان بێ یان غەیرە موسڵمان. بەڵام گومانەکە کە تەنیا لەسەر (مافە ئابوورییەکانە) وەک لەئایەتەکەدا هاتووە: شایەتی پیاوێک بەرامبەرە لەگەڵ شایەتی دوو ژن کە ئەمەش وای لە هەندێکەس کردووە کە ئەوە بەبەڵگەی پاشکەوتوویی (ملحق) ژنی بزانن.

سەرچاوەی ئەم گومانە بەپێی وروژێنەرەکان ئەوەیە کە ئیسلام شایەتی ژنێکی بەرامبەر شایەتی پیاوِ بەنیو حسابکردووە [فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ] لێرەدا تێکەڵاوییەک لەنێوان (شایەتدان- الشهادە) و (الاشهاد) وەک ئایەتەکە لەوبارەیەوە هاتووە، دیارە شایەتیدان کە لەبواری قەزادا پشتی پێدەبەسترێت بۆ حوکمدان، بۆ دۆزینەوەی دادگەری لەسەر بەڵگەی تەواو (البینة الکاملة) و هەڵێنجانی (استخلاصة) لەنێوان داوای ڕکابەرەکانیدا بۆ سەلماندنی ڕاستیودروستی کە ڕەگەز پێوەرنییە. سورەتی البقره لەئایەتی (٢٨٢) دەفەرموێت [وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأخْرَى].

ئەمە دەربارەی شتێکیتر هاتووە نەک حوکمی ناو قەزا بەڵکو بۆشایەتیدانە (الاستشهاد) بۆ خاوەن ماڵێک بۆ پەیدا کردنی متمانەیەک بۆ ئەو پارەیەی کە دەیدا بەقەرز بەیەکێک، نەک بۆ (الشهادە) لەبەردەم قەزاو حاکم. زانایان ڕایانوایە کە ئەم ئایەتە تەنیا بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگارییە لە قەرزو کردنی تایبەت و تێکەڵبوونی تایبەت لەقەرزکردندا نەک یاسا بێ بۆ قازی و حاکم لەناکۆکییەکاندا.

**شوکریە ساڵح توێژەری کۆمەڵایەتی**



www.netewe.com

# رێگەی نموونەیی بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆن چییە؟

## ئەتەکێت



کنێر عەبدوڵڵا

kner_abdullah@yahoo.com

ئەگەر دەتەوێت رێگەو رەفتارێکی ئەتەکێتی بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆن پەیڕەوبکەو ئەم گۆشەیە بخوێنەرەوەو بەدواداچوون بۆ ئەو شێواز و ڕێسایانەبکە.

* رێگەی راست بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆن چییە؟

تائێستا وشەی (ئالو) بەگشت وەرگێڕان و ماناکانیەوە تاکە وشەی باوە لەوەڵامدانەوەی تەلەفۆن، یان هاوشێوەکانی وەک(هاللو) بەزمانی بیانی.

* تاچەند راستە کەسی داواکار لەتەلەفۆن، لەکاتی وەڵامدانەوەدا ناوی خۆی بڵێ؟

بەڵێ ئەوەش وەڵامدانەوەیەکی نموونەییە لەلایەن داواکارەوە. ئەوەی تەنیا لەوبارەدا جیاواز دەبێت شێوازی پێشکەشکردنە لەکەسێکەوە بۆ ئەویدی و وەڵامدانەوەکەش بەپێی کەسەکە دەگۆڕێت:

-گەر ئەوەی وەڵامی دایەوە خزمەتگوزار بوو"من کاک.. ئایا کاک .. لەوێیە؟

-ئەگەر وەڵامدەرەوەکە منداڵ بوو، من کاک.. ئایا باوکت یان دایکت لەوێیە؟

-لەکاتی زانینت بۆ ئەو کەسەی وەڵامی دایتەوە سڵاوی لێدەکەیت و ناوی دەهێنی پاشان خۆتی پێدەناسێنی و داوای ئەو کەسە دەکەیت کە مەبەستتە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت"چۆنی.. من.. ئایا.. لەماڵەوەیە؟

-ئەگەر هاتوو داواکارەکە لەڕووی تەمەنەوە کەسێکی گەورەتر بوو لەخۆت و داوای کەسێک دەکات بچووکترە لەخۆی تەنیا ناوی خۆی دەڵێ "من کاک...".

-ئەگەر داواکارەکە کەسێکی بچووکبوو و داوای کەسێکی گەورەتری لەخۆی کرد لەڕووی تەمەنەوە ژن بێ یان پیاو" ئالو کاک / خاتوو .. من ..."

-ئەگەر داواکارەکە منداڵ بوو و ویستی گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکەیدا بکات:" ئالو کاک / خاتوو .. من ... بەیارمەتی دەتوانم گفتوگۆ لەگەڵ .. بکەم؟

لەکاتی پێشکەشنەکردنی داواکارەکە خۆی یان نەدرکاندنی ناو و کەسایەتیەکەی بێشەرمی نییە، ئەگەر داوای لێبکەیت خۆی بناسێنێ یان بەواتایەکی دیکە ناوهێنانی ئەمەش بۆ خاوەن ماڵەکە بەمانای هێنانەدی ئاسایش و ئارامی دێت. لەبەرئەوەی بۆ نموونە زۆرێک لە کەسەکان کاتێک داوا دەکرێن بەمەبەستی جەختکردن و دڵنیابوونە لەنەبوونی کەسێک لەماڵەکەدا لەپێناوی دزیندا. ئەگەر کەسێکت ناسی، بەڵام ناسنامەکەیت نەناسی پێویستە وەڵامدانەوەت لەبری ئەوەی بڵێی "لەماڵەوە نییە" بەمشێوەیە بێت:"ئێستا سەرقاڵە ناتوانێت وەڵامت بداتەوە، داواکار کێیە؟ بۆ ئەوەی قسەت لەگەڵدا بکاتەوە."لەکۆتاییدا رۆڵی وەڵامدەرەوەکە پاش ناسینی دێت، ناو و ناسنامەی داواکارەکە بەسڵاوکردن لەداواکار و لەبەرامبەردا ناوهێنانی".

www.netewe.com

"پۆشینی حیجاب پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە"



# کەنیز لەئیسلامدا تەنیا نێوان ناوک و ئەژنۆی داپۆشیوە

سەروەر پێنجوێنی

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

**وارڤین: کاریگەری حیجاب و وابەستەبوونی ژن پێوەی، تاچەند وا لەو ژنە دەکات کە لەلایەنی بیرکردنەوە بۆ هەندێ پرسی خۆشگوزەرانی، کۆیلە بێت؟**

- پێنجوێنی: لەبنەڕەتدا حیجاب و وابەستەکردنی ژن پێیەوە وا لەژن دەکات بیرکردنەوەو بڕیاردانی سەربەخۆیانەی نەبێت، واتە کۆیلایەتییەکە لەبیر، هۆش و کەسێتی فیکرییەوە دەستپێدەکات، ئەمە زۆر ترسناکترە لەکۆیلایەتی ژیان و خۆشگوزەرانی. کاتێک لەڕێگەی دابوونەریتی حیجابەوە ڕەگەزی مێ دەهێنرێتەسەر ئەو بڕوایەی دژایەتی مێیایەتی خۆی بکات و ئازادی هاوڕەگەزانی خۆی پێ سووک و ناشیرین بێت، هەر ئەمە واتە دەرهێنانی هەستکردن بەخود و خۆناسین، نیشانەی ئەوەیە کە کۆیلایەتی بەڵکو دژایەتی خود لەناخی ئەو مێیەدا بەچاندن چاندراوە. مرۆڤێک بهێنرێتەسەر ئەو بڕوایەی داوای ماف و ئازادی خۆی نەکات و بەو دۆخەیش ڕازی بێت. ئەو حاڵەتەم بیردەخاتەوە کە کۆیلەکانی سەردەمانی کۆنیش بەدۆخی کۆیلایەتی خۆیان ڕازیبوون ئەو دۆخەیان بەدۆخێکی سروشتی دەزانی و زۆرجار بەچاوێکی سووک تەماشای کۆیلەی یاخییان دەکرد.

**وارڤین: بۆ نموونە ئایا پەچە کەلە ئاکرێ و زاخۆ و هەندێ ناوچەیتری کوردستان هەیە دەکرێ بڵێین حیجابە. یان ئەوە نەریتێکی پێشینەی کوردەواری بووە؟**

- پێنجوێنی: دەبێ ئەوە بزانین کە پەچە لەخۆیدا دیاردەیەکی میللیەو دیمەنێکی ژیانی گەلانی دەشتەکی و بیاباننشین و شوانکارەیە، جاری وایش هەیە نەریتێکە بۆ مەبەستێکی تایبەتی دێتە کایە (وەک حاڵەتی هەندێک بنەماڵە کە خۆیان بەتایبەتی و خانەدان دەزانن، یان بارودۆخی ئاووهەواو زۆر حاڵەتی تریش) ئیتر مەرج نییە نیشانەی ئایینداری بێت یان پاڵنەری ئایینی لەپشتیەوە هەبێت، بەڵکو بەگشتی بەشێکە لەکەلتوورێکی کۆن کە ژن (بەتایبەتی ژنی ئازاد) وەک نهێنییەک تەماشا دەکات کە نەک هەر نابێت دەموچاوی دیار بێ، بەڵکو ناویشی نابرێت، سەرنجتاننەداوە لەکۆمەڵگای تەقلیدی عەرەبیدا کاتێک لافیتەی پرسەی ژنێک یان کچێک دەنووسرێت، دەبینین نووسراوە (عقیلە فلان) ئەگەر ژن بێت، یان (کریمە فلان) ئەگەر کچ بێت، ئیتر ناوی ژنەکە یان کچەکە نابرێت، بەتایبەتی ژن زۆر زەحمەتە ناوی ببرێت، ئەگەر دوای مردنیشی بێت. جا ئەگەر (ناو)ی ژن بەنهێنی بهێڵرێتەوە، مانای وایە ئەمە کەلتوورێکە کە دەیەوێ ژن نهێنییەک بێت کە یەک نێر بۆی هەیە ئاشکرای بکات و پەردەی لەسەر هەڵ بماڵێت، ئەمەش دوای ڕەزامەندی هەموو دەسەڵاتەکان یان بڵێین هەموو نێرەکانیتر. کاتێک بینیمان کەلتوورێک بەمشێوەیە ژن دەکاتە نهێنییەک بەشێوەیەک کە دەقە ئیسلامیەکانیش ناچن بەو ئاقارەدا، ئیتر تێدەگەین کە ئەمە کەلتوورێکە کە گەورەترەو جیاوازە لەبازنەو ناسنامە ئیسلامییەکە، کە ئیسلامیش تەنیا بازنەیەکی بچووک و (کاڵتر)ە لەو بازنە گەورەیەدا. کاتێک دەبینین خێڵێک باوەڕی بە"عەیبەشۆری" هەیەو ژن لەسەر بچووکترین لادان دەکوژێت و لەهەمانکاتیشدا کەمترین پەیوەندی بەئیسلامەوە هەیەو جاری وا هەیە ئیسلامی هەر بەدەنگوباس ناسیوە، ئیتر حاڵیدەبین کە ئەمە کەلتوورێکە لەوە زیاترە تەنیا لەهەندێک دەق و یاسای ئیسلامیدا بەرجەستەی بکەین، بەڵکو جیاوازیشە: لەپێناسەو شێوەی یاساکانیدا جیاوازەو لەپاڵنەریشدا جیاوازە. شتێک هەیە لەئیسلام گەورەترە کە ئیسلامیش تەنیا بەر کاریگەری ئەو کەوتووەو تاڕادەیەک نموونەو بەرجەستەکەرێکیەتی، کە ئەویش کەلتووری کۆمەڵگا کۆن و بیاباننشین و

www.netewe.com

شوانکارەکانە، بەتایبەتی کۆمەڵگای گەل و گەلەهۆزە سامییەکان. ئێمە دەبێ ئەم چوارچێوە گەورەترە ببینین نەک تەنیا ئیسلام. کۆمەڵگای تەقلیدی کوردیش، بەتایبەتی کۆمەڵگای تازە نیشتەجێ کە تـازە وازی لەشوانکارەیی و کۆچەری هێناوە، هەر لەبابەتی ئەو کەلتوورە کۆنانەیە.

بۆیە من پێموانییە پەچە بەشێکی رەسەن بێ لەئیسلام. مـەرج نییە هەموو دیمەن و مۆتیفەکانی کۆمەڵگای بیاباننشین لەئیسلامدا رەنگیاندابێتەوە. بۆ نموونە: لە سعودیە، ژن هەیە مێردەکەیشی دەموچاوی نەبینیوە. واتە هەمیشە داپۆشیوە. رەنگە زۆر بەلاتانەوە سەیر بێت، بەڵام شتی وا هەیە. لەکاتێکدا پەیوەندیشی بەئیسلامەوە نییە.

(پەچە)یش، یان روبەند کە بەعەرەبی (نقاب) و (برقع)ی پێگوتراوە، دیاردەیەکە لەجیهانی کۆنیشدا هەبووە، پێش ئیسلام هەبووە، بۆ نموونە، لەنیمچەدورگەی عـەرەبـیدا، پێش ئیسلامیش هەبووە، بەتایبەتی کە لەبیاباندا داپۆشینی دەموچاو ناچاریە لەبەر تیشکی بەتینی خۆر و، خۆڵ، هەروەها لەئێرانی کۆندا هـەبـووەو نموونەی لە کـارە هونەرییەکاندا مـاوەتـەوە. هەروەها لەیۆنانی کۆن و لەناو ئەنگلۆسەکسۆنیەکاندا تـاڕادەیـەک هەبووە. واتە هەندێکجار ژن لەو کۆمەڵگایەدا بەتایبەتی لەشوێنی قەرەباڵغدا، دەموچاوی داپۆشیوە. زۆرجاریش پەچە بۆ خۆشاردنەوەو بۆ رێگەی دیداری دۆست بەکارهێنراوە. واتە بۆ مەبەستی واش بەکارهێنراوە کە پەیوەندی بەپۆشتەیی و پاکداوێنیەوە نییە.

سەبارەت بەئیسلامیش، راستە لەڕابردوی کۆنی مێژوی کۆمەڵگای ئیسلامیدا پەچە هەبووە. بۆ نموونە: دەخوێنینەوە کە ژنی موسوڵمان لەئەندەلوس و لە زۆر شوێنیتری جیهانی ئیسلامیش دەموچاوی داپۆشیوە بەشێوەیەک تەنیا یەک کون لەپەچەکەیدا بووە لەسەر یەک چاوی، چونکە گوتوویانە یەک چاو بەسە بۆ بینینی ڕێگا. (ئەم خۆداپۆشینە بەڕادەیەک یەک کون بمێنێتەوە بۆ یەک چاو، لەکەلەپووری ئیسلامیدا کراوە بە تەفسیری "یدْنين عليهنّ من جَلابيبهنّ - الأحـزاب: ٥٩" و دراوەتـە پاڵ ئیبن عەبباس و هەندێکیتریش).

بەڵام بۆچی لەدەقە ئیسلامییە بنەڕەتیەکانداو بـەڕاشـکـاوی نابینین داپۆشینی دەموچاو دوپـاتـبـکـرێـتـەوە؟ بـۆچـی قـورئـان تەنیا باسی (سەرپۆش)، (خمار)و (چارشێو) (جلباب) دەکات و باسی پەچەو داپۆشینی دەموچاوی نەکردووە؟ بۆچی ئەو فەقیە و شەرعزانانەی کە گوتوویانە (داپۆشینی دەموچاو) پێویست نییە" زۆرینەی زانایانی ئایینیی ئیسلامن، ئەوانەش کە پەچەو داپۆشینی دەموچاویان فەرز کردووە" کەمینەن؟

ئایا رێکەوتە زۆربەی هـەرەزۆری ئەوانەی لەم سەردەمەدا پێداگری لەسەر پەچەو داپۆشینی دەموچاو دەکەن لەو مەلا وەهابیانەن کە هەر یەکەیان لەخێڵێکی بیاباننشینی نەجد و بیابانی سعودیەوە هاتووەو تائێستاش نوقمی دابونەریتی خێڵەکین؟

خۆش ئەوەیە ئەم مەلا وەهابیانە تائێستاش سوورن لەسەر ئەوەی پەچە واجبەو ملی دەقە قورئانیەکان با دەدەن بۆ ئەوەی ببنە بەڵگەی پەچە. لەکاتێکدا دەتوانم بڵێم پێچەوانەی چەمکی دەقە قورئانیەکەیە، چونکە قورئان کاتێک بـاسـی داپۆشینی جەستە دەکات سەبارەت بەئافرەت ئەوەی لا جیادەکاتەوە کە بەشێوەیەکی سروشتی دەردەکەوێت: (ولا يبدين زينتهن الا ما ظهر منها) (النور: ٣١) کە دیارە مەبەستی دەموچاو و دەستەکانە، جا ئەگەر ژنی موسوڵمان هەموو گیانی داپۆشێت و تەنیا کونی چاوی بهێڵێتەوە"ئیتر جیاکردنەوە (استپناو)ە قورئانیەکە چ ماناو جێگەیەکی بۆ دەمێنێتەوە؟ بۆیە من ئـەو تەفسیرەیشم پێ هەڵەیە بۆ دەقی(يدْنين عليهنّ من جَلابيبهنّ) (الحزاب: ٥٩) کە دەدرێتە پاڵ (ئیبن عەبباس)یش، کە گوایە مەبەستی ئەوەیە"دەبێت بەچارشێوەکە دەموچاویشیان داپۆشن و تەنیا یەک چاویان بەدەرەوە بێت". چونکە ئەگەر وابێت جیاکردنەوە (استپناو)ە قورئانیەکەی (.. الا ما ظهر منها) (النور: ٣١) هیچ مانایەکی نامێنێتەوە چونکە ئەگەر تەنیا یەک چاو دەربکەوێت ئەمە نابێتە دەرخستنی (زینە) کە لەئایەتەکەدا روخسەت دراوە کەمێکی دەرکەوێت کە ئەویش ئەوەیە کە هەر دەبێ بـەدەرەوە بێت کە (دەموچاو و دەستەکان)ـە. ئەمە جگە لەوەی پاڵنەری یاساکە لەخۆیدا، وەک باسمان کرد، ئەوەیە ژنی ئازاد لەکۆیلە جیا ببێتەوە، بۆیە ئەگەر ژنی ئازاد خۆی دابپۆشێت بەشێوەیەک تەنیا دەموچاو و دەستەکانی دیاربن"ئەوە بەسە بۆ ئەوەی لە کەنیز جیا ببێتەوە، چونکە کەنیز لە کۆمەڵگای ئیسلامدا تەنیا نێوانی ناوک و ئەژنۆی داپۆشیوە! ئەگەر کەنیز تەنیا دەموچاو و دەستەکانی دیاربوونایە ئەوکاتە دەتوانرا بگوترێت کە دەبێت ژنـی ئـازاد دەمـوچـاو و دەستەکانیشی دابپۆشێت.

**وارڤین: پۆشینی حیجاب هیچ مەترسییەکی لـێدەکەوێتەوە؟**

– **پێنجوێنی:** پۆشینی حیجاب، جگە لەوەی پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە چونکە مرۆڤ شێوەو لەشولارێکی جوانی هەیە بۆ ئەوەی جوان دەرکەوێت. ئەنجام و ئاکامی خراپی هەیە، لەوانە زەوتکردنی منداڵی لە کچ، دەبینین زۆر بنەماڵەی توندڕەو و تەقلیدی منداڵە کچەکانیان ناچاردەکەن لەتەمەنێکی کەمەوە (پێش ١٨ ساڵی) حیجاب بپۆشن، ئەمەش واتە ئەو منداڵە لەو تەمەنەدا خاوەنی جەستەی خۆی نییەو منداڵییەکی سروشتی ناگوزەرێنێت، بەڵکو تەنیا دەبێتە بابەتێک و جێگەیەک بۆ پراکتیسی ئایدیۆلۆجیاو باوەڕێکی تایبەتی.

شوێنەوارێکی دیکەی خراپی بنەمای حیجاب کـە ئاییندارەکان خۆشیان وەک ئامانجی حیجاب دانیپێدادەنێن، رێگرتنە لەتێکەڵاوی نێر و مێ، کە ئەمەش لادان (شـڕوژ)ی سێکسیی لـێدەکەوێتەوە، نابێت لەوە خۆمان بێئاگابکەین چەندە لادان و ئـارەزووی هەمان رەگەز هەیە لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا، هەرچەند بەشێوەیەکی شاردراوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە لادان (شڕوژ)ی سێکسی شتێکە لەگەلێک گیانداری شیردەردا هەیە نەک تەنیا مرۆڤ و مرۆڤی کۆمەڵگای داخـراو، بـەڵام دەبێت خۆمان خافڵ نەکەین لەوەی کاتێک ـ لەڕێگەی حیجابەوە کە هەوڵێکە بۆ دروستکردنی دیوارێک لەنێوان نێر و مێدا ـ تێکەڵاوی و ئاشنایی ئەو دوو رەگـەزە زۆر سنووردار دەکرێت، ئەمە هۆکارێکی بنەڕەتی لادانـی سێکسییە، مەبەستم ئارەزووکردنی هەمان رەگەز، کە لەکۆمەڵگای داخراودا هەمیشە پەردەپۆشی دەکرێت و دانیپێدانانرێت.

هەروەها حیجاب پێناسەکردنی رەگەزی مێیە بەجەستە، کە جەستەیەکە دەبێ دابپۆشرێت، بەبێگوێدان بەهەست و رۆحی ئەو مرۆڤە. بەڵکو بە (لەعنەت)کردنی جەستەی مێیە.

شوێنەوارێکیتری حیجاب چەسپاندنی ئەو

www.netewe.com



بیرۆکەیە لەزەینی کچدا کە جەستەی مایەی فریودانی رەگەزی نێرە. حیجاب کارێک دەکات کچ هەر لەمنداڵیەوە وابزانێت جەستەی بابەتێکە بۆ سێکس، هەر لەو تەمەنە کەمەدا سەرنجی رادەکێشرێت بۆ ئەوەی بەهۆی جەستەیەوە کێشە دروستدەبێت و، جەستەی رێگریەتی لەزۆر چالاکی و ئارەزووی منداڵانەو هەرزەکارانە. کاتێک کچ دەبینێت کوران بەپارچەیەک جلەوە مەلە دەکەن، ئەمیش بەچەند پارچەیەکیشەوە هێشتا ناتوانێت مەلە بکات، بەڵکو هەر رێگەی پێنادرێت هیچ پارچەیەک لەجلوبەرگی لابدات، ئەوکاتە پەشیمانە لەکچێتی خۆی و لەجەستەی خۆی بێزارە. ئەم هەستەش لەگەڵ گەورەبووندا گەورە دەبێ تا دەگاتە ئەو رادەیەی کە جەستەی بەسەرچاوەی هەموو کێشەکانی بزانێت. بۆیە کاتێک هیوابراویش دەبێ سوورە لەسەرئەوەی بەخۆسووتاندن جەستەی خۆی بشێوێنێت.

هەروەها حیجاب راهێنانی رەگەزی مێیە بۆ ئەوەی تەنیا ببێتە ئامرازێک بۆ ویست و حەزەکانی رەگەزی نێر، بەتایبەتی حەزی خاوەندارێتی. ناچارکردنی مێ بەخۆداپۆشین بەوشێوەیەی لە (حیجاب)دا هەیە هەستی خاوەندارێتی ئەو نێرە تێر دەکات کە خۆی بەخاوەنی ئەو مێیە دەزانێت. رەگەزی نێر لەئایینە پیاوسالارییەکاندا بەهەموو شێوەیەک نێری خۆی و (تایبەتمەندییە سێکسییە لاوەکیەکان) Secondary Sex Characteristicsی خۆی دەردەخات، بەڵام رێگەنادات مێیەکانی ژێردەستی دەربکەون.

ئەمە هەمووی جگە لەوەی حیجاب وەک مۆدێلێکی ئیسلامی سیاسی کەناڵێکە بۆ وابەستەکردنی کۆمەڵگای کوردی بەئایدیۆلۆجیا و مۆدێلێکی تایبەتییەوە، هاوکات بەردەبازێکە بۆ عەرەباندن و گۆرینی کەلتووری کوردی.

**وارڤین: ئیسلامی سیاسی تاچەند هۆکاری پۆشینی حیجابە؟ ئایا مەبەست لێی خزمەتی ئایینە یان مەبەستێکی سیاسیە؟**

- **پێنجوێنی:** ئاشکرایە کە حیجاب ئامرازێکی دەستی ئیسلامی سیاسییە، ئەوەش بە بەکەڵکهێنانی پاڵنەری ئایینی، ئەمەش لەرێگەی پێناسەکردنی (جلوبەرگی شەرعی)ی ئیسلامییەوە بە (حیجاب) کە مۆدێلێکی تایبەتی و بەڵکو (زی موحد)ی رێکخستنی (خوشکان)ی ئیسلامییە. ئیسلامی سیاسی لەم وڵاتانەی خۆمان وا کچان و ژنانی تێگەیاندوە کە جلوبەرگی شەرعی ئەوەیە کە ئەندامەکانی رێکخستنەکانی ئەو دەیپۆشن. ئیتر ئەو جلوبەرگە تەقلیدی و خۆماڵییەی کە هەیە گوایە بەتەواوی مەرجی شەرعی تێدا نییە، لەکاتێکدا لەبنەرەتی ئیسلامدا، مۆدێلی جلوبەرگ بوونی نییە، قورئان دەڵێ"سەرپۆش و چارشێو"بەڵام ئەمانە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا بوونیان هەیەو مۆدێلی تایبەتی نین، بەڵام ئەوەی جلوبەرگ چەندپارچە بێت، ئاودامان بێ یان دوو پارچە یان زیاتربێت، رەنگی چۆن بێ، چەند تاریک بێ، ئەمانە مۆدێلن، کە لەئیسلامدا بوونی نییە، بەڵام لە (حیجاب)ی ئێستەدا هەیە. بەڵکو کاتێک ژنێکی حیجابپۆش دەبینیت دەزانی ئەوە ئەندامی حزب یان رێکخستنێکی ئیسلامییە، رەنگە بەکاڵ و تۆخی و شێوازی حیجابەکەیشیدا بزانیت سەر بەچ لایەنێکی ئیسلامییە. پێموایە ئەمجۆرە لەپۆشاک پێویستە لەدامودەزگا حکومییەکاندا رێگەی پێنەدرێت، چونکە نیشانەی ئینتیمایەکی ئایدیۆلۆجی و سیاسیی دیاریکراوەو نابێ رێگەی پێبدرێت بۆ دامودەزگای حکوومی. ئەمەش جیاوازە لەوەی ژنێک لەگەڵ جلوبەرگی ئاساییدا قژی داپۆشێت، ئەوە مافی خۆیەتی، جا بۆ هەر مەبەستێک بێت، بەڵام (حیجاب) جلوبەرگێکی ئاسایی نییە، زەق دیارە نیشانەی ئینتیمایەکی دیاریکراوە.

**وارڤین: ئایا حیجاب لە بۆ سرینەوەی کەلتووری کوردیدا هاریکارە؟**

- **پێنجوێنی:** بێگومان کەلتووری کوردی پێشتر (حیجاب)ی نەناسیوە. هەرچەند ئەمە مانای ئەوە نییە جلوبەرگی ژنی کوردی (شەرعی) نەبووە، بەڵام جلوبەرگێکی خۆماڵی بووەو جوانی خۆی هەیەو هاوردە (مستورد) نییە.

ئیسلامی سیاسی کە دێ مۆدێلێکی نامۆی وەک حیجاب دەکاتە برێتی جلوبەرگی کوردی و جیهانی، لەراستیدا ئەوە رەتکردنەوەی ئایینداری خۆماڵی کوردەوارییە- لەلایەکەوە، لەلایەکیتریشەوە رەتکردنەوەی شێوازی ژیانی هاوچەرخە. واتە حیجاب دەبێتە بریتێک بۆ شێوازی ژیان و پۆشاکی مرۆڤی کورد کە لەکۆمەڵگای موسوڵماننشینی کوردا پەسەندکراو بووە، بۆ شێوازی ژیان و پۆشاکی هاوچەرخیش.

نامۆیی (حیجاب) بەکۆمەڵگای کوردی ئەو راستییە روون و ئاشکرایانە دووپاتیدەکەنەوە کە وشەکە لەخۆیدا عەرەبییەو لەزمانی کوردیدا جێی خۆی نەکردووەتەوە، مۆدێلەکە لەشوێنانی وەک وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بەرهەمدەهێنرێت و هاوردە دەکرێت بۆ کوردستان. تا ئێستاش بەزۆری ئەو ژن و کچانە لەبەری دەکەن کە ئەندامی رێکخستنە ئیسلامییەکانن یان هەواداریانن و نزیکن لێیانەوە.

ئینجا ئێمە باکگراوندی ئەو حزب و رێکخستنە ئیسلامییانە دەزانین کە برەو بەو (حیجاب) ـە دەدەن، دەزانین لەهەوڵدان بۆ ئەوەی کەلتووری کوردی ببێتە پاشکۆیەکی کەلتووری عەرەبی ـ ئیسلامی ـ سوننی، نکوڵی و حاشا دەکەن لەپاشخان و پێشینە کۆنەکانی کەلتووری کورد. (حیجاب) لای ئەمانە تەنیا پەرۆیەک نییە، بەڵکو جیهانبینییەکی لەپشتەوە هەیە، کە ئەو جیهانبینیە بەسرینەوەی زۆر لایەن لە کەلتووری کوردی لەناو کوردا پەرەدەگرێت.



پرۆفیسۆر لەورە



پرۆفیسۆر دیانا



د. دلاوەر عەلادین



د. کاسرین

## وڵاتانی بیانی چۆن لەداهاتووی خوێندنی هەرێم دەڕوانن؟

پرۆفیسۆر لەورە لەزانکۆی جۆرجتاون بۆ وارڤین:

# کوردستان پێویستی بەزانای ژن هەیە

تایبەت

وەزیری خوێندنی باڵای هەرێم دەڵێ، سیستەمی نوێی دکتۆرا لەهەرێم دەگۆڕین، هاوکات دوو لەپرۆفیسۆرانی ژن لەزانکۆی جۆرجتاون و کینتۆکی، جەخت لەوەدەکەنەوە کە "هەرێمی کوردستان پێویستی بەزانای ژن هەیە".

### نەخشەڕێی گۆڕانکاری

گۆڕانکاری لەسیستەمی خوێندنی دکتۆراو ناردنە دەرەوەی ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی دکتۆرا بەگوێرەی بەرنامەی تواناسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ساڵانە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، بووەتە جێگەی بایەخی زانکۆ و سەنتەرە بەناوبانگەکانی جیهان. وەک پرۆفیسۆر داتا کاسرین ڕێکخەری نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو زانکۆکانی جیهانی بۆ وارڤین ئاماژەیدا، ئەو هەنگاوە دەبێتە هۆکارێک کە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەن توێژینەوەی زانستی نێودەوڵەتی و تێیدا نەخشەڕێی گۆڕانکاری نوێی خوێندن لەهەرێمدا سەرکەوتوو بێت. لەقۆناغی رابردوودا سیستەمی خوێندنی دکتۆراو ئاستی توێژینەوەی زانستی لەهەرێم کەمووکورتی زۆری هەبوو و گلەیی زۆر لە ستانداردی خوێندنی هەرێم دەکرا، بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم دەیەوێت لەرێگەی زانکۆ جیهانییەکان ئەو گۆڕانکارییە بەشێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێبکات. پرۆفسیۆر دیانە کینگ لەزانکۆی کینتۆکی ئەمریکا بۆ وارڤین دواو گوتی "تا ئاستی توێژینەوەی زانستی هەرێم شێوەیەکی نێودەوڵەتی وەرنەگرێت، ناتوانرێت گۆڕانکارییەکانی سیستەمی نوێی خوێندن لەهەرێم سەرکەوتوو بێت"، هەروەها گوتی "پێویستە بایەخ بەناردنانی خوێندکاری دکتۆرا لەهەرێمی کوردستان بۆ زانکۆکانی جیهانی بدرێت، تا لەداهاتوودا هەرێم ببێتە خاوەن مامۆستاو دکتۆری پێشکەوتوو و ئەوانیش سەرپەرشتی توێژینەوەی زانکۆکانی هەرێم بکەنەوە".


### هەرێمی کوردستان زانای ژنی پێویستە

پرۆفیسۆر دیانا، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەپێویستی دەزانێ کە حکوومەتی هەرێم بیر لەپێگەیاندنی زانای ژن بکاتەوەو ژنان بۆ خوێندن رەوانەی دەرەوەی وڵات بکات، تا ئەوانیش بتوانن لەداهاتوودا زانای ژن لەهەرێمی کوردستاندا پێبگەیەنن. ئەو لێدوانەی پرۆفیسۆر دیانا، هاوکاتە لەگەڵ لێدوانەکەی سەرۆکی سەنتەری یاسایی زانکۆی جۆرجتاونی ئەمریکا پرۆفیسۆر لەورە کە بۆ وارڤین گوتی پێویستە هەرێم بیر لەزانای ژن بکاتەوە. پرۆفیسۆر لەوەردە گوتی: "خوێندن دەبێ لەسەربنەمای جەندەری بێ و پێویستە بەرپرسانی خوێندن لەهەرێم بیر لەپێگەیاندنی زانای ژن بکەنەوە، تا ژنانیش لەگۆڕانکاری نوێی خوێندن سوودمەندبن".

لەلای خۆیەوە وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆفیسۆر دلاوەر عەلائەدین لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین بەپێویستی زانی کە زانای کورد لەرێگەی هاوتاکانیان لەزانکۆ بەناوبانگەکانی دنیادا ئەزموون وەربگرن و جەختیشی لەوە کردەوە کە دەستپێکی گۆڕانکاری خوێندنیش لەگۆڕانکاری سیستەمی خوێندنی دکتۆرا دەبینێتەوە"ئامانجی سەرەکی دروستکردنی پەیوەندی زاناکانی هەرێمە بەهاوتاکانیان لەدەرەوە، تا بتوانرێت تۆڕێکی پەیوەندی نێوان زانکۆکانی هەرێم و وڵاتانی بیانی دروست بکرێت".



www.netewe.com




پرۆگۆرامی کۆنفرانسی زانستی

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

## ئەردۆگان بایەخی بەگۆنگرەکەدا

وەزیری خوێندنی باڵای هەرێم نەخشەڕێی کۆنگرەکەی بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژەی تواناسازی (ناردنە دەرەوەی خوێندکاران بۆ زانکۆکانی جیهانی، تا بڕوانامەی ماستێر ودکتۆرا تەواوبکەن) هەرێم دەربڕی بۆ پەیداکردنی سەرپەرشتیاری دەرەکی بۆ ئەو خوێندکارانەی لەهەرێم دەنێردرێنە دەرەوە تا لەکاتی گەرانەوەیاندا ئەوانیش ببن بەسەرپەرشتیاری زانستی خوێندکارانی هەرێم. هاوکات وەزیری پەروەردەی تورکیا نعمەت جوبۆگجۆ بەشداری لەکۆنگرەی بەرزکردنەوەی توێژینەوەی زانستی هەرێم کردو ئەو بەشدارییەش بەلای وەزیری خوێندنی باڵای هەرێمەوە وا باسی لێوەکرا "هاتنی وەزیری پەروەردەی تورکیا بایەخی زۆری هەیەو ئامانجی ئەو گەیاندنی پشتگیری تورکیایە لەوەبەرهێنانی هەرێمدا، پشتگیری زانستی و سیاسییە". هەروەها د.دلاوەر، گوتی وەزیری پەروەردەی تورکیا پاڵپشتی سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەی بۆ یارمەتیدانی هەرێم دووپاتکردەوەو ئەو قسەی بەڕاستزانی کە دەگوترێت "بەشێکی سەردانەکەی وەزیری تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکارە تورکەکانە کە لەهەرێم دەخوێنن، تا لەگەڕانەوەیان بۆ تورکیا دان بە بڕوانامەکانیاندا بنرێت".

## بەرزکردنەوەی توێژینەوەی زانستی

لەدژێژەی لێدوانەکەیدا بۆ وارڤین وەزیری خوێندنی باڵای هەرێم جەختی لەوە کردەوە کە گرنگترین بنەمای پێویستی ئێستای هەرێم بەرزکردنەوەی توێژینەوەی زانستییە. "تا لەو ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی زانستی هەنگاو بەرەو سیستەمی دامەزراوەیی بنرێت". لەلایەکی دیکەوە پرۆفیسۆر دکتۆر کاسرین گارلۆ، دەڵێ بایەخدانی هەرێم بەبەرزکردنەوەی توێژینەوەی زانستی و دروستکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی زۆر گرنگە، چونکە بەو شێوەیە دەتوانرێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەخوێندنی کوردستان دروستبکرێت و لەئاستی وڵاتاندا هەرێم ببێتە جێگەی بایەخی خوێندن. نوێنەری زانکۆی جۆرج تاونی ئەمریکا پرۆفیسۆر لەورە وایدەبینێت، کۆنگرەی بەرزکردنەوەی توێژینەوەی زانستی هەرێم، زۆر جێگەی بایەخەو هەڵیکی باشە تا لێرەوە زانکۆکان بتوانن پەیوەندی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دروستبکەن و ئامادەیی زانکۆکەشی بۆ یارمەتیدانی گۆڕانکاری لەخوێندنی هەرێم دەربڕی.

## سیستەمی نوێی خوێندنی دکتۆرا

کۆنگرەی بەرزکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لەهۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لەهەولێر بەبەشداری زیاتر لە ٨٠٠ ئەکادیمیست لە ١٧ دەوڵەتی جیهان و لەژێر چاودێری سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٤ ئەو مانگە دەستی بەکارەکانی کرد ١٦.ی مانگ کۆتایی پێهات. لەو کۆنگرەیەدا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی خرانەڕوو. ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی هەرێم بۆ کاروباری خوێندنی باڵا د.ئامانج سەعید بۆ وارڤین، چۆنیەتی گۆڕینی سیستەمی خوێندنی دکتۆرای لەهەرێمی کوردستان ئاشکراکردو گوتی: "جاران خوێندنی دکتۆراو تویژینەوەیەکی زانستی و سیستەمی کۆرسات بوو، بەڵام ئیستا دکتۆرا دەبێتە توێژینەوەی زانستی کە بەشێکی خوێندنی خوێندکارانی دکتۆرا لێرە دەبێ و بەشەکەیتریشیان لەدەرەوەی وڵات لێکۆڵینەوەکەی تەواو دەکەن. وڵاتانی کەنەدا، ئەمریکا، ئوسترالیاو ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەو کۆنفرانسە بەشدارییان کردبوو و ئامادەیی خۆیان بۆ سەرخستنی بەرزکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی زانستی هەرێم دەربڕیوە. د.ئامانج ئاشکرایکرد کە یاداشتێکی لیکگەیشتنیان لەگەڵ زانکۆ و دەزگاکانی بەشداربووی ئەو کۆنگرەیە واژۆ کردووەو بەوپێیە خوێندنی هەرێم داهاتوویەکی باشی دەبێت.



www.netewe.com

# گرنگی جۆری کۆمەڵایەتی لەب___



**ستاره عارف**

* ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پرۆژەبڕیاری ژمارە"١٤٨٣"ی دەرکرد لەبارەی گرنگی جۆری کۆمەڵایەتی لەپرۆسەی بنیادنانەوەی عێراقدا، مافی مرۆیی ژن و روانگەی جۆری کۆمەڵایەتی رەگەزێکی پەیوەستە بەگفتوگۆکانی ئاشتییەوە، پرۆسەی پاراستنی ئاشتی پرۆسەی دووبارەبیناکردنەوەی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە شەڕیان بەسەردا هاتووە. بەپێی بڕیارەکە دەبێ لەسەرەتای هەرکارێکەوە جۆری کۆمەڵایەتی ببەسترێتەوە بەدارڕشتنەوەی بەرنامەو پێداویستییەکانی ژنان و پیاوانەوە.

* رێککەوتنامەی سیداو لەساڵی١٩٧٩دا راگەیەندراوەو ئەو وڵاتانەی رێککەوتننامەی سیداویان واژۆ کردووە، پێویستە هەر چوارساڵ جارێک راپۆرتی خۆیان پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی رەوشی ژنانی وڵاتەکەیانەوە بکەن. کۆنگرەی پەکین لەساڵی١٩٩٥دا کە چوارەم کۆنگرەی بوو بەهاوکاری رێککەوتننامەی سیداو پلاتفۆرمێکی پێکهێنا کە ١٢مادەی تایبەت بوو بەژنان لەبوارەکانی وەک هەژاری، فێرکردن، راهێنان، تەندروستی، توندوتیژی دژبەژنان، مافی مرۆڤ، ژینگەو دروستکردنی بڕیارو گەلێک بواریتر کە زەمینە بۆ هاوسەنگی جێندەری دەڕەخسێنن.

* رێکخراوی تەندروستی جیهانیش پێناسەی جێندەری کردووە، بەوەی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە ژنو پیاو هەڵیانگرتووەو پەیوەندییان بەجیاوازی کۆئەندامە ئۆرگانیەکانیانەوە نییە. بەپێی بەڵگەیەکی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەم چەمکە هێمایە بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و بەشداری لەچالاکییە کۆمەڵایەتیەکانداو ئەو رەفتارەیە مامەڵەی پێوە دەکەین، دەشێت بەپێی کات و جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانی بەسەردا بێت.

*دەزگا حکوومیە عەرەبییەکان ئێستا کار بۆ باشکردنی رۆڵی ژن لەبواری پەرەپێداندا دەکەن، هەرچەندە هەندێکیان جێندەریان بەیەکسانی ژن و پیاو لەبواری کاردا شرۆڤە کردووە، یان کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان ژن و پیاودا کە کاریگەرن بەهۆکارە ئایینی، رۆشنبیری، نەریتیبەکان و گۆڕانی کاتیش کاریگەری لەسەر دادەنێت، بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکیش جێندەر بەشێکە لەئامێری پەرەپێدانی ئابووری و کاراکردنی رۆڵی ژن لەمبوارەدا، بێجگە لەهەموو بوارەکانیتری کارکردنی ژن.

* لەماددەی دووهەمی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤیشدا هاتووە، هەموو مرۆڤێک مافی هەیە، سەرجەم ماف و ئازادییەکانی رابهێزێت ئیدی لەهەر جۆرێک بن، بێگوێدانە رەنگ، نەژاد، رەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی، کۆمەڵایەتی و هتد. کاتێک رێککەوتنی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی هەڵاواردن"سیداو" دژی ژنان لەساڵی١٩٧٩دا پێکهات، سی ماددەی لەخۆی گرت. لەوانە، دەبێت ژنان بەشداری کارایان لەکاری پەرەپێداندا هەبێت، هەڵبەتە بەمەبەستی کاراکردنی رۆڵی ژن لەبنیادنەوەدا.

* بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە پێویستە مومارەسەکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دوور لەهەڵاواردن، لەرێگەی گرنگیدان بەکارو ئافراندنی ژینگەیەکی گونجاوەوە بێ بۆ گۆڕینی هەڵوێستە کەلتووریو کۆمەڵایەتییەکان، بەڕای هەندێک لەشارەزایانی ئەمبوارە گۆڕینی کەلتوورو دیدی کۆمەڵگا لەمەڕ بەشداری کارای ژنان لەرێگەی پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەبێت.

* دەبێ خزمەتگوزاری راوێژکاری بۆ فراوان بکرێت و ئاسایشی سیاسیش بۆ ژن توانای خۆدەربڕین و وەرگرتنی راو بڕیاریەتی کە توانای راهێنانی مافەکانی هەبێت. ئەمجۆرە لەئاسایش زەمینەی دیموکراتی، شەفاف و یاسایی بۆ فەراهەمدەکات. ئەمەش قورسترین بەرپرسیارێتییە لەسەر ئاستی سیاسی، رۆشنبیری، ئابووری، زانستی و ئارامی، بەشێوەی نەرێ و ئەرێی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا رەنگدەداتەوە. نەبوونی ئاسایش واتای نەبوونی دڵنیایی، ئازادی و دیموکراتی لەکۆمەڵگادا دەگەیەنێت.

* ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەروانگەی بیرمەندو فەیلەسوفەکانەوە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستە کە یاسا حوکمی بکات، ئیبن خەلدون پێیوابووە پەیوەندی لەنێوان تێکچونی بواری ئابووری و تێکچونی سیستەمی دەوڵەتدا هەیە، بۆیە کۆمەڵگایەکی تەندروست و سیستەمێکی گشتی بەدارڕشتنی ئاسایشێکی تەندروست دەبێت، بۆ ئەوەی هەمووان لەناویدا هەست بەدڵنیایی بکەین.

www.netewe.com

# ـونیادنانەوەی وڵاتاندا

* ئەفلاتۆن پێیوابووە گریکەکان گرنگی بەکۆمەڵگای مەدەنی دەدەن. کۆمەڵگا دیاردەیەکی سروشتی و پێگەیشتووەو پێداویستیەکانی تاک تێیدا زیاد دەکاتو خەڵک بەشێوەی کۆمەڵگای بچووک پێشدەکەون. ئەمەش هاوکاریان دەبێ بۆ دابینکردنی بواری نیشتەجێبوون، خۆراک، پۆشاک و پێداویستیەکانیتریان لەدابەشکردنی کارو بەرپرسیارێتییە کارگێڕی و مەدەنییەکان، رۆڵی ئەو شارەی لەسێ بواری کارگێڕی، بەرهەمو بەرگرییەوە دیاریکردوە.

* رۆسۆ دەڵێ دەسەڵات ژیانی خەڵک رێکدەخات و نابێ لەدەرەوە هاوردە بکرێت، چونکە ئاسایش و دڵنیایی لەپێویستییەوە دروستدەبن، دەبێ مرۆڤ تێیدا ئازاد بێ و چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

* لەساڵی ١٩٤٥وە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و دادپەروەری، رێکخراوی مافی مرۆڤ پێشکەوت، بۆیە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان پاراستنی ئاسایش و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا لەهەموو بوارێکەوە هەیە، بۆیە دەتوانێ بەشداری لەبنیادنانەوەدا بکات، چونکە پرەنسیپی دادپەروەری کۆمەڵایەتیش جەخت دەخاتەسەر پێداویستی کۆمەڵگەو تاک کە تێیدا هەست بەدادپەروەری و یەکسانی بکرێت، جەوهەری دادپەروەری کۆمەڵایەتی رزگارکردنی مرۆڤە لەنەریتە کۆمەڵایەتییەکان و رێزگرتن لەمافی مرۆڤ.

* رێزگرتن لەرێکخراوەکانی مافی مرۆڤو پێکهێنانی ئاشتی، دڵنیاییو ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەندی راستەوخۆی بەسیاسەتی بازاڕی کراوەوە هەیە. بۆیە رووخاندنی ژێرخانی ئابووری و چینی ناوین لەهەر وڵاتێکدا فاکتەرێکی هەستیارە لەپوکاندنەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نەبووژاندنەوەی ئابووریو پێشکەوتنی کەلتووری هەژاری. کەلتووری هەژاری کۆمەڵێک دابوونەریتە کە کۆمەڵگا پەراوێزەکان تووشی دێن و پێیاندەگوترێت کۆمەڵگا هەڕەمەکییەکان، ئەم کەلتوورە لەئەنجامی سیاسەتی زۆرداریەوە دروستدەبێت. ئەم کەلتورە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیش دروستدەکات، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی چینی ناوین تێکەڵ بەو کەلتوورە دەبێ و نامێنێ، بێکاری و بۆشایی لەبەرهەمدا زیاد دەکاتو بەپلەی یەکەمیش کاریگەری لەسەر ژن زۆرترە.

*بەپێی هەندێک لەسەرچاوەکان تەنیا توێژینەوەو بەدواداچون لەبژێوی ژیانی هاووڵاتیاندا بەس نییە، بەڵکو چاودێری، گرنگیپێدان، چاندنی گیانی خۆشەویستی ژیان و متمانەبەخۆبوون بۆ هەستکردن بەئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی باری ئابووری و بەشداریکردن پێویستە.

* پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئوردون بەردەوام دەڵێن، خراپی باری ئابووری وڵاتەکەیان مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتییان هەیەو حکومەت رێوشوێنی باجی نوێی گرتۆتەبەر. کەچی بۆتە هۆی دروستکردنی بارگرانی لەسەر هاووڵاتیان، چونکە حکوومەت هیچ بەرنامەیەکی چارەسەری دارایی، ئابوری و کۆمەڵایەتی لەمبوارانەوە پێشکەشنەکردووە، کەواتە کەمی گەشەی ئابووری و بەرزبونەوەی هەڵاوسان، هۆکارە بۆ پێکنەهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و لاوازکردنی رۆڵی ژنان لەهەر بوارێکداو بواری ئابووری بەتایبەتی.

* پێیانوایە وەرگرتنی هەر رێوشوێنێک لەبارەی باجەوە بەدابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی لەکۆمەڵگادا دەبێت، لەنرخی گونجاو بەتایبەتی بۆ چینی هەژارو گرنگیدان بەفێرکردنو بواری تەندروستی بۆ کۆمەڵگا، جەوهەری ئاسایشی کۆمەڵایەتیش واتای پێشکەوتن و پەرەپێدان لەرووی ئابووری، کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە دەگەیەنێت.

* پێشکەوتنی چەمکی ئاسایش لەرووی ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە، بۆ فراوانتربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەهەموو روویەکی ژیانەوە بۆ هاووڵاتیان و ژنان بەتایبەتی دەگەیاند کە خۆی لەهەستکردن بەباشی بژێوی ژیان و سەقامگیری ئابووری و دڵنیایی کەس و خێزان لەژینگەی دەرەوەشی دەگرێتەوە.

* پێنج پرسی سەرەکی ئاسایشی مرۆیی ژن لەرووی ئابوورییشەوە دەخەنە مەترسییەوە لەوانە:

* توندوتیژی دژی ژن و منداڵان

نەبوونی خاوەندارێتی، سامان و کەمی حوکمی ژن لەمبوارەدا

رانەهێزانی تەواوی مافە مرۆیی و سیاسییەکان لەلایەن ژنەوە

ژن وەک قوربانی بەکاربێت نەک کاریگەر.

* بەگوێرەی سەرچاوە زانستییەکان لاوازی هەموو ئەم بوارانە ئاستی بەشداری ژن کەمدەکاتەوەو پەیوەندییەکانی جۆری کۆمەڵایەتی واتای پەیوەندی بەهێزی نێوان ژن و پیاو دەگەیەنێت، بۆیە دەبێ پەیوەندی هاوکاری و کۆمەکی هاوبەشبن لەنێوانیاندا.

* جۆری کۆمەڵایەتی پەیوەندی نێوان خەڵک و کۆمەڵگەکان روونەکاتەوەو ئەم پەیوەندییانەش بەهۆی رەگەزەوە جیاوازی هەیە، لەزۆرێک لەکۆمەڵگەکاندا رەفتارو کرداری جۆری کۆمەڵایەتی، بەهۆی گۆڕانی تەکنۆلۆژیاوە دەگۆڕێت. ئەمەش گۆڕانکاری گەورە لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتیداو لەسەر ئاستی جیهاندا پێکهێناوە. دابەشکردنی کاریش لەروانگەی جۆری کۆمەڵایەتییەوەو لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکتر بەپێی ئاستی تاک و کۆمەڵگاکەو گۆڕانی دەرەکی و کات دەگۆڕێت.

Stare_arif@hotmail.com

www.netewe.com




# ژنان حەزیان لێیە
# قیست تاکە ڕێگەی نوێکردنەوەی ناوماڵی توێژی ناوەڕاستە

هاوکات لەگەڵ باشبوونی ڕەوشی ژیانی هاووڵاتیان، ژمارەیەکی زۆر لەفەرمانبەران، مامۆستایان و ئەوانەی تازە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن بۆ پۆشتەکردنی ناوماڵ ناچارن لەڕێگەی قیستەوە پێویستییەکانیان دابینبکەن و شارەزایانیش لەوبڕوایەدان هەرچەندە ژنان حەزیان لەوجۆرە سەودایە هەیە، بەڵام ئەو مامەڵەیە زیانی هەیە.

## نرخ جیاوازە

بەختیار ڕەحیم خاوەنی کۆمپانیایەکی تایبەت بەفرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ دەڵێ کە بەهۆی زۆربوونی کۆمپانیای فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ و گرانی نرخی کەلوپەلەکان مامەڵەی فرۆشتن لەراستەوخۆوە بووەتە شێوازی قیست و ئەوشێوازەش زۆر خواستی هاووڵاتیانی لەسەرە.

بەختیار گوتی"لەئێستادا فرۆش بەشێوازی قیست جۆرە ململانێیەکی باشی لەنێوان کۆمپانیاکاندا دروستکردووە. زیاتر توێژی ناوەڕاست واتە ئەوانەی گوزەرانیان مامناوەندییە توانای کڕینی کەلوپەلەکانییان بەو شێوەیە هەیە".

مەولود حەمە کەریم (٤٧) ساڵ خاوەنی پێشانگای فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ دەڵێ" لەهەموو دونیادا ئەمشێوازەی فرۆشتن هەبووەو خواستی زۆریشی لەسەرە، ئەگەرچی لەرووی نرخەوە زیادەی دەخرێتەسەر، بەڵام دەبێ هاووڵاتیانیش ڕەچاوی خاوەن کۆمپانیاکان بکەن کە تا ماوەیەکی زۆر لەچاوەڕوانی وەرگرتنی نرخی کاڵاکانیان دەبن".

ئەو خاوەن پێشانگایە ئاماژەش بەوەدەکات کە بەگشتی شێوازی قیستەکان لەزۆربەی کۆمپانیاو پێشانگاکانی کەلوپەل لەڕووی نرخەوە لەیەک نزیکەو کۆمپانیاکان بەگشتی ٪١٠ بۆ ٪٢٠ زیادەی دەخەنەسەر، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە، کە کۆمپانیا هەیە بۆ هەر کاڵایەکی بەقیست فرۆشراو بری ٪٤٠ی دەخاتەسەر.

ئەو دەڵێ"داشکاندنی تایبەت بۆ بنەماڵەی شەهیدان لەفرۆشتن بەشێوازی نەخت و شێوازی (قیست) لەزۆربەی کۆمپانیاو پێشانگاکانی فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ هەیە".

لەبارەی شێوازی پێدانی قیستەکان و فرۆشتنی شتوومەکەکان خاوەنی پێشانگاکە گووتی "بۆ فرۆشتنی کەلوپەلەکان بەقیست بەفەرمانبەران و مامۆستایان داوای کەفالەتی فەرمی فەرمانگە یان ئەو دەزگایە دەکەین کە کەسی کڕیار کاری تێدا دەکات، ئەگەر کڕیار فەرمانبەر یان مامۆستا نەبوو، پێوستە فەرمانبەر یان مامۆستایەک بەپەڕاوێکی پشتگیری کەفالەتی کەسەکە بکات.

بەگوێرەی گوتەی خاوەنی زۆرێک لەکۆمپانیاو پێشانگاکانی فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵ زۆرینەی ئەوانەی ڕوویانتێدەکەن ژنانن. بەو پێیەی ژنان زیاتر خولیاو شارەزای کڕینی ئەو کەلوپەلانەن.

## ژنان بەسەلیقەترن

دایکی قەشەنگ تەمەن ٣٤ ساڵ دانیشتووی هەولێر دەڵێ"ژنی ماڵەوە بەبەراوورد لەگەڵ پیاو زیاتر بەسەلیقەترن و حەزیان لەکڕینی کەلوپەلی ماڵە. ژنان بۆیە حەز بەکرینی بەکڕینی کەلوپەل بەشێوازی قیست دەکەن، چونکە زۆر کات داهاتەکەیان ڕێگایان پێنادات، ئەو کەلوپەلانە بەشێوزای ڕاستەوخۆ بکڕن".

ئەوەشی خستەڕوو، ژنان زیاتر حەز بەوجۆرە مامەڵەیە دەکەن و چاکتر لەپیاوان دەتوانن ڕۆژانە بڕێکی کەم لەداهاتی خۆیان کۆبکەنەوەو مانگانە قیستەکەیان پێبدەن.

ئەو دەڵێ "شێوازی قیست خێرکردن نییە بەکڕیار، بەڵکو بەپێچەوانەوە پارەیەکی زۆرترت لێدەستێنن، بەدڵنیاییەوە نیوەی ژنانی ئێمە هۆشیاریان نییەو نازانن ئەمشێوازە جگە لەسوود زیانی زیاترە"من پێشووتر کەلوپەلێکی زۆرم هێناوە بەقیست، بەڵام لەئێستادا بڕیارمداوە بەمشێوازە کەلوپەل نەکڕم، چونکە پارەیەکی زۆری دەخەنەسەر".

www.netewe.com

## خواستی لەسەرە

سەوزە خۆشناو (٢٦) دەڵێ: "من و هاوسەرەکەم فەرمانبەرین، تەنیا چاوەڕوانی مووچەی مانگانە دەکەین، لەڕاستیشدا ئەگەر بمانەوێت کاڵاو پێوستییەکی ماڵ بەشێوەی راستەوخۆ بکڕین ئەوا دەبێت هەموو مووچەکەمانی بۆ دانێین".

سەوزە، شێوازی کڕینی بەشێوازی قیست بەدڵەو پێیوایە بۆ فەرمانبەران تاکە رێگای گونجاوە بۆ دابینکردنی کەلوپەلەکانی ناوماڵ، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە، کە بەشێک لە کۆمپانیاو پێشانگاکانی کەلوپەلی ناوماڵ پارەیەکی زۆر دەخەنەسەر کاڵاکان.

ئەو دەڵێ "بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کە داهاتی تاک دیارکراو نییەو بەشێک داهاتیان باشەو بەشێکیش داهاتی خراپە، کڕینی کەلوپەل بەشێوازی قیست بۆ چینی ناوەند زۆر باشە بەتایبەت بۆ ژن کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا خاوەنی ئابووری سەربەخۆ نییەو دەبێ هەمیشە چاوەڕێ ئەو برە پارەیە بکات کە رۆژانە مێردەکەی بۆ بژێوی ژیانیان پێیدەدات.

هیواخوازم حکوومەت چاودێری بخاتەسەر ئەم نرخانەو نرخێکی دیاریکراویان بۆ دابنێت، نەک هەر کۆمپانیاو بەئارەزووی خۆی نرخ دابنێت.

## پیاوان خۆیان لەقەرەی نادەن

بەشدار نورەدین (٢٩)، خێزاندارەو خاوەنی٣ منداڵە دەڵێ "لەڕاستیدا من سەلیقەی ئەو جۆرە مامەڵانەم نییەو ئەوە کاری ژنانەو بەمن ناکرێت".

گوتیشی "خێزانەکەم سەرپشک کردووە کە بەگوێرەی ئەو داهاتەی مانگانە هەمە خۆی پێوستییەکانی داوا بکات، بەڵام ناتوانم لەرۆژێکدا هەموو شتێک بکڕم، بەڵکو دەتوانم بەهاوکاری ئەو، مانگانە سەدهەزار یان دووسەدهەزار دینار بۆ کڕینی کاڵاکان دابینبکەم".

## پەیوەندی بەحکوومەتەوە نییە


جێگری بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی نەوزاد ئەدهەم دەڵێ: سیاسەتی وەزارەتی بازرگانی هێنانەکایەی کەشێکی ئازادە بۆ دروستکردنی بازاڕی ئازاد، ئێمە هەموو بازرگان و کۆمپانیاکانمان سەرپشک کردووە، بەڵام مەرجمان تەنیا وەرگرتنی مۆڵەتی هێنانی کەلوپەلەکانە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان و باشی جۆری کوالێتییان".

گوتیشی "ئێمە مەرجمان نییە بۆ دیاریکردنی نرخی قیستەکان و شێوازی ئەمجۆرە مامەڵەیە، دەکرێت هاووڵاتیان خۆیان لەقەرەی ئەو مامەڵانە نەدەن کە پێشووتر دەزانن زیادەی خراوەتەسەر".

مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین و شارەزای ئابووری ئەیوب سماقەیی ئاماژە بەوەدەکات "فرۆشتن بەشێوازی قیست مێژوویەکی دێرینی لەوڵاتانی ئەورووپا هەبووەو لەکوردستان تازەیەو خەڵک ئاشنا نییە بەسوود و زیانەکانی".

ئەو گوتیشی: "کاتێک هاووڵاتیان زەرەر دەکەن کە کەلوپەلەکان خراپ بن و مارکەو ستاندارد نەبن و فێڵی تێدا کرابێت، چونکە تائێستا جۆری کوالێتی ئەم کەلوپەلانە لەهەرێمی کوردستان بەتەواوی دیارینەکراوەو یاسای مافی بەکاربەر (مستهلک) مان نییە".

بەڕای ئەو مامۆستایەی زانکۆ، شێوازی کڕینی کەلوپەل بەقیست ئەوکاتە زیانبەخش دەبێت کە هاووڵاتی هەستدەکات هەموو ژیانی بووەتە قەرز و دەبێ مانگانە بەهەرجۆرێک بێت ئەو برە پارەیە پەیدابکات، بەبێئەوەی پاشەکەوتێکی دیاریکراوی هەبێ بۆ ئەگەری نەخۆشی و سەفەر و پێوستییەکانی دیکە، ئەمەش باری ژیانی قورس دەکات و دەیخاتەژێر گوشارەوە.



بەهرە سدیق



www.netewe.com


ئەڵماس شوێن بە زێڕ لێژ دەکات؟
ژنی دەوڵەمەندو
بەرپرسەکان رووله کڕینی
ئەڵماس دەکەن

**وارڤین - هەولێر:**

لەهەولێری پایتەختدا ژن و کچی بەرپرس و دەوڵەمەندەکان پشتیان لە زێڕ کردووەو ڕوویانکردووەتە کڕینی ئەڵماس وەک بەنرخترین کانزای جیهان و خاوەن فرۆشگەیەکیش ئاشکرای دەکات کەس هەبووە بەبڕی ١٢٠ هەزار دۆلار ئەڵماسی کڕیوە.

ئەڵماس، بەردێکی گران و سەرەنجڕاکێشەو بۆ جوانکاری بەکاردێت. وەک کانزایەک، کانی تایبەتی خۆی هەیە کاتێک دەدۆزرێتەوە لەشێوەی بەردە دواتر پاکدەکرێتەوە. لەچەندین وڵات هەیە، بۆنموونە: (رووسیا، هیند، ئەفریقیای باشوور، ئوستورالیا) دەردەهێنرێت و لەوڵاتانی وەک (تورکیا، چیک، بەلژیکا) پاکدەکرێت. جۆری چیکی لەهەموویان پاکترە. قەبارەی بازرگانیکردن بەو کانزا بەنرخەوە، لەئاستی جیهاندا بەملیۆنان دۆلار مەزندە دەکرێت. لەئێستاشدا رۆژلەدوای رۆژ ئەو کانزا بەنرخە لە هەرێم زیاتر خواستی لەسەر پەیدا دەبێت.

جێگری بەرپرسی سەندیکای زێڕنگەران (سەید بەکر)، ئاشکرایدەکات لەئێستادا کەسانێکی تایبەت هەن خواستیان لەسەر ئەڵماسە. ئەو دەڵێ ناتوانین بڵێین رێژەکە زۆر بەرزە، بەڵام بەبەراوورد لەگەڵ رابردوو، زیادیکردووە، گوتیشی" ئەو ئەڵماسەی لێرە دەفرۆشرێت، بەرهەمی تورکیاو دروستکراوی ئیماراتە، لە هەرێمی کوردستاندا ئەڵماسی ساف نییە، تەنیا لەناو زێر هەیە".

روونیکردەوە، لەهەرێمدا خواست زیاتر لەسەر زێڕە، هیچ کاتێک زێڕ خواستی لەسەر کەم نابێتەوە.

عەلی سمکۆ، خاوەنی فرۆشگایەکی تایبەت بەفرۆشتنی کەرستەکانی جوانکارییە لەهەولێر گوتی"ئەو ئەڵماسەی ئێمە دەیفرۆشین، لەتورکیاوە بۆمان دێت، دروستکراوی کۆمپانیای ئەتاسای وڵاتی تورکیایە، لەبنەڕەتیشدا لەبەلژیکاوە دێتە تورکیا".

ئەتاسای کۆمپانیایەکی تایبەت بەبەرهەمهێنانی خشڵ و جوانکارییە، بنەکەی سەرەکی لە ئەستەنبوڵی تورکیایە، لە ٨ وڵاتدا بریکاری هەیە، لەئەستەنبوڵ ١٧٠ بنکەی هەیە.

عەلی، ئاماژە بەوەدەدات، لەئێستا خواست لەسەر ئەڵماس زیادیکردووە، گوتی"بەهۆی هاتنی ئەڵماس بۆ بازاڕەکانی هەرێم، خواست لەسەری زیادیکردووە".

هەموو کەسێک توانای کڕینی ئەڵماسی نییەو لەهەرێمدا توێژێکی تایبەت کە زیاتر خێزانە دەوڵەمەندو بەرپرسەکانن رووەدەکەنە فرۆشگەکانی تایبەت بەئەڵماس و ئەو کانزا گرانبەهایە دەکڕن."زیاتر لەبنەماڵەی بەرپرس و زۆر دەوڵەمەندەکانن دێن و ئەڵماس دەکڕن" ئەمە عەلی سمکۆ گوتی.

ئەڵماس بە"قیرات"دەکێشرێت، نیوقیرات ئەڵماس بە (٥٠دۆلار)ە، کە بچووکترین یەکەی کێشانەکردنی ئەڵماسە."قیرات" وشەیەکی یۆنانییەو سەنگەکەی ٢٠٠ میلیگرامە. بەگشتی ئەندازەی سەنگەکەی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت و لەسنووری ١٨٨ بۆ ٢٠٥ میلیگرامدایە، بەڵام لەو وڵاتانەی یەکەی پێوانەیان بەمیلیمیترە، سەنگەکە ٢٠٠ میللیگرامە.

ئەو خاوەن جوانکارییە ئاشکرایدەکات، کەسی وا هەن ٨٠ هەزار دۆلار ئەڵماس دەبەن."لەمرۆژانەدا کڕیار هەبووە بەبڕی ١٢ دەفتەر واتە ١٢٠ هەزار دۆلار ئەڵماسی کڕیوە".

رافی هیندی، کەخاوەنی فرۆشگایەکی تایبەت بەئەڵماسە لەهەولێر و تاکە بریکاری کۆمپانیایەکی بیانییە لەعێراقداو پسپۆڕییەکەشی لەبارەی ئەڵماسەوە دەڵێ، هاتنی ئەڵماس بۆ بازاڕەکانی هەرێم دوای ئازادی عێراق و پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستانە. ئەو پسپۆڕەی بواری جوانکاری ئەڵماس، دەڵێ لەهەموو دونیا ئەڵماس بەهای خۆی هەیە"ئەوانەی بەکاری دەهێنن زیاتر ژنان و کچانن". بەگوێرەی زانیارییەکان، لەسەرەتای شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ ١٩ کیلۆگرام ئەڵماس هێنراوەتە هەرێمی کوردستان، زیاتر تێکەڵی زێڕکراوە.

خاوەن جوانکارییەکانی تایبەت بەئەڵماس ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە لەئێستادا خواست لەسەر ئەڵماس زیادیکردووە. بەگوتەی هیندی مانگانە ٩٠٠ قیرات ئەڵماس دێتە هەرێمی کوردستانەوە.

ئەڵماس چەندین جۆری هەیە، لەوانە ( ڤی. ڤی. ئێس وەن، ڤی. ئێس توو، سی. ئێڵ توو، پی وەن، ئێل. سی، بارگێت).

لەگەڵ دەستگیرانەکەی، خەریکی سەیرکردنی ئەنگوستیلە ئەڵماسەکانی ئەو فرۆشگەیە بوو، کە تایبەت بوو بەفرۆشتنی ئەڵماس. گەنجێکی تەمەن ٢٥ ساڵ بوو و لەکۆمپانیایەکی گواستنەوە کاری دەکرد. ئەو کچەی بۆ هاوسەری ژیانی دەستنیشانیکردووە، فەرمانبەری میرییە، ئەو بەپێکەنینەوە دەڵێ" بووکەخان رقی لەزێڕەو بڕیاریداوە زێڕ نەکات بەخۆیەوە، منیش ناچارم دیارییەکی ئەڵماسی بۆ بکڕم هەرچەندە نرخەکەشی زۆر بەرزە".

ژنێکی تەمەن ٤٥ ساڵە، لەگەڵ کچە بچووکەکەی لەناو جوانکارییەکی ئەڵماس خەریکی کڕینی ئەڵماس بوو. ( خونچە سوڵتان)، گوتی"ئەڵماس جوانییەکی بێوێنەی هەیە، زۆر جوانترە لەزێڕ، هەرچەندە نرخەکەی زۆر بەرزە، بەڵام دەتوانی واز لەزێڕ بێنی، ببیتە خاوەنی ئەڵماس".



www.netewe.com


# ئافرەت لەنێوان باش بۆ نووسین و باشبوون لەگەڵیدا



مەلاعومەر چنگنیانی

وەک سەرکۆنەکردن و گازندە لەبەرامبەر و خۆدەربازکردن لەدەرەنجامی هەرهەڵەیەک، ڕەوشتێکی ناپەسەندەو ئێمەی مرۆڤ هەموومان تیایدا هاوبەشین، پاساوهێنانەوە بۆ هەڵەنگوتن ودەرس لێوەرنەگرتنیشی، ڕەفتارێکی نابەجێیە.
لەخۆڕازیبوونی بێسنوورمان وایلێهاتووە، نەک هەر بەدەگمەن رێبکەوێت دان بەتاوانەکانماندا بنێین، بەڵکو هێندەی بگونجێ و سەربگرێ بۆمان، کاری خراپیشمان بەچاک لەقەڵەمدەدەین!.
هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبەکان، بۆگەڕان بەشوێن بەڵگەیەک کە یارمەتیمان بدات بۆ شەرعاندنی تاوان بەئەندازەیەکی زۆر بەربڵاو و دیار ڕەنگدەداتەوە!.
ڕێزدانەنان بۆ رابردوو و بەکەمتەماشاکردنی کرداری چاکی خەڵک، بەشێکە لەنیشانەکانی جوامێری و نەبەردیمان.
گەلێکی وامانهەیە لەباتی ئەوەی نموونەی ڕاستاڵی و خۆنەویستی بن، نەک پلەی بەرزی تێدا بەدەستناهێنن، بەڵکو زۆر بەکەمی نەبێ، بەپلەی دەرچوونیش ناگەن!.
هەمووومان بڕوامان بەوەهەیە، لەکاتی هاتنەخوارەوەی قورئان تازەبەتازە، بۆ پێغەمبەری خۆشەویستمان (د.خ)سەرکەشی وا هەبوو فێڵی لەخۆی دەکرد و خۆی وەک دۆست و خاوەنبڕوا نیشاندەدا. کەچی باوەڕناکەین کە بەدەورمانەوە سەدان (خەت مایل) هەبن! باشە بۆ ئەمەندە لەخۆمان ڕازیبین؟.
ئەگەر لەمەدینەدا (نیفاق) هەبووبێت، بۆچ دەبێ وابزانین لای ئێمە بوونی زەحمەتە؟.
چی لەوە ئاسانترە کە لاوێک چەند هەفتەیەک ریشی نەتاشێ و وەک باشترین ڕیشاوی دیمەنی بنوێنێ؟.
ئافرەتێک ئامادە بکرێت و بەرگی شەرعی بەسەردا بدرێت و بنێردرێتە ناو موسڵمانان و هەزاران بوختان بەکەسایەتی باشیش بکات، نارەحەتە؟.
لەبەرامبەریشدا ئایا ئەگەر موسڵمانێک هەڵە بکات، چاوەڕوان نەکراوە؟.
ئەرێ کەم پارەی پڕوپیرێژن بەناوی کاری ئیسلامیەوە کۆکراوەتەوەو گیتاری ئیسلامی پێ لێدەدرێت و شانۆی ئیسلامی و فلیمی ئیسلامی پێدەردەکرێت. ئەی ئافەرم بەحاڵمان بۆخۆمان و ئەمانەت پارێزیمان! نامەخوا چەند دڵسۆزی ئەم ئیسلامەین، ببوورن چەند دڵسۆزی ورگمانین!.
لاوبووم لەبیرمدێ جارێکیان لەگۆڤاری (المتفرج)دا، کاریکاتێری پیاوێکی سواڵکەری کردبوو لە کوڕەکەی خۆی ئەدا! یەکێ لێیدەپرسێ گوناهە، بۆلێیئەدەیت؟ کابرایش دەڵێ: ئەی بۆ نازانێ بەباشی خۆی بشەلێنێ. لەسەرەتای نەوەدەکاندابوو، لەمەدینە یەکێکم بینی زۆر بەپەرۆشی هەواڵی ئافرەتمانی دەپرسی و لەئافرەتانی بۆسنەیش زۆر ئاگاداربوو! پێمگوت: قوربان ئەوە بۆهێندە بایەخ بەو مەسەلەیە ئەدەیت؟ گوتی: چونکە لەبارودۆخێکی نالەباردان و برسیو چەوساوەن، هێنانیان خێرە!، گوتم: (اخی فی الله) خوشکە سۆمالێکانمان چەوساوەترن، بەڵام زۆر ڕووەو بازاڕی نین.
من زۆر بەڕاشکاوانە گوتوومەو دەیڵێم و دەیڵێمەوە: با ئەوەندەی خۆمان لە (عومەر)و یاوەرانی دەچین، هەر ئەوەندەیش لەئافرەتانمان بخوازین، کە دەبێ وەک (فاتیمە)و دەستەخوشکانی وابن!.
دەیانجار گوێم لەوەبووە، کە گوایە عەلی کوڕی ئەبوتالیب (د.خ) فەرموویەتی: ان النساء شیا گین خلقن لنا نعوژ بالله من شر الشیاگین
من متمانەی تەواوم بەوە هەیە کە عەلی (ر)دوورە لەقسەی بێبەهای وا، بەڵام ناحەزان دەیانەوێ کەسایەتێکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی بێگوناە، لەکەداربکەن کە جارێتریش دەڵێم: زۆر بەداخەوە ئەو بۆچوونانە لەئەتواری چەوتی هەندێ، بەناو هەڵگرانی ئەمڕۆی ئاڵای ئیسلامدا، بەشێوازێکی وا ڕەنگدەداتەوە کە وایلێهاتووە ئەگەر ئەو هیوایە نەبێت کە بەدیدەکرێت جاروبار لێرەولەوێ لە کەسانێکەوە کە بەپێی توانا ئیسلامیان وەک بەرنامەیەکی تەواو کامڵ هەڵگرتووە، دەبوو شەرممان لەخۆمان و خۆدانە پاڵ ئیسلام بهاتایەتەوە!.
بەڕێزان: داوای لێبوردنیشتان لێدەکەم لە کەمبەکارهێنانی (دەق) چونکە نووسینەکە، بابەتێکی ڕۆژنامەییە. هەر وەک لای زۆربەتان شاراوە نییە، کە لەسەر ئافرەت و یاساکانی ئیسلام لەبارەیەوە وەک (نەزەری) ڕووت، گەلێ نووسراوە، لاشموانیە لەنووسینێکی ئاوادا بتوانم شتێکی تازەتر بێنم، بەڵام بەئەوپەڕی سنگفراوانییەوە گوێ لەرەخنەکانتان دەگرم داخوازیتان وەک فەرمان جێبەجێدەکەم.
جیاوازی نێوان ئافرەت و پیاو لەڕووی درووست بوونیانەوە؟
ئەوەی لەژێر ئەمخاڵەدا ئەمەوێ لەسەری بدوێم لێکۆڵینەوەیەک نییە لەسەر شێوازی دروستبوونی ئافرەت و شیتاڵکردنەوەی جیاوازێکانی ئەندامەکانی لەشی و ئەوتوانایانەی کە پێیبەخشراوە، یان توێژینەوەکردن لەسەرئەوەی کەلە پەراسووی چەپی پیاو دروستکراوە یان نە؟ چونکە تا نووسینی ئەم چەنددێڕەیش، نەگەیشتوومەتە ئەو بەڵگە ڕاستەی کە بۆم بسەلمێنێ کە دایکە (حەوا)مان لەپەراسووی چەپی باوکە (ئادەم) دروستکرابێت، جگە لەو فەرموودەیەی کە تیایدا هاتووە کە (ئافرەت لە پەراسوو دروستکراوە)گەر بەدەقی ڕاستیش ئەو دروستکردنی دایکە حەوا لەپەراسووی چەپی باوکە ئادەمەم بۆ دەرکەوت، هیچ نابێتە بەڵگەی خراپی و کەمایەتی ئافرەت لەلام. چونکە ئیشەکە کارێکی خوایە، لە گڵ، لەپەراسووی پیاو، لەهەر پەراسوو یان هەرشت دروستیکردبێت، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، ئەوەیە کە من بەشێکم لەو و ئەو بەشێکە لەمن و پێکەوە تەواوکاری یەکدین و ماف و ئەرک لەنێوانماندا هەیە. هەر بۆیە ڕوودەکەمە هەر برایەک و دەڵێم: برام، دەزانی جیاوازی نێرومێیەتی لەنێوان تۆ و خوشکەکەتدا لەژێردەسەڵاتی کەستاندا نەبووە؟ نە بە نێری دروستبوونی تۆ لەبەرلێهاتووییتە، نە بەمێی دروستبوونی ئەویش بەهەڵبژاردن، بەخواست و دەستی خۆی بووە، کەس لەکاتی دروستکردنیدا ڕاوێژی پێنەکراوە، کاری خوایە، ئیتر نەجەنابت خۆتت نێراندووە نە ئەویش سەرپشک بووە تاخۆی بکچێنێ. کەوابوو لەم لایەنەوە هۆشیاری خۆبەو ئەوەندە بەسەریاندا مەنازە کە جەنابتان نێرن، نێرییش هەموجۆرە پیرۆزییەک بگەێنێت! چونکە ئەو جۆرە کردارەی تۆ، کاردانەوەی خراپی لەدوایە، لەمێشکیدا زۆرەها پرسیاری وادروست دەکات کە دوورنییە سەری لە گوناە و تاوانەوە دەربچێت، ئەوکات تۆ دەبیتە هۆکار.

www.netewe.com



# پزیشکی وارڤین

پ: من کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵەم بەردەوام پێستی دەموچاوم وشکە ئایا هۆکارەکەی چییە؟

وەڵام: د.ژیر تەیفور، شارەزاو پسپۆڕ لەنەشتەرگەری جوانکاری و نەخۆشییەکانی پێست: ئەوانەی پێستیان وشکە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە وەک ئەوەی پێستەکە خۆی جۆری وشکە، یاخود هۆکارەکەی بۆماوەییە یان کەسەکە جۆرە نەخۆشییەکی هەیە بووەتە هۆی وشکبوونی پێستەکە. هەندێکجار جۆری مکیاژو ئەو کرێمانەی بەکاریدێنن بووەتە هۆی وشکبوونی تەڕی ناو پێستەکە، بۆیە دەبێت سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات و کرێمی تایبەت بە جۆری پێستەکەی بۆ دابنرێت.

پ: من ئافرەتێکی تەمەن ٢٨ساڵم شووم کردووە، ماوەی ٣هەفتەیە منداڵمبووە بەردەوام دەگری، ئەوەش زۆر بێتاقەتیکردووم. دەمەوێ بزانم هۆکاری گریانی بەردەوامی منداڵەکەم چییەو چۆن چارەسەر دەبێت؟

وەڵام: د.ئەحمەد ئەکرەم شارەزا لەبواری نەخۆشییەکانی منداڵان: سەرەتا پێویستە دایکەکان بتوانن ئارام بن لەکاتی گریانی منداڵ تووشی هەڵچوون و مشەوەشی نەبن، گریانی منداڵی تازە لەدایکبوو لەمنداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە جیاوازە، ئەومنداڵانەی زۆر دەگرین، چەند ئەگەرێکی هەیە: سەرەتا هۆکاری برسیبوون، بۆیە ئامۆژگاری دایکان دەکەین لەسەرەتای هەفتەکانی تەمەنی منداڵ شیری مەمکی خۆیان بدەنە منداڵ بێئەوەی کاتی دیارکراوی هەبێت، چونکە زۆربەی دایک بەگوێرەی کاتێکی دیاریکراو شیر بە منداڵەکانیان دەدەن، لەگەڵ ئەوەش پێویستە منداڵ لەژوورێک بەتەنیا بەجێ نەهێڵدرێت یان لەژوورێکی تاریک نەبێت، چونکە هەست بەترس و تەنیایی دەکات لەکاتی گریان پێوستە دایکەکە منداڵەکە لەباوەش بگرێت بەسەری پەنجەکانی و بەنەرمی نیوچەوان و روومەتی تاگەردەنی بشێلێت تاهەست بەهێورکردنەوە دەکات و ژیر دەبێتەوە.

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.

لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

ناونیشانی گۆڤار: هەولێر– شاری خەونەکان

تەلەفۆن: 0662647813 ئیمەیل: sana.sleman@yahoo.com

www.netewe.com

ژنان خۆی

# قەڵەوی مۆدەی نەماوە





**وارڤین:**

شادومان ئەبوبەکر ژنێکی ٣٨ساڵەو فەرمانبەرە لەسلێمانییەوە هەفتەی دووجار سەردانی سەنتەرێکی خۆلاوازکردنەوە لەهەولێر دەکاتو دەڵێ "لە لەشجوانی بووم زۆر ماندوودەبووم، کێشیشم دانەدەبەزی زۆر بەدەست قەڵەوییەوە بێزاربووم بەهۆی ٦جار بەکارهێنانی ئامێری تایبەتەوە ئێستا زۆر کێشم دابەزیوە، جلەکانی پێشووم زۆر بۆم گەورەبوونە، هاتووچۆم زۆر زیاتر بووە ئازاری قاچم نەماوە، بەردەوام دڵم هەست بەئارامی دەکات و خەویشم زۆر چاکترە، سەرەتا ترسی ئەوەم هەبوو ببێتە هۆی لاوازبوونی هەستی سێکسیم، بەڵام خۆشبەختانە زۆر باشتر بووم".

### قەڵەوی نەخۆشییە

قەڵەویش وەک نەخۆشییەکی سەردەمی سەیر دەکرێت، ئەو کەسانەی قەڵەون بەردەوام ئارەزووی لاوازبوونەوە دەکەن. لەهەولێر سەنتەرێک کراوەتەوە بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی قەڵەوی و ئەو سەنتەرە لەرێگەی بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنییەوە کێشی لەش دادەبەزێنێت.

بایلاین سەنتەرێکی نۆروێژییە ماوەی ٣٠ساڵە لەئەوروپا هەیە لە ١٨ وڵاتی دیکەیش بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین لقی هەیەو لەوانەش لەعێراق وکوێت و ئێران هەیەتی. ئەو سەنتەرە بەبێ نەشتەرگەی و بێ دەرمان و وەرزش کێشی جەستە دادەبەزێنێت.

شادومان، لە سلێمانیەوە دێتە هەولێر بۆ خۆلاوازکردنەوە لەو سەنتەرە، هەروەک گوتی "هاورێکانم بینیویانم ئاوا

www.netewe.com

## ـــان لاواز دەکەنەوە

لاوازبوومەوەو تەندروستیشم زۆر باشتر بووە هەموو داوادەکەن ئەو سەنتەرە لقێکی بێتە سلێمانی".

بەڕێوەبەری سەنتەری بایلاین تابان ئەنوەر خورشید لەدایکبووی (١٩٧٩) ماوەی ١٢ ساڵ لەسوید ژیاوە. دوو ساڵ لەبارەی بایلاینەوە خوێندوویەتی و وێڕای کارکردن بڕوانامەی دیپلۆمی لەوبوارەدا وەرگرتووە. تابان ئێستا لەهەولێر ئەو سەنتەرەی کردووەتەوە. تابان دەڵێ"ئەو ئافرەتانەی سەردانی ئەم سەنتەرە دەکەن، کێشەی قەڵەوی و ناشیرینبوونی پێستیان هەیە، یاخود زیادبوونی چەوری، ئەو سەنتەرەی ئێمە بۆ ڕێکخستنی لەشی ئافرەتە بەڕێگایەکی زۆر سەردەمییانە لەڕێگای ئامێری کۆمپیوتەرەوە کاردەکرێت".

### کاریگەرییەکانی

لەبارەی چۆنیەتی کارکردنی ئامێرەکانەوە گوتی "بێدرووستبوونی هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی کەسەکە پاڵدەکەوێت، شیکارییەکی وردی جەستەی بۆ دەکرێت. درێژی و کێشەکەی وەردەگرین، ئینجا دەیدەینە کۆمپیوتەر کە بەگشتی باسی لەشەکە دەکات. ئینجا بەهێمنی لەڕێگای کۆمپیتەرەوە هەزارەها شەپۆلی ئەلیکترۆنی باراڵێکردن، وەرزش بەماسوولکەکان دەکات، چەوری زیاد لەلەش لادەبات، واتە وەرزشێکی ئەلیکترۆنی گونجاو بەلەشەکە دەکرێت، ئەویش بەهۆی تەزوو و کارەبا ئەلیکترۆنییەکانەوە، کە جووڵە بەلەشەکە دەکات و لەگەڵ ئەوەش دەبێتە هۆی مەساجکردن بۆ جەستەکە. لەماوەی ٤٥ چرکە لەهەفتەی ٢ جار چونکە ٤٥ چرکە بەقەد ٣کاتژمێری وەرزشکردنی ئاسایی هەیە، بەڵام ئەگەر کەسەکە زۆر قەڵەوبوو ئینجا بۆی دەکەینە هەفتەی ٣جار لەگەڵ ئەوەش ئەمە هەر بۆ خۆلاوازکردنەوە نییە بۆ تەندروستی باشەو دەبێتە هۆی درووستبوونی ماسوولکەو چالاکبوونی جەستەکە".

### ئەوانەی ناتوانن ئەو ئامێرە بەکاربێنن

بەگوێرەی ڕێنماییەکان بەکارهێنانی ئەو ئامێرە، ئەو ئافرەتەی دووگیان بێ ناتوانێ بەکاری بێنێت، لەگەڵ هەرکەسێک کە لەخوار تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بێت، چونکە مرۆڤ لەو تەمەنەدا هۆرمۆنەکانی جەستەی لەگەشەکردنن. ئەگەر بێت و لەپێش ئەم تەمەنە خۆی لاوازبکاتەوە ئەوە تووشی بێهێزی دەکات، بەڵام لەسەرووی تەمەنی ١٨ ساڵییەوە زۆرئاساییە ڕژیمێکی سادەو بە بەکارهێنانی ئەو ئامێرە دەتوانێت کێشی بەئاسانی دابەزێنێت.

### "لەقەڵەوی ڕزگارم بوو"

چنار(٣٠)ساڵ، یەکێکبوو لەو ئافرەتانەی سەردانی ئەو سەنتەری دەکرد، بۆ دابەزاندنی کێش، ئەو گوتی"دەمێکە بەدەست قەڵەوی دەناڵێنم ماوەی مانگێکە تاقیمکردووەتەوە، زۆرکێشم دابەزیووە، دڵخۆشە، چونکە دەتوانم بەدڵی خۆم جل لەبەربکەم و هەست بەهیچ زیانێک ناکەم، لەقەڵەویش ڕزگارم بوو".

### سوودەکانی ئەم ئامێرە

بەگوێرەی گوتەکانی تابان، ئەم شێوەیە کۆمەڵێک سوودی هەیە وەک هێزو وزەی نوێ دەبەخشێت بەسووڕی خوێن لە لەشدا، چالاکی و کاریگەری بەشی ماسولکەکان زیاد دەکات، هۆرمۆنەکان و ڕژێنەکانی چەوری لابەر دەبزوێنی و خانەکانی لەش چالاکدەکات و مرۆڤ لە گرفتە سێکسییەکانیش ڕزگار دەکات.

### بەگوێرەی یاسای جیهانی قەدەغەیە

پسپۆڕی بواری نەشتەرگەری جوانکاری و مامۆستای کۆلێژی پزیشکی د. سابر عوسمان مستەفا، لەبارەی دابەزاندنی کێشەوە دەڵێ"ئەو ئامێرانەی کە بەکاردەهێنرێن ڕاستە ڕێژەی چەوری دێننە خوارێ، بەڵام لەڕووی زانستییەوە نەخۆش سوودێکی ئەوتۆی لێ نابینێت، چونکە دوای لاوازبوونەوە ئەگەری قەڵەوبوونەوەی زۆر زیاتر دەبێت. بۆ نموونە: باشترین ئامێرکە لەهەموو جیهان ڕیکلامی بۆ دەکراو لەڕۆژهەڵاتدا نەبوو، تەنیا لەکوێت هەبوو ئینجا هیچ سوودێکیشی نەبوو".

گوتیشی"بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە دەبێتە هۆی بێهێزی و سووتانی پێستەکە لەژێرەوەو کاریگەری لەسەر موولەلەکانی خوێن دەبێت. لەگەڵ ئەوەش بەگوێرەی یاسای پزیشکی جیهانی ئەم ئامێرانە بەگشتی قەدەغەیە باشترین ڕێگا بۆ دابەزاندنی کێش ڕێژیمێکی جدی و وەرزشکردنێکی بەردەوامە، بەڵام بۆ ئەوکەسانەی کە زۆر قەڵەون دەتوانرێت لەڕێگای نەشتەرگەری بچووکردنەوەی گەدە چارەسەریان بۆ بکرێت".

د. سابر، ئاگاداری هەموو ئەوکەسانە دەکاتەوە کە کێشیان زۆرە، بەهیچ شێوەیەک پەنا بۆ خواردنی حەب و دەرمان نەبن و بەتایبەتی ئەو جۆرە حەبە سەوزە چینییەی کە لەبازاڕەکان دەفرۆشرێت و بە قاچاغ دەهێندرێتە ناو دەرمانخانەکان."دەبێتە هۆی شێرپەنجەو بەگشتی زیانی بۆ گورچیلەکان هەیە، هەروەها دابەزاندن بەکارەبا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خڕۆکە سپییەکان، بۆیە باشترین شێوە بۆ دابەزاندنی کێش وەرزشکردنی سروشتییە".



سانە سلێمان

www.netewe.com

# تاتۆ هۆکاری بڵاوبوونـــــــەوەی نەخ



مێژووی تاتۆ دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەکانی پێش زایین و ئەو هونەرە سەرەتا لەرۆژهەڵات و بەتایبەت لەمیزۆپۆتامیا دەرکەوتووە. تاتۆ، جۆرە مکیاژێکی هەمیشەییە کە لەسەر پێست دەکرێت بۆ جوانکاری و لەئێستادا زۆربەی ئافرەتان و کچان بۆ جوانکاری و سەرنجڕاکێشی رووخساریان بەکاری دێنن.

## تاتۆ چییە؟

د.ژیر تەیفور، شارەزا لەنەشتەرگەری و جوانکاری لەبارەی تاتووە دەڵێ" شێوازێکی جوانکارییە وەک مکیاژ وایە، بەڵام بۆ ماوەیەکی هەمیشەییە، واتە تاتۆ بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر پێستەکە دەمێنێتەوەو لەبنەڕەتدا ماددەیەکی کیمیاییە، کە لەگەڵ رەنگ و کانزا تێکەڵدەکرێت لەڕێگای دەرزییەوە بەکاردەهێنرێت، لەسەر جەستە دەنەخشێنرێت".

## جۆرەکانی تاتۆ؟

د.موشیر ئیبراهیم عەبدوڵا) شارەزا لەنەخۆشییەکانی پێست دەڵێ:"تاتۆ خۆی لەکۆنەوە دەکرا، لەڕێگای بۆیەوە بەدەرزی دەخرێتە ناو پێستەکە. شێوەی کلاسیکیش هەیە، کەسەکە نوسینێک یان هێمایەک دەکات بۆ دەربڕینی ناخی ئەمەش بەدەرزی دەکرێت، بەڵام قولاییەکەی دیارنییەو ناتوانین بڵێین تەنیا لەو توێژە یان لەژێر توێژی پێستە چونکە کەسەکە خۆی ئەنجامیدەدات، جۆرێکی دیکە هەیە پێیدەگوترێت پرۆفیشناڵ، ئەوجۆرەیان لەجۆرەکانی دیکە باشترە، چونکە دەرزییەکە هەموو لەیەک ئاستدایە لەناو چینی پێستەکە. هەروەها جۆری (میدیکڵ) واتە پزیشکی ئەو جۆرەیان بۆ جوانکاری و یا لەشوێنی نەمانی موو بەکاردێت".

## تاتۆ چۆن دەکرێت؟

سەبارەت بەچۆنیەتی ئەنجامدانی د. ژیر دەڵێ، دوای دڵنیابوون لەوەی ئەوکەسەی دەیەوێ تاتۆی جوانکاری بکات، هیچ نەخۆشیەکی نییە، ئینجا لەڕێگەی پیشاندانی ئەو رەنگانەی هەیەو بەکارهێنانی رەنگ، بەفڵچە لەسەر لێو یان برۆ یان چاو بۆ ئەوەی رەنگێک هەڵبژێرێت، پاش بڕیاردان لەسەر رەنگ و شێوازەکە دەست بەئەنجامدانی جوانکارییەکە دەکرێت، سەرەتا کرێمێکی تایبەت بۆ ئەو جێگایە بەکاردەهێنرێت کە دەویسترێت تاتۆی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی شوێنەکە (سڕ) بکات. دواتر دەرزییەکەو رەنگەکە تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن و دوای دانانی شەبەکەی لەسەر یەکێک لەو جێگایانەی جوانکارییەکەی بۆ ئەنجامدەدرێت، دەرزییەکە بەچەند میلێک دەخرێتەسەر پێستەکە بەجۆرێک تەنیا توێژی سەرەوەی پێستەکە بگرێتەوە.

## کێ ناتوانێ بەکاری بێنێت؟

ئەوانەی نەخۆشی خوێنیان هەیە، یاخود ئەو نەخۆشییە جۆراوجۆرانەی، لەڕێگای خوێنەوە دەگوازرێنەوە بۆ نموونە:"نەخۆشی ئەیدز لەڕێگای خوێنەوە دەگوازرێتەوە ئەگەرچی ئەم حاڵەتە لێرە دەگمەنە چونکە تاتۆکردنەکە لەڕێگای دەرزییەوە بۆ ناو پێستەکە دەکرێت، بۆیە لەوکاتە ئەگەری گوێزانەوەی هەیە، هەروەها ئەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە، یاخود ئەو ئافرەتانەی دووگیانن لەگەڵ ئەوانەی هەستیاری پێستیان هەیە، نابێ ئەو جۆرە جوانکارییە ئەنجام بدەن".

دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری برین لەسەر پێست دروستدەبێت، بۆیە کرێمێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت و برینەکە ناهێڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکە لەڕووی لێدانەوە ئازارێکی زۆر بەپێستەکە دەگەیەنێت دوای تەواوبوون شوێنەکەی تا دوو رۆژ تووشی هەوکردن و ئازار دەبێت.

## زیانەکانی تاتۆ چین؟

دەربارەی زیانەکانی تاتۆ د.موشیر گوتیشی"وەک دیارە کۆمەڵێک بۆیاخە،

www.netewe.com



# ۆشییه گوێزراوەکانه

ئەمانەش بێگومان لە مـادەی کیمیایی پێکهاتوون و لەگەڵ ئەوەش خستنەناوەی ماددەیەکی بێگانەیە بۆ ناو پێستی کەسەکە، ئەمە دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی بەرگری پێست و کومەڵێک بەکتریاو ڤایرۆس لەگەڵ ئەو تاتۆیە دەچێتە ژێرپێستەکەوە هەروەها ناشرینکردنی ئـەو شوێنەو لاوازکردنی هاتووچۆی بەرگرییەکەیەتی، چونکە ئەوانەی تاتۆ دەکـەن دەبـێ زۆر وریابن ئاگاداری ئەوەبن کە تاتۆ دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گـوازراوەکـان وەک هەوکردنی جگەر، ئایدز، سفلس و هەروەها حاڵەتێک هەیە پێیدەگوترێت (سکار) بەوپێیەی کە تاتۆ و ئەو دەرزی بەکارهێنانە شوێنەکە وەک سووتانی لێدەکات و پێستەکە ناشیرین دەکات".

### دوای پەشیمانبوونەوە تاتۆ چۆن دەڕوات؟

بەگوێرەی قسەکانی د. ژیـر، زۆربەیجار ئـەوانـەی تاتۆ دەکــەن، دوای ماوەیەک پەشیمان دەبنەوە. بۆیە زۆر گرنگە ئەو کەسەی جوانکاری تاتۆ ئەنجامدەدات، باش بیری لێبکاتەوە، چونکە ئەو تاتۆیە مکیاژی هەمیشەی پێدەگوتری، بۆیە ناچاردەبن لێزەر بەکاربێنن، ئەوەش گەورەترین هەڵەیە، واچاکترە پێش ئەنجامدانی بـاش بیری لێبکرێتەوە.

www.netewe.com

# ئافەتی ئایدز شامی گرتووەتەوە

## بڵاوبوونەوەی ئایدز لەسوریا مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان

**وارڤین - تایبەت:**
نەخۆشی ئایدز، دوای ئەوەی لەشێوە سەرەتاییەکەیەوە گۆڕانی بەسەرداهات و بووە ئافاتێکی جیهانی، بەرەنگاربوونەوەی ئەستەم بووەو بەگوێرەی زانیاری دەستکەوتوو ئەو پەتایە کۆمەڵگەی شامی گرتووەتەوەو ئەگەری ئەوەش هەیە تەشەنەکردنی حاڵەتەکانی ئایدز لەسوریا مەترسی بۆ سەر رەوشی تەندروستی هەرێمی کوردستان دروستبکات.

### سەرەتای دەرکەوتنی

ترسناکترین پەتای میکرۆبی (ڤایرۆسی)یە، کەلەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەساڵی١٩٨١ تائێستا بەبەردەوامی هەڕەشە لەژیانی مرۆڤ دەکات و ئەو پەتایە بۆ یەکەمجار لەهاوینی ١٩٨١لە ویلایەتی لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکا دۆزرایەوە.
لەساڵی١٩٨٣ڤایرۆسی (HIV) بۆ یەکەمجار لەنەخۆشێکی تووشبوو بەهەڵئاوسانی لیمفەگرێکان جیاکرایەوە.
لەساڵی١٩٨٤سەلمێندرا کە ڤایرۆسی HIV هۆکاری نەخۆشی ئایدزە.
لەساڵی١٩٨٥پشکنینی (ELISA) ئەلایزا دۆزرایەوە کە بەهۆیەوە توانرا کەسانی هەڵگری ڤایرۆسەکە دەستنیشانبکرێن.
لەساڵی١٩٨٦رێکخراوی تەندروستی جیهان پرۆگرامی تایبەتی بەرەنگاربوونەوەی ئایدزی دانا.
لەساڵی١٩٨٨کۆبوونەوەی لوتکەی جیهانی وەزیرانی تەندروستی لەلەندن ١-١٢بەرۆژی جیهانی ئایدز ناسێندرا.

### ئایدز چییە؟

نەخۆشییەکی درێژخایەن و ترسناکە، بەهۆی ڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش (HIV) رووەدەدات و بەدوا قۆناغی هەوکردنی ڤایرۆسەکە دادەنرێت کە تێیدا نەخۆشەکە کۆمەڵێک نیشانەی کلینیکی تایبەت و جیاکەرەوەی لێبەدیار دەکەوێت. کەواتە بە تەنیا تووشبوون بەڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش مانای ئایدز نییە، بەڵکو ئایدز واتە کۆنیشانەی دەسکەوتوو بەهۆی کەمی بەرگری لەش. گرنگترین نیشانە پەیوەندیدارەکانی ئەمانەن، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش بۆ ماوەی زیاتر لەمانگێک. دابەزینی کێشی لەش زیاتر لە ١٠٪ سکچوونی درێژخایەن زیاتر لەمانگێک. گەورەبوونی لیمفەگرێکانی لەش.

### بڵاوبوونەوەی

بەگوێرەی راپۆرتی پرۆگرامی گەشەسەندن لەنەتەوەیەکگرتووەکان (UNDP) رێژەی زیادبوونی ئایدز لەوڵاتانی عەرەبی لە (٣٠٠٪) بووە لە ٣ ساڵی رابردوو، لەکاتیکدا کە لەئەمەریکا، ئەورووپاو ژاپۆن ساڵانە زیادبوون لە ٢٠٪ـە.
وەک دەبینین رێژەی تەشەنەسەندنی ئایدز لەجیهاندا تادەچێت بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، بەڵام لەرۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفریقادا بەرەو هەڵکشان دەڕوات. بەگوێرەی راپۆرتی کۆمیتەی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ئایدز، لەساڵی ١٩٩٩دا ژمارەی تووشبووانی ئایدز لە جیهاندا گەیشتبووە ٢٦ ملیۆن کەس. بەڵام ساڵی ٢٠٠٩ ئەو رێژەیە بۆ ٣ ملیۆن کەس دابەزیوە.
بەگوێرەی دوائاماری دەستکەوتوو لەو کۆمیتەیەوە لەرۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفریقادا ٤٦٠٠٠٠ حاڵەتی (HIV پۆزەتیڤ) هەیە. تەنیا لەساڵی رابردوودا ٣٦٠٠٠ کەس لەجیهاندا بەهۆی نەخۆشی ئایدز مردوون. بۆ نموونە: رێژەی تووشبووان لە سودان ٨,٦٪ لە میسر ٦,٣٪ و لە تونس ٩,٤٪.



### ئایدز لەسوریا

لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارڤین وەزیری تەندروستی سوریا رەزا سەعید رایگەیاند، سەرەتای دەرکەوتنی ئەو نەخۆشییە لەسوریا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٧و سوریاش

وەک وڵاتانی عەرەبی دیکە بێبەشنەبووە لەدەرکەوتنی ئەو پەتایەو بڵاو بوونەوەی، بەڵام خۆشبەختانە تائێستا توانراوە حاڵەتەکانی بڵاوبوونەوەو تووشبوون بەو پەتایە کۆنترۆڵبکرێن.

ئەو وەزیرەی سوریا ڕەتیشیکردەوە، ژمارەی تووشبوون لەوڵاتەکەی گەیشتبێتە ئاستێک کە مەترسی لێبکرێت و ژمارەکان تۆقێنەر بن. ئەو گوتیشی"لە ١٩٨٧ەوە تامانگی ئەیلولی رابردوو لەسوریا ٦٧٧ حاڵەتی ئایدز تۆمارکراون و لەکۆی ئەو حاڵەتانە ٢٩٨ حاڵەتیان کەسانی بیانی بوونەو ٣٧٩ حاڵەتیشیان هاووڵاتی سوریا بوونە، لەنێویشیاندا ١٥٨ کەس بەهۆی ئەو پەتایەوە ژیانیان لەدەستداوەو ٢٢١ حاڵەتیشیان لەژێر چارەسەری پزیشکیدان".



وەزیری تەندرووستی سوریا بۆ وارڤین ئەوەشی خستەڕوو کە تەنیا لەدیمەشقی پایتەختی ئەو وڵاتە لە ٢٠٠٩ زۆرترین حاڵەتی تووشبوون تۆمارکراون و ژمارەی حاڵەتەکان گەیشتووەتە ١٠٥ حاڵەت و دوای ئەویش پارێزگای حەلەب دێت کە ٧٠ حاڵەتی تێدا تۆمار کراوە".

سەبارەت بەهۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشی ئایدز ڕەزا سەعید، گوتی"بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە زۆر خێرایەو ٥٥ لەسەدی حاڵەتەکان بەهۆی بوونی پەیوەندی سێکسی دەرەوەی خێزان و ١٣ لەسەد بەهۆی ئەنجامدانی کاری هاوڕەگەزبازی و ٥ لەسەدیش بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و ڕێژەیەکی کەمیش بەهۆی گواستنەوەی خوێن و هەڵەی تەندروستییەوە بووەو بەگشتی ڕێژەی تووشبوون نزیکەی ٪١ یە.

## تووشبوونی نوێ

سەرچاوەیەکی تەندروستی ئاگادار لە ڕەوشی تووشبوون بەحاڵەتەکانی ئایدز لە سوریا بە وارڤینی ڕاگەیاند، حاڵەتەکانی تووشبوون بەو ڤایرۆسە لەسەرووی ئەو ژمارەیەوەن کە وەزارەتی تەندروستی سوریا ڕایدەگەیەنێت و تەنیا ئەمساڵ لەسەرەتای ساڵەوە تامانگی ئەیلولی ڕابردوو ٥٠ حاڵەتی نوێی تووشبوون لەدیمەشق تۆمار کراون و ٣٢ حاڵەتیان لەڕەگەزی نێر و ١٨ حاڵەتەکەی دیکە مێ بوون.

ڕەوشی ئەو تووشبووانەی کە ئێستا لە نەخۆشخانەکانی سوریا لەژێرچاودێردان مەترسیدارە، بەوپێیەی ئەو دەرمانەی تایبەتە بەچارەسەرکردنی نەخۆشەکان زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کە میدالی سەرۆکایەتییان هەیە، زۆربەی حاڵەتەکانیش پێویستییان بە ٤٠٠ دۆلاری ئەمەریکی هەیە بۆ ئەوەی مانگانە بتوانن دژەڤایرۆسی نەخۆشییەکەی پێ وەربگرن.

(ا.ع) یەکێکە لەو هاووڵاتییە سورییانەی، کە تووشی نەخۆشی ئایدز بووە، ئەو بە گاڵتەوە باسی لەوە کرد، کەلە سەنتەری چاودێری پزیشکی رایکردووەو نایەوێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەنتەرە چونکە بەگوتەی ئەو"چارەسەری باش بۆ هەموو نەخۆشێک نییەو تەنیا ئەوانەی میدالی سەرۆکایەتییان هەیە بەبایەخەوە چارەسەرییان بۆدەکرێت".

سەبارەت بۆ هۆکاری تووشبوونیشی بەڤایرۆسی نەخۆشییەکە ئەو هاووڵاتییە سورییە گوتی"زۆر تێکەڵیم لەگەڵ ئەو ئافرەتە عێراقییانە هەبوو، کە بۆ لەشفرۆشی روویان لە سوریا کردبوو". ئەو گوتیشی"لەئەنجامی کارەکەم دەترسام، بەڵام لەدەرەوەی دەسەڵاتی مندا بوو، چونکە بۆ گەنجێکی ٣٠ ساڵی کە هیچ سامان و داهاتێکی نەبێت و کاریشی دەستنەکەوێت پێکهێنانی ژیانی هاوسەری زۆر زۆر ئەستەمە".

بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز لەسوریا، مەترسییەکانی تەشەنەسەندنی حاڵەتەکانی تووشبوون لەهەرێمی کوردستان زیاتر دەکات، بەو پێیەی لەئێستادا بەهۆی ڕەوشی ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتەوە هاتووچۆ زیاتر بووەو ئەگەری گواستنەوەی نەخۆشییەکە لە ئارادایە. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی بەرچاو لەگەنجانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی گەشتوگوزارو بەسەربردنی پشووەکانیان ڕوو لەسوریا دەکەن و ئەگەری ئەوە لەئارادایە بەهۆی تێکەڵبوون و پەیوەندی سێکسی نادروستەوە حاڵەتی تووشبوون بۆ هەرێمی کوردستان بگوازرێتەوە.

لەو بارەیەوە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم دکتۆر خالس قادر گوتی"چوونە دەرەوەی گەنجان بەمەبەستی گەشتکردن و ئەنجامدامی کاری سێکسی لەگەڵ ژنانی بیانی یەکێکە لەو هۆیە سەرەکییانەی کە ئایدز لە ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە و خۆشبەختانە تائێستا هیچ حاڵەتێکی ئەوتۆ تۆمار نەکراوە کەبە هۆی سێکس لە سوریا کەسەکە تووشی ڤایرۆسەکە بووبێت".

www.netewe.com



# ”هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێت“

## سینەماکاران رەخنە لەبڕیاری داخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما دەگرن

وەزارەتـی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێم بەنیازە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما دابخات، ئەم بڕیارەش لای سینەماکارانی کورد نیگەرانی لێکەوتووەتەوەو سینەماکارانی کـوردیـش لەم ریپۆرتاژەی وارڤیندا نیگەرانی خۆیان رادەگەیەنن.

### سینەمای کوردی

ساڵێک و ٤ مانگ لەمەوبەر وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمای دامەزراند و ئێستاش بەبڕیارێکی نوێ و لەبڕگەیەکی تایبەتی یاسای نوێی وەزارەتدا هاتووە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە دادەخرێ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سینەما سـەر بـەبـەڕێـوەبـەرایـەتـی گشتی رۆشنبیری و هونەر دەبێت. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر کەمە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزراوە، وەلێ وەک ناسر حەسەن، بەڕێوەبەری گشتی سینەما ئاماژەی پێکرد کە ئامانج لەکردنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە بایەخدان بەسینەما بووە، تا بتوانرێت وەک پێویست کاری بۆ بکرێت. لەماوەی ٧ساڵ کارکردنی سینەماکارانی کورد، تائێستا ”١٧“ فیلمی سینەمایی بەرهەمهاتووەو ئەو فیلمانە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان لەفێستیڤاڵە سینەماییە جیهانییەکاندا خەڵاتکراون. ”کیلۆمەتر زیرۆ لەدەرهێنانی هونەر سەلیم، پەڕینەوە لە غوبار- شەوکەت ئەمین، کیسەڵەکانیش دەفڕن- بەهمەنی قـوبـادی، سرتە لەگەڵ بـا- شەهرامی عەلیدی، گەڕەکی داهۆڵەکان- حەسەن عەلی، شوێنێک بۆ یاری- شەوکەت ئەمین کورکی، بۆنی سێو- رێڤین عەساف“ باشترین نموونەی ئەم فیلمانەبوون. لەپاڵ ئەوانەشدا رەخساندنی دەستپێکی بایەخدانی کورد بەسینەما بوو تا لەنێویاندا سینەماکارانی ئافرەتیش بتوانن رۆڵبگێرن و کارەکانیان لەئاستێکی جیهانیدا نمایشبکرێت. هونەرمەندان شیرین جیهانی و ڤیان مایی و چەندان ناوی دیکە، ئاخۆ داخستنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەربەست دەبێ لەبەردەم کارکردنی سینەماکاران، یاخود وەک سەرچاوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ئاماژەی پێدەکەن ئەوان بایەخ بەسینەما دەدەن؟

### سینەما ناسنامەی گەلە

رێڤین عـەسـاف، وەک سینەماکارێکی خاوەن ئەزموون کە ماوەیەکی زۆرە لەوڵاتی ئەڵمانیا دەژی و چەندین کاری فیلمسازی کردووە، لەبارەی سینەماوە دەڵێ ”سینەما ناسنامەی نێودەوڵەتی گەلەو دەبێ بایەخێکی زیاتری پێبدرێ سینەما واتا فرۆشتنەوەی کەلتوور و دابوونەریتی خۆت بەگەلان و ئاشناکردن پێیان“. ئەو دەڵێ ”کەموکوڕی هەبووە، بەڵام ناکرێ دایبخەی“. بەشێکی زۆر لەسینەماکاران کۆکن لەسەرئەوەی کە راستە کـاری سینەمایی لەکوردستاندا کەموکوڕتی هـەبـووە، وەلـێ ئەو کەمووکوڕتییانە ناگات بەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما دابخرێت. نزار مامە، وەک دەرهێنەرێک رای خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ ”وێڕای کەموکورتییەکان، کۆمەڵێک کاری باش کـراوە، لەوانە نمایشکردنی فیلمەکان لەشاروشارۆچکەکان، بۆیە پێموایە دانانی سیستەمێکی تازە بۆ سینەما کارێکی باشترە لەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما دابخرێت“. نزار مامە، لەقسەکانی خۆی بەردەوام دەبێ و دەڵێ ”داخستنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە زوڵمێکی گەورەیە لەسینەمای کوردی و ئاساییشی نەتەوەیی کورد، بۆیە هیوادارم وەزارەتـی رۆشنبیری و لاوان بەزووترین کات بەو بڕیارەیدا بچێتەوە“. هـەروەک رێڤین عەسافیش، دەڵێ ئەگەر ئامانج لەداخستنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کارکردن بێ بەسیستەمێکی دیکە ئەوە کێشە نییە، بەڵام ئەگەر داخستنەکە چارەسەرکردنی هەڵەبێ بەهەڵە ئەوا زوڵمێکی گەورەیە لەسینەمای کوردی و فەرهەنگی کوردی“.

### ”عەرەب چاو لە سینەمای کورد دەکات“

دوای ئەوەی شاندێکی کوردی لە مانگی رابردوو بەشدارییان لەیەکەمین فێستیڤاڵی سینەمایی عێراقدا کردو ئەنجامێکی باشیان دەستەبەر کرد. ناسر حەسەن بەڕێوەبەری گشتی سینەما باس لەوە دەکات کە عەرەبەکان گوتوویانە ئێمە چاو لەئێوە دەکەین و دەمانەوێ بایەخ بەسینەما بدەین ”عەرەبەکان گوتیان ئێوە کارێکی گەورەتان کردووە بەکردنەوەی ئەو



دیمەنێک لە فیلمی "سرتە لەگەڵ با"ی شەهرام عەلیدی

بەڕێوەبەرایەتییە، ئێمەش داوامانکردووە کارێکی وابکرێ و خزمەت بەسینەما بکەین. لەوانەشە بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێوە بکەینە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمای عێراق لەکوردستاندا". ناسر حەسەن، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا دەڵـێ، ئەگەر بەشداری کورد لەفێستیڤاڵی بەغدا نەبووایە، ئەوان فێستیڤاڵەکەیان پێنەدەکرا"لەکۆی ٨ فیلمی بەشدار ٧ فیلمیان کوردی بوو، تەنیا فیلمێک هی محەممەد دەراجی بوو کە ئەویش چیرۆکەکەی کوردی بوو و لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەرهەمهێنرابوو، بۆیە ئەوان بەئێمەیان دەگووت ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێوە بۆ سینەمای کردووە ئێمە پێماننەکراوە".

## ئەلتەرناتیڤ چییە؟

بەشێک لەسینەماکاران دەڵێن، ئەگەر داخستنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆ ئەوە بێ شتێکی دیکەی جێگرەوەی هەبێ ئەوا کارێکی باشە، بەڵام داخستنی کارێکی خراپە. ڕێڤین عەساف، ئەو رایەی هەیەو نـزار مامەش پشتڕاستیدەکاتەوە. لەبەرامبەر ئەوانەشدا "شوان کەریم کابان" ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە داخستنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نابێتە رێگر لەوەی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتـی رۆشنبیری هاوکاری سینەما بکات"بوونی بەڕێوەبەرایەتییەک بەقەد تواناو کارکردنی سینەماکاران گرنگ نییە، حکوومەت دەتوانێ هاوکاری سینەما بکات". بەبڕوای ناسر حەسەن، بڕیاری داخستنی بەڕێوەبەرایەتی سینەما بۆ پڕۆژەیاسای وەزارەتـی رۆشنبیری حکوومەت دەگەڕێتەوە کە لەپەرلەمان بڕیاری لەبارەوە دراوە تا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەیاسای نوێی وەزارەتدا بگۆڕدرێت."لەپەرلەمان هیچ سینەماکارێکیان نەدیوەو قسەیان لەگەڵ نەکردوون، بەر لەناردنی ئەو پڕۆژەیاسایە بۆ پەرلەمان ئەندامێکی لیژنەی رۆشنبیری پەرلەمان پێیگوتم هەوڵدەدەین لەگەڵ کۆمەڵێک سینەماکار دانیشین و رایانوەرگرین ئینجا قسە لەسەر بڕیارەکە دەکەین، کەچی ٤ رۆژ دوای ئەوە پڕۆژەیاساکە تەواوبوو و هیچ سینەماکارێکیشیان بانگ نەکرد. لەبەرامبەر ئەوەدا شوان کەریم کابان، ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری ئاماژەیدا وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ ئەو پڕۆژەیاسایە لەگەڵ کۆمەڵێک کەس دانیشتوون و چەندەها تێبینی و راو بۆچوونیشیان بۆچووە لەسەر پرۆژەکە، بۆیە ئەوان لەپەرلەمان ئەو کارەیان نەکردووە".

## لە٨ خەڵاتی سەرەکی ٥ی بۆکورد بوو

نـاسـر حـەسـەن سـیـنـەمـاکـار، داخستنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بە کەمکردنەوەی رۆڵی سینەما دەزانێ. ئەو پێیوایە لەئێستادا سینەمای کوردی لەدنیادا بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەتەوە لە ٨ خەڵاتی سەرەکی یەکەمین فێستیڤاڵی بەغدا٥یان بۆ کورد بووە"ئەگەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی سینەما بخرێنەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر ئایا لەوێ کێ بەڕێوەبەر دەبێ و چۆن دەتوانرێ هەمانگی لەنێوان"شانۆ، سینەما، مۆسیقا، شێوەکاری، تیپە هونەرییەکان بکرێت". هەروەها بۆچوونیشی وایە ئەگەر ئەو کەسە خۆی لەهەر بوارێک کاربکات ئـەوا بوارەکانی دی فەرامۆش دەکرێ."ئەگەر بەڕێوەبەرەکە سینەماکار بێ ئەوا بایەخ بەسینەما دەداو لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکات و بەپێچەوانەشەوە بۆ هەموو بەشەکانی دیکە".

## پشکی کوردیشی تێدایە

ڕێڤین عـەسـاف، کە ئەمساڵ ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی یەکەمین فێستیڤاڵی سینەمای عێراقی بوو ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ئەوان وەک شاندی کوردی بڕیاریانداوە لەساڵانی داهاتوو کورد پشکی شێری بەرکەوێت"من خۆم قسەم لەگەڵیان کرد کە دەبێ ساڵێکی دیکەش لیژنەی دادوەران کوردێکی تێدابێ و لەوکارە هاوبەشانەی لەگەڵ ئێران دەیکەن بەشی کوردی تێدابێ و کورد لەشتەکان بێبەش نەبێ".

## شەرعیەتدان بە بەڕێوەبەرایەتییەکان

لەلایەکی دیـکـەوە جـیـاواز لـەزۆربـەی رایەکانی دیکە، یەکێک لەهونەرمەندان پێیوایە داخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما گەڕاندنەوەی شەرعیەتە بۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەکان"پێموایە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما کارێکی وایکردبوو بەڕێوەبەرایەتییەکان نەیاندەتوانی کارێکی وابکەن، بۆیە ئەمبڕیارە گـەڕانـدنـەوەی شەرعیەتە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و بوونی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە هەیکەلێکی ئـیـداری زیـادبـوو، چونکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر هەیە". ئەمە رای موحسین محەمەدی نووسەر و هونەرمەندە. پەیامنێرمان مەسعوود مـەلا هەمزە پەیوەندی بەوەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێم کرد تا رای ئەو لەسەر ئەو بابەتە بزانرێت، بەڵام پەیوەندییەکەی لەلایەن وەزیرەوە وەڵامنەدایەوە.

“گوڵی سوور پێشکەشی گوێگرانمان دەکەین”



# له شوێنی دوێتی گۆرانی
# ناسلی و نلیسا بەجووتە بۆ وارڤین دەدوێن

هەردوو هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناسلی و نلیسا کە هاوکات ماوەیەکی کەمە دەستیان بەکاری هونەری کردووە لەدیمانەیەکی وارڤیندا بەجووتەو دوو قۆڵی وەڵامی چەند پرسیارێک دەدەنەوە.

هونەرمەند ناسلی، لەدایکبووی شاری هەولێرەو لەئێستادا نیشتەجێی وڵاتی سویدە، هەروەک نلیسا لەدایکبووی شاری سلێمانییەو ئێستا لە لەندەن دەژی. ناسلی لەباسی پێناسەی هونەر دا وادێتەگۆ "ئەوکارەی کە بۆ جەماوەری پێشکەش دەکەی و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەناویان هەریەکەش بەستایل و شێوازی خۆی".

**وارڤین: کوڕ و ڕەگەزی نێر لەروانگەی تۆ وە چییە؟**

ناسلی: مرۆڤە وەک من تەواوکەری ژیان بۆ ئافرەت.

نلیسا: مرۆڤە وەک من.

**وارڤین: کە چاوت بە نەسرین شێروان و ئایشەشان دەکەوێ حەزدەکەی چۆن کاربکەی؟**

ناسلی: ڕێزم بۆیان هەیەو گەورەن لەلای من. ئەوان بەشێوەی خۆیان کاریانکردووەو منیش بەشێوەی خۆم کاردەکەم.

نلیسا: من ڕێزم هەیە بۆ هەموو هونەمەندەکان کە زەحمەتیان کێشاوە.

**وارڤین: کێشەی ژن لە کوردستان بەزەقی بوونی هەیە، هەڵوێستی تۆ لەسەر ئەو کێشەیە چییەو کەی بیر لەوەدەکەیەوە بۆی بێیتە دەنگ؟**

ناسلی: کێشەی ژن بەگشتی زۆرن، خۆزگە لە کوردستان مافی تەواوی ئافرەت دەدرا تەنیا بەقسە نەبوایەو بێدەنگی زۆر لێدەکرێ.

نلیسا: هیوادارم ئافرەت لە کوردستاندا ئازادی خۆی وەرگرێ.

**وارڤین: کلیپەکانت بەشێوازێکی جیاواز دەکەی و سەماو نمایشی جەستەت بە زەقی بوونی هەیە، ئەمە بۆ؟**

ناسلی: من زۆرتر کارەکانم ڕۆمانتیکە، تەنیا چەند گۆرانییەکەم نەبێت.

نلیسا: بێگومان من مافم هەیە وەک هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەو هەر کاردانەوەیەک بەئاسایی دەبینم. لەدەستپێکدا هەموو گۆڕانکارییەک دژایەتی دەکرێت و دواتر خەڵکەکە ڕادێن.

**وارڤین: ناسلی و نلیسا چی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە؟**

ناسلی: مامۆستا هەڵکەوت زاهیر.

نلیسا: ڕێزو خۆشەویستم بۆ هەموو هونەمەندێک هەیە هەردوو لامان لەگەڵ مامۆستا هەڵکەوت زاهیر کاردەکەین.

**وارڤین: هەڵکەوت زاهیر بۆ تۆ چییە؟**

ناسلی: مامۆستاو ئەو کەسەی خەونی منی هێنایەدی زۆر گەورەیە لەلام.

نلیسا: مامۆستا هەڵکەوت ناوێکی دیاری دنیای گۆرانییە لە کوردستاندا. هەموو گەنجێگ ئاواتەخوازە بگاتە ئەو بەرێزە هەوڵمداو توانیم بیناسم کاری هونەری لەگەڵ بکەم.

**وارڤین: ئەو ڕەخنانەی لێت دەگیرێ چەندە کارت لێدەکات و گوێیان لێدەگری؟**

ناسلی: ئەگەر ڕەخنەی دروستکەر بێت گوێی لێدەگرم، بەڵام ئەو تەشهیرانە ڕەخنە نییە.

نلیسا: ئەوەی لەلام گرنگە سەرکەوتنم لەکارەکانداو ڕەزامەندی جەماوەر.

**وارڤین: جگە لەگۆرانیگوتن حەزت دەکرد چ پیشەیەکی دیکەت هەبووایە؟**

ناسلی: ئێستا تەنیا گۆرانی هەموو ژیانمە.

نلیسا: هیچ کارێک نا. من خۆم کاری هونەری نیگارکێشی دەزانم و دەشیکەم.

**وارڤین: پێشوازی ڕاگەیاندنە کوردییەکان لە خۆت و بەرهەمەکانت چۆن دەبینی؟**

ناسلی: ڕەخنەم زۆرە لە ڕاگەیاندن هەموو سیاسییە نەک هونەری.

**وارڤین: تۆ جەماوەری کوڕت زیاترە، لەو دیدارەوە چیان پێدەڵێیت؟**

ناسلی: ئەوە ئاساییەو خۆشحاڵم، بەڵام جەماوەری کچانیشم زۆرە.

نلیسا: ویستم بەبەرهەمەکەم خۆشییەک بە دڵی جەماوەر بدەم، بێگومان کردیشم تارادەیەکی باش سەرنجی جەماوەرم ڕاکێشا.

**وارڤین: دایک و گەورەیی دایک لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

ناسلی: دایک هەموو شتێکی جوانە، بۆیە گۆرانییەکم بۆ گوتووە.

نلیسا: کەسایەتییەکی پیرۆزە بۆ هەموو کەسێک.

**وارڤین: گەر پاڵپشتێکی سەرەکیت نەبێ کاری هونەری ناکرێ، ئەو پاڵپشتەت کێیە؟**

ناسلی: مامۆستا هەڵکەوت زاهیر.

نلیسا: لەڕاستی ئەم کارە تەنیا بە مامۆستا هەڵکەوت زاهیر دەکرێ و جێی دەستخۆشییە چەندینی وەک منی دروستکردووە، هیوادارم پشتگیری تەواو بکرێت و لەکارەکەی تێبگەن، نەک هەر ڕەخنەی لێبگرن و حکوومەتیش دەبێ تێگەیشتنی بۆ داهێنەرێکی وەک مامۆستا هەڵکەوت هەبێت و زەمینەی بۆ خۆشبکات چونکە ئەوە ئێمە پێشدەخات و کاری جوانمان بۆ دەکات.

**وارڤین: ئەگەر گوڵێکی سوورت لابێ لە یەخەی کێی دەدەیت؟**

ناسلی: ئەوکات ئەزانی کە پێمبێ گوڵەکە لەیەخەی کێ دەدەم، بەڵام بۆ جەماوەرەکەشم یەکە بە یەکەیان، چونکە هەموویانم خۆشدەوێ.

نلیسا: هەموو ئەوکەسانەی منیان خۆشدەوێ.

وارڤین: پێناسەی ئەم وشانە بە دێرێک.

ناسلی: گۆرانی: هەموو ژیانم.

مۆسیقا: خۆراکی مرۆڤەکانە.

کوردستان: دایکی دووهەمی منە زۆرم خۆشدەوێ.

ماچ: هەستە

خۆشەویستی: جوانییە، ژیانە

گوڵ: جوانەو ئارامییەو میوانێکی جوانە

نلیسا: گۆرانی: خەونی ژیانم کەمامۆستا هەڵکەوت زاهیر هێنایە دی.

مۆسیقا: وەک نانخواردن پێویستە بۆ مرۆڤ.

کوردستان: وڵاتمەو بێئەو ناژیم

ماچ: تیگەشتنە بۆ هەردوو لا

خۆشەویستی: واتای ژیان و هەموو شتێکی جوان

گوڵ: جوانی.

**وارڤین: هاوکات لەگەڵ پرسیارە دوانەییەکان، نلیسا وەڵامی چەند پرسیارێکی دیکەی وارڤینی دایەوە.**

**وارڤین: وەک کچێکی کورد دەتەوێ هونەر لە خزمەتی لاوانی کورد چۆن بەکاربێنی؟**

نلیسا: دەمەوێ دڵی گەنجان خۆشبکەم، گوێگرتن لەکارەکەم جێگای خوی بگرێت لەناویاندا. گەنجی ئێمەش ئەوستایلانەی هەبێت کە حەزی پێدەکەم.

**وارڤین: ئەو هەموو سۆز و خۆشەویستییە لەبەرهەمەکانت، کێیە ئەو کوڕەی دڵە پڕ لە سۆزەکەتی بردووە، یاخود مەرجی تۆ چییە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر؟**

نلیسا: جارێ هیچ مەرجێکم نییەو هەموو خەڵکی کوردستانم خۆشدەوێ

**وارڤین: لەو ماوەیەدا ٢ گۆرانیبێژی کچ وازیان لەگۆرانیوتن هێناوە، تۆ ڕات چۆنە لەسەر ئەو کارانە؟**

نلیسا: من تەنیا خەرکی کاری هونەری خۆمم پەیوەندیدار نیم بەهیچ هونەرمەندێکەوە لەڕێزو خۆشەویستی زیاتر.

**وارڤین: دەگوترێ کچی کورد بوێر نین، تۆ بەچی وەڵامی ئەو قسەیە دەدەیەوە؟**

نلیسا: وانییە کچی بوێرمان زۆرە... ناسلی ئازا نییە!؟



www.netewe.com

# ئاورێک لەمێژووی هونەری موزیک

## ئیگۆر فیدۆرۆڤیچ ستراڤینسکی





سامان عەلی سابونچی

**وارڤین:**
**دایکی حەز بەکارەکەی ناکات و هەڵسووکەوتی باوکی لەگەڵیدا زۆر توند دەبێت. لەرووسیا لەدایکبووە. دواتر ساڵی ١٩٣٤رەگەزنامەی فەرەنسی و ساڵی ١٩٤٥ رەگەزنامەی ئەمریکی وەرگرتووە. بەیەکێک لەداهێنەرانی موزیکی کلاسیک و بەڕێوەبەری ئۆرکێسترا هەژماردەکرێت، هەر لەمنداڵییەوە ژیانێکی سەخت بەسەردەبات.**

ئیگۆر فیدۆرۆڤیچ ستراڤینسکی، لە ١٧ی حوزەیرانی ١٨٨٢ دا، لەشارۆچکەی ئۆرانییێنباوم (ئێستا لۆمۆنۆسۆڤ)، نزیک شاری سان پیترۆبورگی روسیا لەدایکبووە. منداڵی سێهەمی چوار برا بووە. دایکی ئاننا چۆلۆدۆڤسکی، بەردەوام دژی خولیاو کاری کوڕەکەی بووەو پێیگوتووە کە لێیتێناگات. باوکی فیدۆرۆڤیچ گۆرانیبێژی کلاسیکی وەک یەکەم باس- باری تۆن (گڕ) بوو لەئۆرکێسترای هۆڵی مارییێنکی شاری سان پیترۆبورگ. لەگەڵ ئەوەی خولیاو ئارەزووەکانیشیان یەکیاندەگرتەوە لەموزیک، وێنەکێشان، ئەدەبیات....هتد، هێشتا هەر رێکنەدەکەوتن و زۆر دووربوون لەیەکتر و زۆرجار ئیگۆر، لەلایەن باوکییەوە ئازاردان دەدرا. کارەکەی باوکی نزیکی دەکاتەوە لەموزیک و تەمەنی دوو ساڵان دەبێت، کاتێک گۆرانی دەڵێ، سەرنجی هەموو خێزانەکەیان رادەکێشێت بەدەنگە خۆشەکەی، لەمنداڵیدا وەک بەندکراوێک دەبێ لەماڵێکی گەورەداو رێگەی چوونەدەرەوەی نادرێت. ئەمەش دواتر هەمووی رەنگدانەوەی بۆ سەر ژیانی دەبێت.
لەتەمەنی نۆ ساڵیدا دەست بەوەرگرتنی وانەی پیانۆ دەکات و نۆتە فێردەبێت و کتێبخانەکەی باوکی سەرچاوەیەکی باشدەبن بۆ خوێندنەوەی پارتیتوری نۆتەی گۆرانییەکانی نووسراونەتەوە. دواتر وانەی هارمۆنیش وەردەگرێت، بەڵام دەوروبەرەکەی بەباوکیشیەوە گرنگی بەلێهاتوویی توانای موزیکی کوڕەکەیان نادەن و کاریگەرییان لەسەری نابێت. بۆیە کە دەگاتە تەمەنی ٢٠ ساڵی (١٩٠٢) لەکۆلێژی یاسایی زانکۆی سان پیترۆبورگ، خۆی ناونووس دەکات، بەشداری لەچەند وانەیەکی کەمدا دەکات و بەردەوام نابێت.

لەزانکۆ ئاندرێی کۆرساکۆف ( کوڕی نیکۆلای ریمیسکی کۆرساکۆڤ ١٨٤٤ — ١٩٠٨ مامۆستاو نووسەری بەناوبانگی موزیکی رووسی) دەناسێ و دەبنە هاوڕێی نزیکی یەک و ئەو گەنجە نووسەری موزیکە بەباوکی دەناسێنێت. ستراڤینسکی کارێکی نووسراوی خۆی نیشان دەدات، کە سەرنجی مامۆستا (ریمیسکی کۆرساکۆڤ) راناکێشێت و چەندین تێبینی دەداتێ بۆ باشترکردنی کارەکەی و رەخنەی زۆری لێدەگرێت. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ستراڤینسکی دروستدەکات و پەشیماندەبێتەوە لەچوون بۆ ئەو دیدارە.
دوای مردنی باوکی ستراڤینسکی بڕیاری تەواوی گرنگیدان بەخولیاکەی دەدات و بەردەوام وانە لای رمیسکی کۆرساکۆڤ وەردەگرێت و ناوبراویش، هەست بەزیرەکی و لێهاتوویی قوتابیەکەی دەکات و گرنگی تەواوی پێدەدات. لەهەمانکاتدا دەست بەئامادەکردنەوەی بەرهەمەکانی بتهۆڤن ( ١٧٧٠ — ١٨٢٧ نووسەری موزیک و پیانۆ لێدەری ئەڵمانی) و شوبێرت (١٧٩٧ — ١٨٢٨ نووسەری نەمساوی بەناوبانگی موزیک) دەکات و نمایشدەکرێن، ئەمەش جێگای خۆشحاڵی مامۆستاکەی دەبێت، تەنیا لەکاتێکدا مامۆستاکەی لێیناڕەحەت بووە، کاتێک سەربەخۆ هارمۆنی داناوە، جێی پەسەندی کۆرساکۆڤ نەبووە. گەنجێکی قسەخۆش و شیرین بووە لای هەموو ئەوانەی ناسیوویانەو بەخۆشحاڵیەوە یارمەتیانداوە.
لە ٢٤ی یەنیوەری ١٩٠٦ دا، لەگەڵ کاتێرینا نۆسێنکۆی ناسراو بە"کاتیا" ی ئامۆزای هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن و ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن، بەبێهەبوونی کێشەی ئابووری کە لەلایەن هەردوو خێزانەکەیانەوە هاریکاری کراون و لە ڤیللەیەکی خۆشی کەنار رووباردا، کەتەواو گونجاوە بۆ نووسینی موزیک

www.netewe.com



بەردەوامدەبن. دوای ساڵێک "تیۆدۆرێ"ی یەکەم کوڕیان لەدایکدەبێت و دواتر "لایدمیلا"ی کچیان و بەدوایدا دوو منداڵی دیکە بەناوەکانی "سڤیاتۆسلاڤ سۆیلیما ساڵی ١٩١٠" و "مەریا مێلێنا ساڵی ١٩١٤" لەدایکدەبن. یەکەمین کارە بەناوبانگەکانی ستراڤینسکی لەمانگی مەی ١٩٠٨ دا "یاری ئاگرین" بەرهەمێکی کورتی ئەم گەنجە ئۆپێرا نووسە بووە، بەڵام ئاستێکی هونەری و تەکنیکێکی سەرنجراکێش نمایشدەکات کە کەسایەتی بەهێزی خۆی نیشانداوەو کردوویەتە دیاری کچی مامۆستاکەی (کۆرساکۆڤ) بەبۆنەی شووکردنی "نشدێزدا"ی کچیەوە بۆ ڕۆژی چوونە مانگی هەنگوینی.

لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا ستراڤینسکی بەکارەکانی چەندین خەڵاتی گرنگی بەدەستهێناوە، بەهۆی هاریکاریکردنی "سێرجی دیاگیلێڤ" کە خزمێکی دووری بووەو دە ساڵ لەو گەورەتر بووە، توانیویەتی بەردەوام کاری باشتر پێشکەشبکات و ئامادەباشی ڕێکخستنی کۆنسێرتەکانی بکات و ناوبانگ پەیدا بکات.

لە ئەپریلی ١٩١٠ دا، لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا، ئۆپێرایەک دەنوسێت بەناوی "چۆلەکەی ئاگراوی" کە ماوەکەی ٤٥ خولەک دەبێت (پێشتر هەرگیز پابەند نەبووە بەکاتەوە)، و لە مانگی مەی هەمانساڵدا کارەکە تەواو دەکات و بەرەو پاریس بەڕێدەکەوێت، بۆ نمایشکردنی. ئەنجامێکی زۆر باش بەدەستدەهێنێت و لەناو ئامادەبوواندا کەسایەتی گرنگ و موزیسیانی بەناوبانگ ئامادەدەبن و دەبێتە جێی سەرنج و دەرخستنی توانای هونەری لەوبوارەدا.

پاشان لە پاریس دەمێنێتەوەو چەندین کاری دیکە ئەنجامدەدات لەماوەی دووساڵدا لەهەموو ئەوروپا دەنگدەداتەوەو بەگەنجترین نووسەری ئۆپێرای ئەو سەردەمە هەژمار دەکرێت.

لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤) و دواتر شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، سێ ڕووداو گۆڕانکاری تەواو بەسەر ژیانی ستراڤینسکیدا دەهێنێت. مردنی یەکێک لەبالێتەکانی (بێرتا) و مردنی خۆشەویسترین برای و گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بۆلشەڤیەکانەوە لەڕووسیا، ئەو چەندساڵە کارەکانی هەمووی ستایلی ڕووسی بوون، خێزان و منداڵەکانیشی دێنە پاریس و یەکدەگرنەوەو بڕیاری نەگەڕانەوە دەدات و ڕەگەزنامەی فەرەنسی وەردەگرێت.

ستراڤینسکی لە پاریس لەساڵی ١٩١٣ دا "کۆکۆ شانێل" (ئافرەتێکی دەوڵەمەند و ناسراو بووە) دەناسێت، یەکەمجار لە کۆنسێرتێک ئامادەدەبێت و پێی سەرسامدەبێت، دوای ماوەیەک پەیوەندی نێوانیان، لەیەکتر دووردەکەونەوە، دوای سێزدە ساڵ یەکتر دەبیننەوە، کاتێک ستراڤینسکی باری ئابووری و دەروونی زۆر خراپ دەبێ و بێپارە دەبن، کاتیای خێزانی دووگیان دەبێ و تووشی نەخۆشی سیل بووە، کۆکۆ هاریکاریان دەکات و ڤیللە دێ گارشێ کە هی خۆی دەبێت، دەیانداتێ و ستراڤینسکی دەست بەکارەکانی دەکاتەوەو کاتیای خێزانیشی چارەسەری باشتر وەردەگرێت و ئاسوودەتر دەبن.

ستراڤینسکی لەساڵی ١٩١٤ دا دەچێتە سویسراو جێگیردەبێت تاساڵی ١٩٢٠ دەگەڕێتەوە پاریس، دووبارە سێ ڕووداو کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیان و کارەکانی دەبێت، مردنی "لایدمیلا"ی کچی (١٩٣٨) و کاتیای خێزانی (١٩٣٩)و دواتر دایکی.

ساڵی ١٩٣٩ ستراڤینسکی بەرەو ئەمەریکا دەچێ و جێگیر دەبێ و لەساڵی ١٩٤٥ دا ڕەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێت. سەرەتا ستراڤینسکی تێکەڵی ئەو پەنابەرانە دەبێ، کە ڕووسین و چوونەتە ئەمەریکا، ئەمەش دواکەوتن لەکارەکەی و زەرەرمەند دەبێت لەو پەیوەنیکردنەدا و دووباره باری ئابووری خراپ دەبێت.

ستراڤینسکی ساڵی ١٩٣٦ پەرتووکێک دەنووسێت، بریتی دەبێ لەبیرەوەریەکانی و ستایلی کارکردنی و ئایدۆلۆژیای ئەو وانانەی لەماوەی مامۆستایەتی لەهاردۆرد گوتبوویەوە، هەروەها بەداهێنەری تێکەڵکردنی موزیکی فۆلکلۆری میللەتان بەموزیک و ئۆپێرای کلاسیک لەسەدەی بیستەم دادەنرێت.

ساڵی ١٩٤٨ پەرتووکی فەلسەفەی موزیکی مۆدێرن دەنووسێت، ساڵی ١٩٦٢ پێشنیازی بانگهێشتێک پەسەنددەکات بۆ ڕوسیاو چەند کۆنسێرتێک پێشکەشدەکات و ڕێزی لێدەگیرێت.

ستراڤینسکی لە ١٦ی ئاپریلی ١٩٧١ دا لەتەمەنی ٨٨ ساڵیدا، بەسەکتەی دڵ کۆچی دوایی دەکات. تەرمەکەی دەبرێتە ئیتالیاو لەدورگەی سان میکێلێ لەنزیک ڤێنێسیا بەخاکدەسپێردرێت و لەدوای خۆی، ٩ ئۆپێرا بۆ شانۆ، ١٢ ئۆپێرا بۆ بالێت، ١٠ پارچە موزیک بۆ ئۆرکێسترای ژێدار،١١ موزیکی کۆرالی و ١٠ موزیکی کۆرالی ژێدار، ٩ کۆنسێرت بۆ پیانۆ و ئۆرکێستراو ١٤ سەمفۆنی بۆ هەوادارانی موزیک و قوتابیانی ئەمبوارە جێهێشت.

## ماڵی تارمییەکان

# دڵڕەقی باوکێکی توندڕەو سەرچاوەی تێکشکاندنی خێزانە

سیروان رەحیم

* ماڵی تارمییەکان بەڕاستی پێشانماندەدات دڵـڕەقـی چـەنـد تـرسـنـاکـەو دەکـرێـت چەند سەرچاوەیەکی گەورەی بەڵا بێت بۆ مرۆڤی دڵڕەق خۆی و بۆ دەوروبەرەکەیشی.

* فیلمێک لەسەرەتاوە تا کۆتایی قسە لەگەڵ ژێیە ناسک و هەستیارەکانی دەروون و هەناودا دەکات.

ناوی فیلم: ماڵی تارمییەکان

ناوی ئۆرژینال:

The House of the Spirits

سیناریۆ: بایل ئاوگوست

دەرهێنان: بایل ئاوگوست

شوێنی وێنەگرتن: ئەڵمانیا، دانیمارک، پۆرتۆگال، ئەمریکا

ساڵی پێشاندان: ١٩٩٣

کامێرا: یۆرگەن پێرسۆن

موزیک: هانس تزیمەر

مۆنتاژ: یانوس بیلەسکۆڤ یانسەن

١٤١خولەک، ٣٥ ملیم، رەنگاوڕەنگ

زمان: ئینگلیزی

### دەستپێک

ماڵی تارمییەکان فیلمێکە لەرۆمانێکی خاتوونی نـووسـەر ئیزابێل ئـالـلـەنـدەوە وەرگـیـراوە. رۆژنامەنووس و نووسەر ئیزابێل ئاللەندە (١٩٤٢) ساڵی ١٩٨٢ رۆمانەکەی بڵاوکردۆتەوەو رۆمانەکە هەڵگری هەمان ناوە. ئەم رۆمانە باس لەدەمێکی درێژی ژیانی ماڵباتێک دەکات. باسی تەمەنێک لەئەندامانی ئەو بنەماڵەیە دەکـات لەوەڵاتی شیلی (باشووری ئەمریکا) لەبیستەکانی سەدەی بیستەوە تاکو سەردەمی کودەتای سەربازی لەساڵی ١٩٧٣دا. ئەو کودەتایەی بوو بەهۆی گرتنە جڵەوی دەســەڵات لەلایەن ژەنـەراڵ و دیکتاتۆر ئاوگوستۆ پینۆشێت(١٩١٥-٢٠٠٦) لە وەڵاتەکە. ناوبراو تاساڵی ١٩٩٠ وەڵاتەکەی بەشێوەی دیکتاتۆریکی دزێو بەڕێوەبرد و هەموو وەڵاتەکەی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی پاوان کردبوو. ئەو رژێمەی دیکتاتۆر پینۆشێت لەبواری سیاسی و ئابورییەوە لەلایەن وەڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پشتگیری لێدەکرا.

رۆمانەکە، بێگومان فیلمەکەیش، هاوتەریب باس لەژیانی ئەندامانی ئەو ماڵباتەو گوزەرانیان لەسێبەری گۆڕانکارییە سیاسییەکانی وەڵاتەکەدا دەکـات. ئاماژەی گرنگە بەخەونی مرۆڤەکان، هیواکانیان، هەڵسووکەوتیان بەرانبەر بەیەکتر و گرنگیدانیان بەپەیوەندی و بەکار و ژیانی رۆژانەوە لەژێر سێبەری سیاسەت و گۆڕانەکاندا. نووسەرەکە ژیاننامەی ئـەو کاراکتەرانەی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش هەڵکشاندووە، هەڵکشاندنێک هاوکاتە لەگەڵ رووداوە گرنگەکانی وەڵاتەکەدا. ئەو رووداوانەی چارەنووسی هەمووان دەگۆڕن و بەسەر داهاتووی وەڵاتەکەوە کارادەبن.

ئیزابێل ئاللەندە، لە نووسەرە نێودارەکانی جیهانە. بەرهەمەکانی تائێستا بە ٢٧ زمان هەن و نزیکەی ٥١ ملیۆنیان لێفرۆشراوە. ئەو نووسەرە بـرازای سەرۆکی پێشووتری شیلی سالڤادۆر ئاللەندەیە. سالڤادۆر ئاللەندە (١٩٠٨-١٩٧٣) دکتۆر بوو. لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٣ سەرۆکی وەڵاتەکە بوو. ئەو پیاوە خوازیاری ئەوە بوو لەرێگەی دیمۆکراسییەوە کۆمەڵگەی شیلی بەرەو سۆسیالیزم ببات. بەڵام کودەتای سەربازی حکوومەتەکەی روخاند و هەر رۆژی کودەتاکە خۆیشی ژیانی لەدەستدا.

### ناوەڕۆک

بــەرلــەوەی ئـەسـتـەبـان، ببـێـت بـە ئاغاو دەوڵەمەندێکی دەسەڵاتدار، دەیەویست رۆزا ببێت بەهاوسەری. بەڵام پێویستبوو بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆش بۆ کچی ئەو ماڵە پوڵدارە خۆی دەوڵـەمـەنـد بکات. بێگومان ئەستەبان، بۆ ئـەوەی بەئامانجەکەی بگات، کاتی پێویستە. ئەوکاتەیش دیـارە کـەم نییە. تا ئەستەبان دەوڵەمەند دەبێت و بەمەبەستی خواستنی رۆزا روو لەو خێزانە دەکاتەوە، رۆزا دەبێت بەقوربانی ژەهرخواردکردنی باوکە سیاسەتڤانەکەی. کلارا کە خوشکی بچووکی رۆزایەو خاوەنی تایبەتمەندی و توانای تایبەتە، بینەری کوژرانی خوشکەکەی دەبێت و ئـەو کوشتنە دەبـێ بەهۆی ئەوەی بێدەنگ بێت و قسە لەگەڵ کەسدا نەکات. چونکە خۆی بەگوناهبار دەزانێت بەرانبەر بەو تاوانەی لە خوشکەکەی کراوە. بەڵام پاش چەندساڵێک لەو رووداوە، کلارا شوو بەئەستەبان-ی ئاغاو دەوڵەمەند دەکات. ئەستەبان لەسەر داخوازی کلارا خوشکەکەیشی دەگرێتە خۆیان کە ناوی فێرولا یە. فێرولا و کلارا پەیوەندییەکی قووڵی خوشکایەتی و خۆشەویستی لەنێوانیان لەگەشەی بەردەوامدایە.

ئێستەبان و کلارا پاش دەمێک کەنیشکێکیان دەبێت و نـاوی دەنێن بلانکا. بلانکا کچێکی ئازیز و نەشمیلە، هاورێی منداڵی ئەو کچە کوڕە هەژارێکە بەناوی پێدرۆ. بلانکا کچی ئاغایەو پێدرۆ-یش کوڕی پیاوێکی بەردەستی ئاغایە. بلانکا بەشێوەیەکی پڕ خۆشەویستی دڵی خۆی دەدات بەپێدرۆ. ئەستەبان، دەزانێ پەیوەندی ئەو دووانە بەرەو کوێ دەچێت، بۆیە دەیەوێ کچەکەی دووربخاتەوە. خوازیاری ئـەوە نییە کچەکەی ببێت بەهاوسەری کوڕە هەژارێک. ئەو بلانکا دەنێرێتە فێرگەیەک کە دەبێ شەویش لەوێ بمێنێتەوە. بەڵام بلانکا لە پشوو و کۆتایی



www.netewe.com

# ماڵی تارمییەکان



خوێندندا بەردەوام دەبێت لە بینینی پێدرۆ.
بیگومان بلانکا لەخوێندن بەردەوام دەبێت. پێدرۆ لەگەڵ باوکیدا وەکو لاوێکی بەگوڕ و پڕ وزە لە کن ئەستەبان کار دەکات. پێدرۆ هەرچەندە ناخوێنێت، بەڵام دەبێت بەکارکەرێکی هۆشیاری نێو کارکەران و نموونەی خۆشەویستی و ڕێز لەلای هەمووان.
پێدرۆ کارکەران لەدژی ئەستەبانی ئاغا هاندەدات. ئەویش بەبەرچاوی هەمووان و بەبەرچاوی باوکییەوە دارکاری دەکات و دەیشکێنێتەوە. بەڵام ئەو کارە دەبێت بەهۆی ئەوەی زۆرکەس لەو کارمەندانە دەست لەئەستەبان بەردەن و لێیدوور بکەونەوە.
بەڵام ئەستەبان، پیاوێکی دڵڕەق و توندڕەوە، لەوە پەڕگیرترە دەوروبەرەکەی لێی حاڵیبوونە. کۆمەڵێ ڕووداوی دژ و پێچەوانە ویست رووی تێدەکەن و ئەویش بەشێوەیەکی سەخت کاردانەوە پێشاندەدات، بۆ نموونە:
دەرکردنی فێرولای خوشکی کلارا لە ماڵ، کاتێک هەردووکیان پێکەوە لەناوی یەک نوێندا دەبینێت و گومانی خراپیان لێدەکات. ئاشکرابوونی پەیوەندی بلانکاو پێدرۆ، سەرشێتی دەکات و لەرقدا دەست لە بلانکا و کلارا دەوەشێنێت. کلارا کە بۆ ئەستەبان وازی لە بێدەنگی هێنا بوو، پاش ئەو لێدانە، بڕیاردەدات هەرگیز قسەی لەگەڵ نەکات و هەر وەهایش دەبێت، کە تا مردن کلارا قسە لەگەڵ ئەستەبان ناکات. کلارا ماڵ بەجێدەهێڵێت و دەگوازێتەوە ماڵە باوانی. ئەستەبان دەیەوێ پێدرۆ بکوژێت و بەو مەبەستە دەچێتە سەری، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی پەرجووئاسا رزگاری دەبێت. باوکی پێدرۆ، کە یەکێکە لەکارکەرە گرنگەکانی ئەستەبان ئەویش دەستی لێبەردەدا و لێی دووردەکەوێتەوە.

www.netewe.com

ئەستەبان لەو نێوەندەدا کە بووە بەسێناتۆر لە ڕێگەی کۆنزەرڤاتیڤەکانەوە، دڵخۆش و سنگ دەرپەڕیوە. بەڵام ئەوەی ئەو پیاوە جارێکی دیکە هاردەکات ئەوەیە، کە پێدەزانێت کچەکەی لە پێدرۆ دووگیانە. ئەستەبان دەیەوێت ئەو کارە وا نەڕوات. بە بلانکا دەڵێ:

"دەبێت شوو بکەیت بەدەوڵەمەندێکی فەرەنسایی کە قسەم لەگەڵ کردووە بۆ ئەوەی ئەو حەرامزادەیە ڕەوایەتی وەربگرێت". بەڵام بلانکا ڕووبەڕووی باوکی دەبێتەوەو دەڵێت:

"ئەوە یەکەم حەرامزادە نابێت، بەر لەو حەرامزادەمان هەیە لەبنەماڵەکەماندا".

بلانکا ئەوە بیری باوکی دەخاتەوەو وێرانیدەکات کە چۆن لاقەی ژنە کارکەرێکی خۆی کردووەو کوڕێکی بەناوی گارسیا لێ هەیە. ئەو کارەی کە هەمیشە ئەستەبان نکوڵی لێدەکرد. بێگومان بلانکا هەرچەندە کچی ئەو پیاوەیە، بەڵام دوو دنیای جیاواز بیرکردنەوەیانی لەئامێز ناوە. تێڕوانینی سیاسی و جڤاکیان زۆر لە یەکەوە دوورە. کاتێک باوکی بلانکا وەک سێناتۆرێک لە تەلەفزیۆن قسە دەکات و باسی دیمۆکراسی دەکات، بلانکا لە ماڵەوە لە پێکەنیندا پرزەی لێدەبڕێت، چونکە ئەو دیمۆکراسییەکەی باوکی لەهەموو کەس باشتر دەناسێت.

ساڵی ١٩٧٠ کە ئەستەبان ئیتر پیاوێکی بەساڵاچووەو ئاو لەدووی بێڵی نایەت، سەرباری شەکەتی، پارتە کۆنزەرڤاتیڤەکەی لەهەڵبژاردندا دەیدۆڕێنن، ئەمە بۆ ئەو کارەسات دەبێت. وەکو دنیا بەسەریدا ڕما بێت وەهایە. بۆیە ئەو بەخۆشحاڵییەکی بێوێنەوە پێشوازی کودەتای ١٩٧٣ی وەڵاتەکەی دەکات. بەڵام ئەستەبان زوو دەزانێت کە هەر حکومەتە چەپەکەی سالڤاتۆر ئالەندە لەکار نەخراوە، بەڵکو ئەو خۆیشی لەلێدراوەکانەوەو ئیتر کۆمەڵێ کەس لەکاردان کە ئەو ناناسن. پاشان گرتنی کچەکەیشی بەسەردا دێت. بلانکا بە هۆی ئەوەوە دەگرن کە ژنی پێدرۆیە. پێدرۆیش دیارە شۆڕشگێڕەو دژی کودەتاچییەکانە. بەڵام ئەستەبان ناتوانێ هیچ بکات. کاتێک دەچێت و وەک سێناتۆر خۆی پێیاندەناسێنێت، تەنانەت کلیلی ماشینەکەیشی لێدەسنن و بەپێ بەرەو ماڵی دەنێرنەوە. گارسیای کوڕە حەرامزادەکەی ئەستەبان لە کودەتاچییانەو دەستی باڵای هەیە لەئازاردانی خەڵکدا. ئەو کە لەڕێگەی ئەستەبانەوەو بەپارەی ئەو کەوتە نێو لەشکرەوە، کەچی ئێستا زڕخوشکەکەی خۆی ئەشکەنجە دەدات و ڕێبەزی دەکاتەسەر. دیارە وەک تۆڵەیەک لەئەستەبان بۆ ئەوکارەی کاتی خۆی لەدژی دایکی کردوویەتی.

بلانکا سەرباری ڕەوشی ترسناکی خۆی، ناچارە شوێنی خۆحەشاردانی پێدرۆ بە باوکی بڵێت. پێدرۆ ئەو دوژمنەی ساڵانێکی درێژە ئەستەبان تینووی خوێنییەتی، بەڵام ئەمجارە بلانکا لەو میحنەتەدا داوای لێدەکات و دەڵێت:

"باوە پێدرۆ ئیتر باوکی کچەکەمە، دەزانی چی دەڵێم؟ دەبێ ڕزگاری بکەیت".

بۆ ئەستەبانی دڵڕەق ئەوە وەکو خواردنەوەی ژەهرە، بەڵام دەیکات و ڕێگەی خۆدەبازکردن بۆ پێدرۆ بەرەو کەنەدا خۆشدەکات.

پاش ئەوەی بلانکا لە زیندان ڕزگار دەبێت، ڕۆژێک لەگەڵ باوکیدا، لەگەڵ ئەستەباندا، بەرەو ماڵە کۆنەکەیان لەدەرەوەی شار دەڕۆن. لەوێ ئەستەبان پاش ئاخهەڵکێشان و دڵسووتان بۆ یادگارییەکانی، لەناو دارو پەردووی ماڵ و یادەوەریدا گیاندەدات و دەمرێت، بەڵام بەر لەوەی تەواو گیانی خامۆش بێت، جارێک دی کلارا، کە بەر لەو مردووە، دێتەوە پاڵی و لەگەڵیدا ڕادەکشێت.

## ئاستی هونەری

ماڵی تارمییەکان فیلمێکە لەبەرهەمە زۆر تایبەت و جوانەکانی مێژووی سینەما. ماڵی تارمایی لەئاستێکی باڵای سیناریۆ، دەرهێنان، نواندن، وێنەو توخمەکانی دیکەی فیلمدا بەرهەمهێندراوە. فیلمێکە بینەر بەجارێک بینین دەستبەرداری نابێت و پاش یەکەم بینین، بینەر خوازیار دەبێت جاری دیکەیش لەگەڵ ئەو دیمەن و کاراکتەر و ڕووداوانەدا گەشتی ڕەنگینی ئەو فیلمە بژی. ماڵی تارمییەکان، یەکێکە لەو فیلمانەی شوێنی تایبەت لەبیرەوەری یارانی سینەمادا بۆ خۆی مەیسەر دەکات.

## ئەنجام

ماڵی تارمییەکان بەڕاستی پێشانماندەدات دڵڕەقی چەند ترسناکەو دەکرێت چەند سەرچاوەیەکی گەورەی بەڵا بێت، سەرچاوەی بەڵا بۆ مرۆڤی دڵڕەق خۆی و بۆ دەوروبەرەکەیشی.

فیلمێک لەسەرەتاوە تا کۆتایی قسە لەگەڵ ژییە ناسک و هەستیارەکانی دەروون و هەناودا دەکات. پاش بینینی ئەو بەرهەمە لەوەی تۆ وەکو بینەر بپرسیت:

ئەوە کارەکتەری ناو فیلمێکن یان خەیاڵەکانی خۆمان کاتێک دەدوێن؟

ئەوە کارەکتەری فیلمن یان ڕامانەکانی خۆمانن کاتێک ئێست دەکەین و بیر لەبوون و ژیان دەکەینەوە؟

نازانین کامیانن، بۆیە ئەو فیلمە چەندینجار لەسۆنگەی ئەو ئاستە نایابەوە بینەر بەرەو لای خۆی، بەمەبەستی بینینێکیتر ڕادەکێشێتەوە.



گرتەیەک لە فیلمەکە

www.netewe.com

# کە تووڕەم ئەکەیت لەهەموو دونیا تووڕە ئەبم...



نیشتمان بێنەوا ـ کفری

کات: ناوەندی وەرزی قەلەقی
شوێن: نازانم ئەم جێگایەم ناو بنێم چی؟
لە(نیشە)ەوە بۆ عاشقترین مرۆڤی زەوی
نشتیمان بێنەوا
شەوباش ئەی تاقانەترین بوونەوەر و ئەی یاساغترین یادەوەری،
پێشووترمدا کە بەوپەڕی تووڕەبوونەوە نووسیبووم و زۆر دڵڕەقانە هەرچی پیاوی لەنامەیەکی
دونیاش هەیە تاوانبارم کردبوو بەهۆی تۆوە. ئاخر کە تووڕەم دەکەی لە تۆ و
لەهەموو پیاوانیتر تووڕە دەبم ئەزانی بۆچی؟ چونکە من لەچاوی تۆوە ئەڕوانمە
هەموو پیاوانی دیکەو لەخۆشەویستی تۆ وە ناتوانم ڕقم لەهیچ پیاوێک بێ.
ئازیزم لەمچەند هەفتەی ڕابردوودا ماوەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی
مێیینە بوو. بیر لەوەمەکەوە کە ویستبێتم وەک قەڵەمێکی مێینە چەند دێڕێک
بۆ پیاوسالاری تۆمار بکەم. ئەگەریش بەخوێندنەوەی نامەکەم وا بیرتکردوەتەوە
بمبوورە!
گیانەکەم ویستم شتێکت بۆ ڕوونبکەمەوە، ئەم نامانەی کە بۆ تۆیان دەنووسم
شتێکی نامۆیە، کچێک لەم نیشتیمانەدا کە دەستیدایە قەڵەم ئەبێ دەربارەی
پیاوسالاری و ژنبوون و ڕقهەڵگرتن لەبنەماکانی پیاوبوون و... چوزانم هەندێ
شت بنووسێت، بەڵام من بەپێچەوانەی هەموو ئەمانەوە دێم بۆ خۆشەویستی
و ئەوینی پیاوێک بۆ خواستی ژیان لەگەل پیاودا ئەنووسم. بەڕای من قسەکردن
لەسەر خۆشەویستی و ئەوینێکی ڕاستەقینەو مامەڵەیەکی ناتوندوتیژی لەگەڵ
دەوروبەرماندا سوودی زیاترە لەوەی باس لەتوندو تیژی و ئازار و هەڵەکانی
دەوروبەر بکەین!
سەرەرای هەموو ئەمانە هەندێجار تووڕەشم ئەکەیت نامەوێ لێتبشارمەوە، من
بۆ ئەمەش خۆت بەبەرپرسیار ئەزانم چونکە کە یەکەمینجار لێت تووڕە بووم
پێتگوتم: چەند جوانی کە تووڕە ئەبیت. کە دەمووچاو ئەدەی بەیەکدا و خۆت
ناشیرین ئەکەیت، جوانتری لەهەموو کاتێک. دواتر لەمەسجێکدا پارچە شێعرێکی
ئاری عەبدولەتیفت بۆ ناردووم کە نوسیبووت:
کە تووڕە ئەبیت زۆر جوانی
ئەڵێی تریفەی شەوانی
دیارە لە پێکەنینیشا
هەر وەکو مانگ و تابانی
ڕەنگە ئاری ئەم شیعرەی بۆ تۆ نووسیبێ تا بۆ منی بنیری! منیش لە خۆشەویستی
و جوانی شیعرەکەدا حەزبکەم بەردەوام تووڕەبم ...باش! تووڕەبوونەکەشم
لێوانلێوە لە ئەوینی تۆ ئازیزگیان
دەی ئیتر تووڕەشم بکەی هەر خۆشمئەوێی.

# قسە لەسەر وشەیەک دەکەیت کە ماناکەی تێناگەیت!



عەدالەت عومەر

لەم رۆژانەی رابردوودا بەهۆی وروژاندن و تەفسیر و ناوهێنانی وشەی (جێندەر)، ئەم وشەیە بووە ناودارترین وشەکانی رێزمانی کوردی. لەکاتێکدا ئەم وشەیە لەبنەڕەتدا لاتینییە.

هەندێ لەمامۆستایانی ئایینی شاری هەولێر (سەر بەلایەنێکی ئیسلامی دیاریکراو) بەبێئەوەی بیربکەنەوە لەکاریگەریی و مەترسی بەکارهێنانی مینبەری مزگەوت بۆ کاری سیاسی و هاندانی خەڵک بۆ ئاژاوەو ناوزڕاندن، لەوتاری رۆژی هەینی ٢٠١٠/١٢/١٧، بەپشتبەستن بە نووسراوێکی چاپکراو لەلایەنێکی گومانلێکراو کە بەسەر ئەو گرووپە وتارخوێنی مزگەوتەکانی شاری هەولێر دابەشکرابوو، مینبەری مزگەوتەکانیان کردە سەرچاوەی تووڕەکردن و نیگەرانکردنی خەڵک و هەوڵیاندا بەتەفسیری سیاسییانەی خۆیان بۆ وشەی (جێندەر) خەڵکی شاری هەولێر بکەن بەگژ حکوومەت و پەرلەمانی کوردستاندا و جارێکی دیکە ئەو مافانە لەئافرەتانی کوردستان بسێننەوە کە دوای سالانێک ژنکوژی و پێشێلکردنی مافەکانیان کردوویانەتە برگەیەک لەیاسای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان. ئەم وشەیە کە لەبڕگەیەکی یاسای ناوبراودا هەیە هیچ پەیوەندییەکی بەشەرع و یاسای باری کەسێتی نییەو هەرگیز ئاماژە نییە بۆ شێواز و مافی هاوسەرگیری. هەروەک ئەو مامۆستا (هاندراوانە) لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە باسیان کردو ویستیان خەڵکی پێ هانبدەن.

زۆر بەداخەوە لەو وتارانەدا هەموو هێڵە گشتییەکان و سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ئەوقافیان بەزاند و هێرشیان کردە سەر پەرلەمان و حکوومەت و رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و چەندین دەستەواژەی ناشایستەیان لەسەر ئەو مینبەرە پیرۆزە بەکارهێنا کە مینبەری پێغەمبەری ئیسلامە (د.خ).

من دڵنیام هەندێک لەو وتارخوێنانە (حزبیانە)ی ئەم بابەتەیان لەناو نوێژخوێنان و خەڵکی هەولێر وروژاند ئێستاشی لەگەڵدابێت نە یاساکەی وەزارەتی رۆشنبیریان بینیوەو نەدەشزانن مانای (جێندەر) چییە. خۆشبەختانە ئەوەندەی پێنەچوو لێژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف لەپەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان لەروونکردنەوەیەکدا تێنەگەیشتنی ئەو (مەلا حزبیانە)یان روونکردەوە، بەڵام ئەم هێرش، هاندان، ناوزڕاندن و زیادەرۆییەی (مەلاکانی حزب) نەدەبوو هەروا تێپەڕبێت و من چاوەرێم دەکرد لانیکەم مامۆستایانی ناوبراو داوای لێبوردنیان لەوکەسانە بکردایە کە لەناو مزگەوتەکاندا ئامادەبوون و ماوەی وتارێکی رۆژی هەینی مزگەوتەکانیان بووە قوربانی تێنەگەیشتن و داواکاری حزبێکی ئیسلامی دیاریکراو. هەروەها پێویستە داوای لێبوردن لە ژنان و ئافرەتان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و وەزارەتی رۆشنبیری و پەرلەمانی کوردستانیش بکەن. پێویستە وەزارەتی ئەوقافیش لەمەودوا لەمجۆرە هاندان و پێشێلکارییانەی کەسانێکی حزبی کە بەرگی مامۆستای ئایینی پۆشیوەو مینبەری مزگەوت بۆ مەبەستی سیاسی و تایبەتی بەکاردێنێ، بێدەنگ نەبێ و زۆر بەراشکاوی پێیانڕابگەیەنێت کە وەزارەت و حکوومەت لەسەر بنەمای یاسا و رێنماییەکان و بەدەنگی خەڵکی کوردستان دامەزراوەو شکاندنی ئەم یاساو رێنماییانە لەهیچکەس قبووڵ ناکرێت و ئەوانەی قبووڵیان نییە با مزگەوتەکان بەجێبێڵن و برۆن لەکەناڵە حزبیەکانییانەوە خەڵکی هانبدەن و چەواشەیان بکەن.

www.netewe.com

www.netewe.com

www.netewe.com